# ئاوڕدانەوەیەک لە
# ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتناسی

بسم الله الرحمن الرحيم

پرۆژەی بیری میانڕەو (61)

# ئاوڕدانەوەیەک لە
# ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتناسی

نووسینی:
ئەمجەد شاکەلی

ناوی کتێب: ئاوڕدانەوەیەک لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتناسی

بابەت: هزری

نووسەر: ئەمجەد شاکەلی

دیزاینی بەرگ: ئیسراء کەمال

دیزاینی ناوەوە: هاوسانی

بڵاوکار: ڕێکخراوی هاوسانی و ناوەندی ڕێنوێن

کەرەتی چاپ: یەکەم (2021)

سەرپەرشتیی چاپ: ناوەندی ڕێنوێن

تیراژ: (500) دانە

نرخ: (2500) دینار

ئەندازەی لاپەڕە: (12×19.5) سم

ژمارەی لاپەڕە: (117)

ژپنک (ISBN): (978-9922-626-97-0)

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (1123)ی ساڵی (2021)ی پێ دراوە

**مافی لەچاپدانەوە پارێزراوە ©**

**ناوەندی ڕێنوێن**

07701932749 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

**هاوسانی**
**بۆ پەروەردە و مەعریفە**

www.hawsani.org

Hawsani :: هاوسانی

facebook.com/miyanrewi

t.me/hawsani

باشووری کوردستان

# پێڕست


بەراییەک ................................................................................................ 9

ئاوڕدانەوەیەک لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتناسی ...................................... 11

بیرکردنەوەی مرۆڤێکی ئەوروپایی ..................................................... 11

دیدی کوردێک ........................................................................................ 14

چەمکی ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتناسی، ڕۆژهەڵاتناس و پێناسەکانیان .. 15

پێناسەی ڕوودی پارت(Rudi Paret) ................................................. 16

پێناسەی ئەلمونجید(المنجد) ............................................................. 16

پێناسە و دیدی ئیدوارد سەعید(Edward Said) ............................ 17

پێناسەی مالیک بن نەبی(مالك بن نبي) .............................................. 20

توێکاری ................................................................................................ 21

ڕۆژهەڵاتناس کێیە؟ ............................................................................. 22

دەستپێکی ڕۆژهەڵاتناسی، خاچهەڵگران و سەلاحەددینی ئەییووبی ........................................................................................................ 23

مەکسیم ڕۆدنسن(Maxime Rodinson) ........................................... 27

پاڵنەرەکانی پشتەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ............................................... 28

هەڵە و کێماسییەکانی جیهانی ئیسلامی، ڕێگەخۆشکەرن بۆ ڕۆژهەڵاتناسی ........................................................................................ 31

کارڵ مارکس(Karl Marx) ................................................................ 33

موژدەدەر و حوکوومەتانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتناسی ............................ 35

چۆنیەتی و شێوازی کاری ڕۆژهەڵاتناسان ........................................ 37

کاری بانگخوازی، موژدەدەران و شێوازی کارکردنیان ...................... 41

دابەشکردن و پۆلێنکردن لە جیهانی سێیەم و ئیسلامیدا .................. 46

کەسانێکی ڕۆژهەڵاتناس ..................................................................... 48

ڕۆژهەڵاتناسانێک لەمەڕ کوردەوە دواون ........................................ 51
ئیسلام لە چاوی ڕۆژهەڵاتناسانەوە .................................................... 52
نموونەگەلێکی بەرخوردی ڕۆژهەڵاتییانی موسوڵمان لە ڕۆژاوا ...... 54
چوارگۆشەیی .............................................................................. 56
ڕۆژهەڵاتناسان، چۆن دەنۆڕنە عەرەب ................................................ 59
ئایینی ئیسلام و پەیامهێنی ئیسلام لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە ....... 61
قورئان و برێک نۆڕینی جیاواز ............................................................ 65
ڕۆژاواییان، چ جۆرە ئیسلامێکیان پێ باشە و نەیاری کامیانن .......... 68
پەسندان، ڕەخنە، هەمیشە خوێندنەوەی نوێ بۆ ئیسلام ................. 70
ترس لە ئیسلام، ئیسلامۆفۆبیا (Islamophobia) ............................... 73
ڕۆژاوا و ڕەگەزپەرستی ...................................................................... 75
سەری مارەکە سەرمایەدارییە ........................................................... 80
سنووربەزێنەکان ............................................................................... 83
لەیف(Leif)، سنوور دەبەزێنێت ........................................................... 87
ژیان بە جیاوازییەکانیەوە جوانە ......................................................... 92
ڕۆژهەڵاتییانیش کاری ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژاواییەکان دەکەن ............ 93
فرەیەتیی ناسنامە ............................................................................ 104
سەرمایەداری و ئامانجەکانی ........................................................... 106
شێوازی کاری هەندێک گرۆ و دەستەگەلێکی ئیسلامی لە ڕۆژاوادا ........................................................................................ 109
دوا وشە ........................................................................................ 111

هەمیشە لە دڵمدا مەزنن، هەمیشە لە چاومدا هێژان، بۆ مامۆستایانم:

- مەلا ئیسماعیل ئیبراهیم جاف.
- حوسەین عەلی ئەلبەیاتی(حسين علي البياتي).
- نوعمان ئەحمەد ئەلحاج عوریان(نعمان أحمد الحاج عريان).
- حەسەن بەگی عەلی بەگی حەمەڕەشید بەگی سلێمان بەگی حەمەپاشای جاف.
- کەمال موحەممەد ئیبراهیم.
- فائیق عەزیز ئەلوەنداوی(فائق عزيز الونداوي).
- تالیب ڕەئووف ئەلوەنداوی(طالب رؤوف الونداوي).
- نەجمەددین ئەلڕاوی(نجم الدين الراوي).
- ئیبراهیم عەتتووف جەعفەر کوببە(إبراهيم عطوف جعفر كبة).

## بەراییەک

لەنێوان 24-27ی سێپتەمبەری 2020دا، ڕێکخراوی هاوسانی بۆ پەروەردە و مەعریفە، لە مێرگەپانی سلێمانی، لەژێر ناوونیشانی «بۆ پاراستنی ناسنامەی ئیسلامیمان دەبێت خۆمان و نەیارانیشمان بناسین»دا، خێوەتگەیەکیان بۆ کۆمەڵێک لاو ڕێک خست. کۆمەڵێک خەڵک لەسەر مژار و بابەتی جیاجیا قسەیان تێدا کرد. مامۆستای هێژا قانیع خورشید، کە هاوڕێ و دۆستێکی خۆشەویست و میهرەبانمە، بە گەورەیی خۆی، چەند ڕۆژێک پێش ئەو جڤینە، بەندەیشی بەسەر کردەوە و پێوەندی پێمەوە کرد، کە ئەگەر بکرێت بابەتێک لەمەڕ ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسان و پێوەند بە جیهانی ئیسلامییەوە، ئامادە بکەم و وەک ڤیدیۆیەک بینێرم و لەوێ لەو خڕبوونەوەیەدا پێشان بدرێت. دیارە من ماوەیەکی کەمم لە بەردەستدا بوو، چون باسی ڕۆژهەڵاتناسی و جۆری کارکردنی ڕۆژهەڵاتناسان، ئەگەر بۆ ئەوە بێت، بابەتێکی ئەکادیمیی لەسەر ئامادە بکەیت و ئەگەر مرۆڤ بە جیددی خۆی لە قەرەی بدات، کارێکی زۆر و خۆئامادەکردنی دەوێت، کە مەگەر بە هێژایەکی وەک ئیدوارد سەعید کرابێت، وەلێ

خۆشـــبەختانە مامۆســـتا قـــانیع، مـــاڵی ئـــاوا بێـــت، بە نائەكـــادیمییەتی كـــارەكەم قایـــل بـــوو و منـــیش هەر وا هـاكەزایی، برێـک سـەرنج و سـەرەداوم ئامـادە كـرد و لە شێوەی ڤیدیۆیەكدا بۆ مامۆستا قانیعم نـارد و ئەوانـیش لە یەكێک لە ڕۆژانی ئەو گردبوونەوەیەدا پێشانیان دابوو.

ئەوەی لەم ڕووپەڵانەدا گوتراون، هەر ئەو قسـانەن، لە ڤیـدیۆكەدا كـراون. پـێش ئەوەی بـۆ دواجـار بـۆ خـۆم، لە زمانی ئاخـافتنەوە بیگـۆڕم بـۆ زمـانی نووسـین، مامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمەد، شێوازە زارەكییەكەی، وەک خۆی خستە سـەر كـاغەز و مامۆسـتا عەلـی حوسـەین، بە تێبینـی و سـەرنجە وردەكـانی كۆڵێـک كـۆمەكی پـێ كـردم. مانـدوو نەبن، دەستیان نەڕزێن و ماڵیان ئاوا بێت. وەک نـاوەڕۆک، تێبینی و خوێندنەوەیەكی گشتییە لەمەڕ ئەو بـابەتە، بەڵام باسـكردن لە ڕۆژهەڵاتناسـی، مـرۆڤ دەبـاتەوە بـۆوەی سـەرمایەداری، لیبراڵیـزم، نیـولیبراڵیزم، كۆڵۆنیـالیزم، گڵۆبـالیزم و چەردەیەک ئیـزم و لـۆگیی دیـكە بەسـەر بكـاتەوە. ئەوەی بەنـدە كردوویەتـی و گوتـوویەتی، تێكەڵەیەكە لە برێک بابەت، كە هەر وا سـەرپێیی بە لایانـدا تێپەڕیوم و برێک ئەزموون و دیتنی تایبەتی خۆمم تـێكەڵ كردوون و هەوڵیشم داوە، بە كوردستانی لەمەڕ خۆمانەوە گرێیان بدەم.

ئەمجەد شاكەلی

20ی ئوكتۆبەری 2020

## ئاوڕدانەوەیەک لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتناسی

**بیرکردنەوەی مرۆڤێکی ئەوروپایی**

پێش ئەوەی بچمە نێو باسەکەوە، دەمەوێت شتێک بڵێم، شتێک دەربارەی بیرکردنەوەی مرۆڤێکی ئەوروپایی، مرۆڤێکی ڕۆژئاوایی و جیهانبینیی ئەو، کە چۆنە. مەبەستم مرۆڤێکی ئاساییە، نەک مرۆڤێک، لە سەری سەرەوە بێت، لە لوتکە بێت یا فیلۆسۆف و بیرمەند بێت. من تازە هاتبوومە سوێد، هەر حەوت هەشت مانگێک بوو لێرە بووم، هێشتا نەبووبووە ساڵێک، سەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی پێشوو بوو. کە هاتمە ئێرە، وەک هەموو پەنابەر و بیانییەکی تازەهاتوو، دەبوایە بچمە خولی زمان، هەڵبەت بۆ ئەوەی شتێک فێر بین و دوایی بچینە بازاڕی کارەوە و کار بکەین. لە خوێندنگەیەک دەمخوێند، مامۆستایەکم هەبوو ناوی کریستەر(Krister) بوو، واتە: ناوە گچکەکەی، پاشناوەکەیم نایەتەوە یاد. کریستەر، سوێدی بوو، پیاوێکی قژزەردی چاوشین، وەک هەموو سوێدییەکی تر. مامۆستایەکی باش بوو، تەمەنی ئەو کاتە پەنجا ساڵێک دەبوو. ئەم پیاوە لە پۆلەکەدا جگە لە وانەوتنەوە، جاروبار قسەی تریشی دەکرد، کە هەڵبەتە

پۆلەکەمان تێکەڵ بوو، نەک هەر پۆلەکەی ئێمە، بەڵکوو هەموو ئەو پۆلانەی، کە وەک ئێمە دەیانخوێند، تێکەڵ بوون لە کۆمەڵێک خەڵکی جیاواز. پۆلەکەی ئێمە خەڵکی ئەمەریکای لاتینی، ئەفریقی، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی، وەک عەرەب و کورد و فارس و ئازەری و تورک، هەندێک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایی، ڕووس و هیی دیکەشی تێدا بوون. واتە: تێکەڵ بوو و بە زمانی جیاواز قسەمان دەکرد. منیش ئەو کاتەی کە لەوێ بووم، بڕێک سوێدی فێر بووبووم، هۆڕی خۆم لە ئاو دەردەهێنا و گروگاڵێکم پێ دەکرد، نەک بە تەواوی، بەس دەمتوانی چارەسەری هەندێک شتی خۆم بکەم. جارێکیان، کریستەر باسی ئەوروپای کرد، باسی ژیانی ئێرەی کرد، باسی مرۆڤی ئێرەی کرد، وتی: من ئەگەر ڕووداوێکی خراپ، جەنگ یا تەنگانەیەک بێتە پێشەوە، یەکەم شت کە بیری لێ دەکەمەوە خۆمم، ئەگەر نانێکم هەبێت، پاروەوە نانێکم هەبێت، یەکەم جار بۆ خۆم هەڵیدەگرم، دوای خۆم بیر لە ماڵ و منداڵ و خێزان دەکەمەوە، دوای ئەوان بیر لە کەسە نزیکەکانی خۆم و ئەوجا هاوڕێ و برادەرەکانم دەکەمەوە، دوای ئەوان بیر لە گەڕەکەکەم و دوای ئەوان بیر لە شارەکەم، شاری ستۆکهۆڵم، دەکەمەوە، دوای شارەکەم بیر لە سوێد دەکەمەوە، دوای ئەو وڵاتانی سکەندیناڤیا، دواتر بیر لە نووردن (واتە: باکووری ئەوروپا) دەکەمەوە، دوای نووردن بیر لە ئەوروپا دەکەمەوە. ئیدی وەستا، منیش گوتم ئەی دوای ئەوروپا؟ گوتی: دوای ئەوروپا بۆ

مـن تەواو! شـتێکی تـر نییـە بـۆ مـن. وتـم، واتە: لەودیـو ئەوروپاوە هیچ نییە، جیهانێکی تـر، خەڵکێکـی تـر، مرۆڤـی تر! وتی: نا، هەشبن بۆ من گرینگ نین، کۆتا سنووری مـن چوارچێـوەی ئەوروپـایە. دیـارە ئەو بازنەکـانی دەژمـارد، بازنەی خۆی، بـازنەی مـاڵ و منـداڵ و خێـزان، هـاوڕێ و دۆسـتان، سـتۆکهۆڵم، سـوێد، سـکەندیناڤیا، دوا بـازنەیش ئەوروپا. واتە: بازنەکـان وردە وردە پـانتر دەبـوونەوە، لـێ کۆتـا پـانییەکەی دەگەیشـتە ئەوروپـا و ئیتـر تەواو. ئیتـر لەوێدا دەوەستا و دوای ئەوروپا، بازنەی دیکەیان وەدوودا نەدەهات.

مــن ئەمەم زۆر بە لاوە ســەیر بــوو. ئەو پیــاوێکی خوێنــدەوار بــوو، مامۆســتا بــوو، لێـرە بڕوانـامەی بەرز دەهێنن ئەوجا دەبنە مامۆستا. من زۆرم پێ سـەیر بـوو و پرسـیارێکم لا دروسـت بـوو، دەمگـوت تـۆ بڵێیـت هەمـوو مرۆڤـی ئەوروپـایی ئـاوا بیـر بـکەنەوە؟ خـۆ ئەگەر وا بیـر بــکەنەوە، ئەدی چــۆن ئەمــانە دەچــنە دەرەوە، گەشــتی شــوێنان دەکەن! ئەمەم بە لاوە سـەیر بـوو، لە مێشـکمدا مابووەوە، تا ئێستایش هەر ماوە و کاریگەریی هەیە. تۆ کە یەکەم جار دێیتە وڵاتێـک، بە تـۆ نـامۆیە، هەمـوو شـتێکی نامۆیە، بە تایبەت فەرهەنگەکەی، کاریگەریی هەر لەسەرت دەمێنێت. ئەمە بیرکردنەوەی کەسێک بوو بەو جۆرە.

هەر کریستەر دەیگێڕایەوە، کە بیست سی ساڵێک پێش ئەوە، کە ئەو لە تەمەنــی هەرزەکاریــدا بــووە، مرۆڤــی

پێسترەشی ئەفریقییان بینیوە. ئەفریقییەکان کە هـاتوونەتە ئەم وڵاتە، دیارە کارگەر یا دیپلۆماتکار بوونە، یا بە سـەفەر یا بە شێوەیەک لە شێوەکان هاتوون. ئەو کە بۆ نموونە لە کۆڵان، دوکانێک، بازاڕ یا لە شوێنی کار بینیونی، دەیگـوت: لێیان نزیک دەکەوتمەوە و دەسـتیانم دەگـرت و دەسـتم لە دەسـتیان دەخشـاند. وام دەزانـی بە ڕەنگـی ڕەش، ڕەنـگ کراون، واتە: ڕەنگێکـی زیـادەیە بەسـەر پێسـتیانەوە، وەک بڵێیت بە فڵچە بۆیە کرابێت، یـا بـۆ خـۆی بـۆیەی کردبێـت، لەوانەیە ئەگەر بیکرێنێـت ئەو ڕەنـگە لابچێـت! دەی دیـارە لاناچێـت، ڕەنگـی پێسـت هەر بـۆ خـۆی وایە و خـودا وا دروسـتی کـردووە. ئەمەش بیرکردنەوەیەکـی سـادەی مرۆڤێکـی ئەوروپـایی بـوو لەو سـەردەمەدا. ئێستایشـی لەگەڵ بێت، ئەو ڕەنگی پێستە ناسپییانە، لەکن زۆرێـک لە ئەوروپاییان نامۆن.

**دیدی کوردێک**

هەر لە میانەی ئەم قسانەدا دەتوانم باسی شـتێکی تـریش بکەم، کە لەو باسەوە نزیکە، بەڵام لە ڕەهەندێکی دیکەوە. پیـاوێکی کوردمـان لێـرە هەبـوو، بەتەمەن بـوو، لەگەڵ خەڵکـی ئەفریقیـدا کـاری دەکـرد. لە شـوێنی کـارەکەی بە یەکێکیانی گوتبوو، ئەوە تۆ بۆ شـیر نـاخۆیتەوە؟ ئەویـش گوتبووی بـۆ؟ ئەمـیش وتبـووی شـیر زۆر بخـۆرەوە، بـۆ ئەوەی سپی ببیتەوە. وای زانیبـوو، ئەگەر ئەم پیـاوە شـیر بخـواتەوە، سـپی دەبێـتەوە. کـوردێکی لای خۆمـان بـوو،

نازانم ئەو چۆن تەماشای شتەکەی کردووە، بە هەر حاڵ دیدی ئەو و دیدی ئەوروپاییەک ڕەنگە لە یەکدی جیاواز بن. ئیتر ئەو وای بینیوە و بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

**چەمکی ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتناسی، ڕۆژهەڵاتناس و پێناسەکانیان**

وەک دەسپێکێک بۆ چوونە نێو باسی ڕۆژهەڵاتناسییەوە، دەبێت هەندێک دەستەواژەی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتناسییەوە باس بکەین و بزانین ڕۆژهەڵاتناسی وەک دەستەواژە، خۆی لە چییەوە هاتووە. دیارە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتووە و ڕۆژهەڵاتناسییش، دەکاتە تێگەیشتن و زانین و ناسینی ڕۆژهەڵات و بەو جۆرە، ڕۆژهەڵاتناس واتە: ئەو کەسەی کارەکە دەکات. ئەمە بە عەرەبییەکەی دەبێتە: «الشرق، الاستشراق، المستشرق»، بە فارسییەکەی «شرق، شرقگرایی، شرقشناس» و بە ئینگلیزییش هەڵبەتە دەبێتە «Orient, Orientalist Orientalism».

ڕەنگە بکرێت ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆژهەڵاتناسی، وەک پێچەوانەیەک یا دژ بە، وشەگەلی ڕۆژاواناس و ڕۆژاواناسی، بەکار بهێنین، دەتوانین بە عەرەبی بڵێین: «غرب، إستغراب، مستغرب»، بە کوردییەکەی دەبێتە: «ڕۆژئاوا، ڕۆژئاواناسی، ڕۆژئاواناس»، بەڵام ئەمە لای ئێمە نییە. لە ڕۆژهەڵات شتێکی وەها نییە، کە باسی

ڕۆژئاوا یا باسی ڕۆژئاواناسی بکات. ڕۆژاواییان هەڵبەت، کە دەڵێن ڕۆژهەلات و ڕۆژهەلاتناسی، بە مەبەست دەیلێن، شتێکە بۆ خۆی نییە و نەبووە، بەلام داهێنراوە، واتە: داهێنانێکە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژهەلات، لە دیدێکەوە، کە ڕۆژاواییان بۆ خۆیان دەیبینن و بەگوێرەی پێویستی و مەرامی خۆیان.

بۆ پێناسەکردنی ڕۆژهەلات و ڕۆژهەلاتناسی، دەتوانین پێناسەی هەندێک کەس باس بکەین، کە لەمەڕ ئەو بابەتەوە کردوویانە:

**پێناسەی ڕوودی پارت(Rudi Paret)**

یەکێک لەوانە ڕۆژهەلاتناسێکی ئەڵمانییە، ساڵی 1983 کۆچی دوایی کردووە، ناوی ڕوودی پارتە. ئەم پیاوە کاتی خۆی قورئانی پیرۆزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی. ئەم پێی وایە ڕۆژهەلاتناسی زانستێکە، پێوەندی بە زمانەوە هەیە، دیارە لای ئەم تەنها زمانی گرتۆتەوە. پێی وایە ڕۆژهەلاتناسی دەکاتە زانستی ڕۆژهەلات، کە زانستێکە لەمەڕ جیهانی ڕۆژهەلات.

**پێناسەی ئەلمونجید(المنجد)**

فەرهەنگ(قامووس)ی ئەلمونجید(المنجد)، کە عەرەبی-عەرەبییە، لە پێناسەی ڕۆژهەلاتناسدا دەڵێت: ئەو کەسەیە، کە زانای زمان و ئەدەبییات و زانستە ڕۆژهەلاتییەکانە. کەواتە بەگوێرەی ئەلمونجید، زمان و ئەدەبییات و زانستە

ڕۆژهەڵاتییەکـان، دەبـنە ڕۆژهەڵاتناسـی، بـۆ کـاری ئەو کەسەی پێی دەڵێن ڕۆژهەڵاتناس.

**پێناسە و دیدی ئیدوارد سەعید(Edward Said)**

یەکێـک لەوانەی، زۆر جـوان و دروسـت بـۆ مەسـەلەی ڕۆژهەڵاتناسی چووە و باسی کردووە و لێی کۆڵیـوەتەوە، پیاوێکە، زانـا و بیرمەنـد و بەنـاوێ، پیـاوێکی مەزنە، کە بە ڕاسـتی خزمەتێکـی زۆری بە مەسـەلەی لێکـۆڵینەوە و توێژینەوەی لەمەڕ ڕۆژهەڵاتناسـی کـردووە و لەبـارەیەوە دواوە و پێناسـەی ڕۆژهەڵاتناسـەکانی کـردووە و کرۆکـی هــزری ڕۆژهەڵاتنــاس و ڕۆژهەڵاتناســیی هەڵکۆڵیــوە و خسـتۆتە دەر، ئەویـش زانـای گەورە، ڕەوانشـاد، ئیـدوارد سەعیدە. ئەم بیرمەندە، تیۆریستە، نووسەر و مامۆسـتایە، سـاڵی 2003 کـۆچی دوایـی کـردووە. لەو بـوارەدا کتێبـی ڕۆژهەڵاتناســـی، ئۆریەنتــالیزم(Orientalism)ی، بە ئینگلیزی نووسیوە، کە لە ساڵی 1978دا چـاپ کـراوە. مـن عەرەبییەکەیم خوێندووەتەوە، بە نـاوی «الاستشـراق»، کە کەمــال ئەبوودیب(کمــال أبودیــب) لە ئینگلیــزییەوە کردوویەتی بە عەرەبی.

ئەو کتێبە، بە ڕای من، شاکارێک و ڕێنوێن و ڕێناسێک و باشترین تـوێژینەوەیە لەمەڕ ناسـینی ڕۆژهەڵاتناسـی و ڕۆژهەڵاتناس و پێوەندیان بە ئیمپریالیزمەوە و دەرخستنی مەبەست و مەرام و دیـوە شـاراوەکانیان. ئیـدوارد سـەعید پێی وایە ڕۆژهەڵاتناسی، لە بناخەدا، جۆرێکە لە کـارکردنی

ڕۆژئـــاوایی بـــۆ کـــۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵات و ســـەپاندنی ســـەروەری و دەســـەڵاتی خۆیـــان(ڕۆژاوا) بەســـەریدا. واتە: کـــارێکە، هێـــزی فەرهەنگیـــی ڕۆژئـــاوا بەســـەر ڕۆژهەڵاتـــدا دەســـەپێنێت، ئیـــدی ئەم جـــۆرە کـــارە لایەنـــی مێـــژوو و کۆمەڵناسی(سۆسـیۆلۆگی[1]) و مرۆڤناسـی(ئەنترۆپۆلۆگی)، ئابووری، سیاسـەت، فەرهەنگ، زمـان، هـونەر و...، هەمـوو لایەنە ژیارییەکان دەگرێتەوە، کە ڕۆژئاوا بتوانێت شتی لێ دەربهێنێـــت و ســـوودی لـــێ وەرگرێـــت و لە دواییشـــدا کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی پێ بکات.

ئیدوارد سەعید، وەک پەرەپێدانێک بـۆ ئەو پێناسـەیەی ڕۆژهەڵاتناســـی، پێـــی وایە ڕۆژهەڵاتناســـی سیاســـەت و

---

[1] مـن کە دەڵـێم «...لـۆگی»، دەزانـم لای خۆمـان، زۆرتـر «لـۆژی» و «لۆجی» بەکار دێنن، بۆ نموونە سایکۆلۆژی یا سایکۆلۆجی. مـن بـۆیە دەڵێم «لۆگی»، لێرە لە سوێد پێـی دەڵـێن «لـۆگی»، بـۆ نمـوونە دەڵـێن سۆسـیۆلۆگی، ئەنترۆپۆلـۆگی، سـایکۆلۆگی، ئیـدیۆلۆگی و... ئیتـر هەر وشەیەک و «لۆگی»یەکی دەچێتە سەر، چەندین جۆر «لۆگی»یان هەیە تەنانەت سەگۆلۆگی و پشـیلەلۆگی و ڕووەکلـۆگی و جـۆری تریشـیان هەیە. «لۆگی» خۆی لە زمانی یۆنانییەوە هـاتووە، کە بە مانـای زانسـت دێت. مادام زمانی یۆنانی ئەسڵی وشـەکە بێـت و لەوێ «لـۆگی»ی پـێ بڵێن، ئەی بۆ ئێمە «لۆگی»یەکە بەکار نەهێنین! باشتر نییە لە «لـۆجی» و «لۆژی»، کە سەرمان لە خۆمـان تێک داوە و نـازانین کـامەی بەکـار بهێنین! من پێم وایە «لۆگی»یەکە باشـترە، وەک ئەوەی لێـرە لە سـوێد بەکاری دەهێنن. پێم وا بێت ئەڵمانییەکانیش هەر وا دەڵێن، دانمـارکی و نـۆرویژییش هەر وا دەڵـێن، چـونکە زمانـانی سـکەندیناڤیا هەمـوو لە یەکەوە نزیکن. پێم وایە «لۆگی»یەکە بۆ زمانی کوردی باشتر بێت.

زانینە، ڕێباز و بەرنامەیەکە، دانراوە بۆ ناسینی ڕۆژهەڵات، بەڵام بە کاری تاک ناچێت، ئەوەی ئەو کارە دەکات، یەک کەس نییە. ئەوە کارێکە بە کۆمەڵ دەکرێت، هەموو کۆمەڵی ڕۆژئاوایی دەیکات، نەک کابرایەکی هەژاری بەدبەختی سەر جادە، کە مانای ئەو شتانە نازانێت. واتە: ئەوانە دەیکەن، کە سەروسەودایەکیان لەگەڵ هزر و خوێندن و فەلسەفەدا هەیە. ئەوانە خەریکی بوونە و کاریان تێدا کردووە، بۆ ئەوەی دروستی بکەن. واتە: کارێکە، بە کۆمەڵێک خەڵک کراوە و دەکرێت، نەک تاک. هەموو ئەوانەی ڕۆژئاوا تیایدا بەشدارن: بیرمەندان، فەرهەنگییان، ڕاهیب و قەشە و پیاوانی ئاینیی کڵێسە، سیاسییەکان، زمانناسان، فیلۆسۆفان، ئابووریناسان و... هەموو ئەوانە بەشدار بوونە و کاریان تێدا کردووە. ئەمانە خەڵکانێکی ڕۆژئاوایی بوونە، خۆیان بۆ خوێندنەوەی ڕۆژهەڵات تەرخان کردووە.

کەواتە، ڕۆژهەڵات دەبێتە بیرکردنەوەیەک، هزرمەندییەک، کە لە ڕووی جوگرافیاوە ناڕۆژئاواییە و دەرەوەی ڕۆژئاواییە، چۆن ڕۆژئاوا وێنای ڕۆژهەڵات دەکات، ڕۆژهەڵات چۆن دەبینێت، چۆن دەیخوێنێتەوە؛ دیارە ئەوەش لە دیدێکی کۆڵۆنیالیستی، ڕەگەزپەرستی، خۆبەزلزانی و گەورەیی و بالایی و لووتبەرزییەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو ئەوانە ڕەگیان لە هێز و زانستدا داکوتاوە، کە خۆیان (ڕۆژئاوا) پێیان وایە ئەو شتانەیان لا هەیە و خەڵکی تر ئەوەی نییە، بەوەوە شانازی دەکەن. لە

مێشکی ڕۆژئاواییدا، ڕۆژهەڵات شتێکی ترە، واتە: جیاوازیی نێوان ئێمە و ئێوە، من و تۆ، ئاوا سەیری شتەکان دەکەن. ڕۆژهەڵات، لە ئاگایی ئەماندا شتێکی دیکەیە، وەک دوورەدەست و دەرێی مێژوو سەیر دەکرێت. کە دەڵێن ڕۆژهەڵات یا ڕۆژهەڵاتی، مەبەستیان خەڵکی ڕیزپەڕ، لادەر، شێت، لاواز، نەخۆش و تا دوایییە. ئەمە بیرکردنەوەی مێشکی خۆیانە، بۆ مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتی.

ئیدوارد سەعید، لە هەموو دیرۆکی ڕۆژهەڵاتناسیدا شیکاریی ئەمە دەکات، لێ پتر لە سەدەی هەژدە بە دواوە دەکاتە چەقی توێژینەوەکانی، کە قۆناغی سەرمایەداری و کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم دەگرێتەوە. کەمال ئەبوودیب، لە وەرگێڕانی عەرەبیی کتێبی ئۆریەنتالیزمەکەی ئیدوارد سەعیددا، نووسیویەتی: «الإستشراق: المعرفة، السلطة، الانشاء». مەبەستی لە «الإنشاء»، ئاخاوتە یا گوتارە. مەبەستی ئەوەیە، کە ڕۆژهەڵاتناسی واتە: زانست، دەسەڵات و گوتار.

## پێناسەی مالیک بن نەبی(مالك بن نبي)

مالیک بن نەبی، کە نووسەر و بیرمەند و فیلۆسوفێکی جەزائیریی موسوڵمانە و لە ساڵی 1973دا کۆچی دوایی کردووە، لە فرانسا خوێندوویەتی. جەزائیرییەکان خوێندنی باڵایان هەموو لە فرانسا بووە، لە جەزائیریش خوێندنیان هەر بە فرانسی بووە، بەمەیش کاریگەریی فەرهەنگی فرانسییان لەسەرە. بن نەبی، کە باسی ڕۆژهەڵاتناسی

دەکـــات، دەڵێـــت: ڕۆژهەڵاتناســـەکان ئەو نووســـەرە ڕۆژئاواییانەن، کە باسی هـزری ئیسـلامی و شارسـتانێتیی ئیسلامییان کردووە. بن نەبی، لێرەدا بەم کـورتە پێناسـەیە، ناڵێت ئەوان چۆن باسـیان کـردووە! مالیـک بـن نەبـی، بـۆ خـۆی کۆمەڵێـک تێـز و نووسـین و کتێبـی هەن، زیـاتر لەبارەی مرۆڤ و کۆمەڵناسی و شارستانیەتییەوەن.

**توێکاری**

ڕۆژهەڵاتناسـی، لە بنەمـادا بـۆ خـۆی وەک توێکـاری (بە عەرەبـی: تشـریح و بە ئینگلیـزی: ئەنـاتۆمی/Anatomy) وایە، کە لە بواری بژیشکیدا[2] بەکار دەهێنرێت.

---

[2] پێم وایە وشەی «پزیشک» کە لە کوردیدا بۆ «دۆکتـۆر» بەکـار دێـت، وشـەیەکی فارسـییە. مـام هەژاری موکریـانی لە هەنبانەبۆرینەکەیـدا دەڵێت «بژیشک». ڕەنگە بژیشـکەکە باشـتر بێـت، چـون بژیشـک هـیچ نەبێت پێوەندی بە ژیـانەوە هەیە، بەڵام پزیشـک هەر لە فارسـییەکەوە وەرگیراوە. بە هەر حاڵ، پێم وایە کورد لە مەسەلەی بەکارهێنـانی پیتـی «پ» و «ب»دا، هەنـدێک نـاڕوونە و هەنـدێک جـار تێکەڵیـان دەکـات. هەنـدێک جـار «پ» دەکـاتە «ب». بـۆ نمـوونە، وشـەگەلی بـاس یـا بـوس(Bus) و بـاتری(Battery) کە لە زمـانی کوردیـدا نـین و لە ئینگلیزییەوە وەرگیراون، لە کوردیدا بوون بە «پاس» و «پـاتری»، بەڵام پیپسی کۆلا(Pepsi Cola)، کە ئەمیش هەر لە ئینگلیزییەوە وەرگیـراوە و لەسەر قۆدێکە یا شووشـەکەیشـی نووسـراوە پیپسـی کـۆلا( Pepsi Cola)، کەچی لەکن کـورد بـووە بە بیبسـی کـۆلا، چـون لە عەرەبەوە وەریگرتووە. عەرەب حەرفی «پ»یان نییە، مافی خۆیـانە بڵـێن بیبسـی، بەڵام کـورد کە حەرفـی «پ»ی هەیە، بـۆچی بڵـێن بیبسـی؟ هەروەهـا

**ڕۆژهەڵاتناس کێیە؟**

کە دەگوترێت ڕۆژهەڵاتناسی، دەبێت کارێکی ڕۆژاوایی بێت و ئەو کەسەکەیشی دەیکات، دەبێت ڕۆژئاوایی بێت، یا لە ڕۆژئاوا بژی، یا بیرکردنەوەیەکی ڕۆژئاواییانەی هەبێت. ڕۆژهەڵاتناس، دەتوانێت بێ گوێدانە دین، ببێتە ڕۆژهەڵاتناس، واتە: ڕۆژهەڵاتناس، دەکرێت مەسیحی، جوو، موسوڵمان یا بێدین بێت. ئەم پێناسەیە، تا ڕادەیەک لە پێناسەکەی مالیک بن نەبییەوە نزیکە، چون مالیک بن نەبی پێی وایە، ڕۆژهەڵاتناسان، نووسەرە ڕۆژئاواییەکانن، کە لەبارەی ئیسلام و هزری ئیسلامی و شارستانێتیی ئیسلامییەوە دەنووسن. دیارە بۆ من مەرج نییە ئەوەی ڕۆژهەڵاتناس بێت، وەک بیرکردنەوە، تەنیا لەناو ڕۆژئاوادا بێت، بەڵکە دەشێت، ڕۆژهەڵاتناس بێت و لە ڕۆژهەڵات بێت.

---

وشەی بەیکینگ پاودەر(Baking powder)، لەکن کورد بووە بە «پێکن پاودەر». ئێستا ژنان یا پیاوانی کورد، کە دەچنە فرۆشگەیەکەوە، دەڵێن قوتوویەک پێکن پاودەرمان بدەیە. وشەی پارلەمان(Parliament)، کە لە ئینگلیزییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردی و بە حەرفی«پ» دەست پێ دەکات، لەکن بڕێک کورد، بە کاریگەریی زمانی عەرەبی، بووە بە «بەرلەمان». ڕەنگە زۆرێک لەم جۆرە دەربڕینانە لە زمانی کوردیدا هەبن، کە ئەویش بۆ خۆی باسێکی دەوێت.

## دەستپێکی ڕۆژهەڵاتناسی، خاچهەڵگران و سەلاحەددینی ئەییووبی

بۆ ئەوەی باس لە دیرۆکی ڕۆژهەڵاتناسی بکەین، لە کەیەوە دەستی پێ کردووە، کەی و چۆن و لە کوێ پەیدا بووە، دەبێت لە دەستپێکدا بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی دوازدەیەم، سێزدەیەم و چواردەیەم. لەو کاتانەدا، ئیدی هێرشی خاچپەرستەکان بۆ سەر وڵاتی موسوڵمانان دەستی پێ کردووە و سەلاحەددینی ئەییووبی سەرکردەی لەشکری ئیسلامی بووە و جەنگی خاچهەڵگرانی کردووە. لەوێوە ڕۆژهەڵاتناسی دەستی پێ کردووە. لەو جەنگانەدا، سەلاحەددینی ئەییووبی سەر کەوتووە و ڕۆم و خاچهەڵگران دۆڕاون، ئیدی ئەو دۆڕانەیان بۆ بووە بە کارەساتێک، بووە بە هەرەس و داڕووخانێک بۆیان. ئەو هەرەسە وای لێ کردوون، بە دوای بنجوبناوانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بگەڕێن، بۆوەی بە تەواوی بیناسن و نەخشەی دوارۆژ داڕێژن، کە چییان لێ بکەن و چۆن دزە بکەنە نێو ئایینەکەیانەوە(ئیسلام) و بەرەو مەسیحییەتیان ببەن و تۆڵەی ئەو شکستەی بەسەریاندا هاتووە، بکەنەوە. ئیدی لەو کاتەوە ڕۆژهەڵاتناسی دەستی پێ کردووە.

ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا ئەو کارەیان کردووە، زیاتر بۆ مەسەلەی ئایین بووە و پێوەندی بەو لایەنەوە هەبووە. تەنانەت، کە لەمەڕ زمانیش توێژینەوەیان کردووە، هەر بۆ تێگەیشتن و بنکۆڵکردنی ئایینی ئیسلام

بووە. مـن بـۆ خـۆم فـرە گـلـەت گوتـوومە و هەنـووکەیش دەیڵـێمەوە، ئەگەر سـەلاحەددینی ئەییـووبی نەبـووایە، یـا لەو جەنگانەیـــدا ســـەر نەکەوتـــایە، ئێســـتا ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت ســـەرلەبەری مەسـیحی دەبـوو و ئیسـلام لەو دەڤەرەدا نەدەمـا، یـا ئەگەر بشـمابا، کـز و لاواز دەبـوو و دەبووە کەمینەیەکی بچکۆلە، کە ڕەنگە نەیشیتوانیایە خۆی بپارێزێت، بەڵام بەو شێواز و ئامرازانەی، کە ڕۆژاواییـان و ئەوروپاییان، کۆنترۆڵی وڵاتانیـان کـردووە و دەکەن، وەک ئەوەی کۆلۆنیـالیزم دەیکـرد، بـاوەڕ نـاکەم تـا ئێسـتا موسوڵمان لەو دەڤەرەدا بمـایە. ڕۆژاواییـان، هەزار و یەک ئامرازیان بۆ تواندنەوەی خەڵک هەیە، هزری ورد و شێواز و شـتی بەهێزیـان هەیە. دەمەوێـت ئەوە بڵـێم، ئەمـان بە زانستەوە کارەکانیان دەکەن، وەک ئێمە نین، کە بەگوێرەی تیۆری «پەنا بە خوا» و «بە تەمای خواین»[3] و «تەوەککەل بە خـوا» و «قیروسـیا» و «گـوێ مەدە»[4]، زۆر جـاران کارەکانمان هەڕەمەکی و بێ دانانی بەرنـامە و بنچینـەیەک دەکەین.

هەر بە پێوەند بە جەنگی خاچهەڵگرەکـانەوە، گەرەکـمە ئامـاژە بە کتێبێـک بـکەم، کە ڕۆمـانێکە، زۆر نایـاب، زۆر جـوان و بەهێـز و پڕواتـا، بە شـێوازێکی یەکجـار

[3] لە هەولێر مەیدانێک، فلکەیەک یـا چوارڕێیانێک هەیە، کە ئاژۆرەکـان بە ئۆتۆمبیلەکانیان خۆیانی پێدا دەکەن، ئیـدی بە تەمـای بەسـەلامەتی دەرچوون نین، بۆیە ناویان لێ ناوە فلکەی «بە تەمای خواین».
[4] لە هەولێر گەڕەکێک بە ناوی «گێ مەدە» هەبوو!

هونەرمەندانە و زمانێک، کە ئیدی ترۆپکی بەدەوکارییە لە زمانی عەرەبیدا، بە ناوی «السماء شاغرة فوق أورشليم».

سەلیم بەرەکات نووسەرەکەیەتی، کە بۆ خۆی کوردە، لێ بە عەرەبی دەنووسێت و یەکێکە لە نووسەرە مەزنەکانی عەرەب. باسی سەلاحەددینی ئەیووبی و لەشکرەکەی و سەرکردەکانیان و جەنگەکانیان دژ بە خاچهەڵگران دەکات؛ باسی چۆنیەتیی سەرکەوتن و بەرخوردی مرۆڤانەی سپاکەی سەلاحەددین دەکات، لەگەڵ ڕۆم و سەرباز و دیلەکانیاندا و تەواوی ڕووداوەکان، لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیی باڵادا، وەک تابلۆیەک، پێشان دەدات. ڕۆمانێکە، بە ڕاستی شایستەی ئەوەیە، مرۆڤ بیخوێنێتەوە و دنیایەک شتی لێوە فێر بێت. ئەوکات گەورەیی سەلاحەددین و گەورەیی کارەکەی و لەشکرەکەیت بۆ دەردەکەوێت.

ئێستا لەم سەردەمەدا، لێرە و لەوێ، لەنێو کورددا، دەنگی ناساز دەبیسترێن، بە خراپی باسی سەلاحەددین دەکەن و ڕەخنەی لێ دەگرن. پێیان وایە سەلاحەددین هیی ئێستایە، سەلاحەددین دەهێنن بۆ 2020، دەیهێنن بۆ ئەم سەردەمە. باسی ئەوە دەکەن، کە سەلاحەددین نەتەوەیی نەبووە و بیری نەتەوەیی نەبووە و هیچی بۆ کورد نەکردووە! ئەو جۆرە ڕەخنانە، دەرهێنان و دوورخستنەوەی سەلاحەددینن لەو مێژوو و سەردەمەی تێیدا ژیاوە، خوێندنەوەیەکی سەردەمییانە و هەنووکەییانەن بۆ سەلاحەددین و کارەکانی. تۆ ناتوانیت بەراوردی سەلاحەددینی ئەیووبی، لەگەڵ هیتلەر،

مۆسۆلینی، مستەفا کەمال ئەتاتورک، جەمال عەبدونناسـر، میشـێل عەفـلەق یـا هەر نەتەوەییەکـی دیـکەی جیهانـدا بکەیت.

ناکرێـت و ناشـێت، تـۆ وەک کوردێـک، ڕەخـنەت لە سـەلاحەددین ئەوە بێـت، کە بـۆ کاژیکـانە و پاسـۆکانە نەهزریـوە، یـا بـۆ حیـزب یـا بزاڤێکـی نەتەوەیـی دانەمەزراندووە! ئەو سەردەم و ڕۆژگارەی سـەلاحەددینی تێـدا ژیـاوە، باسـی نەتەوە و نەتەوەیـی هەرگیـز نەبـووە. هـزری نەتەوەیـی بـۆ خـۆی لە ئەوروپـاوە، لە سـاڵانی 1700وە، سەری هەڵداوە و ئیدی لە ساڵانی 1800یشەوە، دەوڵەت لەسـەر بنـاخەی نەتەوە سـاز کـراوە. نەتەوە و نەتەوەیـی و نەتەوەبـازی، داهێنـان و بەدەوکـارییەکی ئەوروپاییە.

کەواتە، لەو سەردەمەدا مەسـەلەی ڕۆژهەڵاتناسـی، لە پیاوانی ئـایینی مەسـیحییەوە دەسـتی پـێ کـردووە. ئەوان بـوون ڕۆیشـتوون بـۆ ڕۆژهەڵات، بـۆ ئەوەی خوێنـدنەوە لەسـەر جڤـاکی ئیسـلامی بـکەن. مەسـیحییەت و کڵێسـە، کـاری مـژدەدەری (التبشـیر/Mission)یـان دەسـت پـێ کردووە و موژدەدەر (مُبَشِّر/missionary)یان ناردووە، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسـیحی لە ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامیدا. ئەوەی لەو بوارەدا کراوە، بەشێک بووە لە ڕۆژهەڵاتناسـی، لێ ئەوەی دواتر، ئیدوارد سـەعید زیـاتر جەختـی لەسـەر دەکاتەوە و باسی دەکات و دیوە شـاراوەکانی دەردەخـات،

ئەو ڕۆژهەڵاتناسییەیە، کە لە سەدەی هەژدەیەمەوە پەیدا بووە و برەوی پێ دراوە، کە ئیدی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا، هەموو جیهانی ئیسلامی و جیهانی عەرەبیی بە دەستەوە بووە و کۆنترۆڵی کردووە.

**مەکسیم ڕۆدنسن**(Maxime Rodinson)

ڕۆژهەڵاتناسێکی گەورەی فرانسی هەیە بە ناوی مەکسیم ڕۆدنسن، کە لە ساڵی 2004دا کۆچی دوایی کردووە. ئەم پیاوە وەک هزر و فیلۆسۆفی، مارکسیست بووە و مێژوونووس و زانایەکی کۆمەڵناسی و زانای خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژهەڵاتناس بووە. بۆ خۆی بە بنەچە جوو بووە، بەڵام دوژمنێکی سەرسەختی زایۆنیزم بووە و لەگەڵ زایۆنیزمدا نەبووە. بێجگە لەوە، دوژمنێکی سەرسەختی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیش بووە. کە باسی ئەو شۆڕشە دەکات، پێی دەڵێت «فاشیستی ئیسلامی». ڕۆدنسن، پێی وایە سەرەتای ڕۆژهەڵاتناسی لە کۆلۆنیالیزمەوە هاتۆتە گۆڕێ، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەیەم. ئەگەر بڕێک وردتری بکەینەوە، وەک ڕۆدنسن باسی دەکات، ساڵی 1779 لە ئینگلستانەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام ساڵی 1799، واتە: بیست ساڵ دوای ئینگلستان، لە فرانسا دەستی پێ کردووە. ئەو مێژوو و پاشخانە دەمانگێڕنەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی، ڕۆژهەڵاتناسییان لەگەڵدا هەبووە، وەک هێرشی ناپۆلیۆن بۆناپارت (Napoléon Bonaparte) و داگیرکردنی میسر،

یـــان چـــوونە هیندوســـتان و کۆمپانیـــای هیندوســـتانی ڕۆژهەڵات. ئەمـانە هەمـوو، بەشـێک بـوونە لە سیاسـەتی کۆڵۆنیـــالیزم، سیاســـەتی داگیرکـــردن، کە ئیـــدی لەو سەردەمانەدا دەستی پێ کردووە و لەشکریان بـردووە بـۆ ئەو وەڵاتانە و خێر و خێراتیان بە تاڵان بردووە بۆ ڕۆژئاوا. تەواوی ئەو کارانەیـــان، کە بە هەمـــوو پێوەرێـــک تـــاوان بـــوونە، لە هەمـــبەر گەلانـــی ئەو وەڵاتـــانە، لە مێشـــک و بیرکردنەوە و کـردەوەی ئەمـان(کۆڵۆنیالیسـتان)دا، بە ڕەوا بینراون و ئەمـان خۆیانیـان بە خاوەنمـاڵ و ئەوان(گەلانـی ئەو وەڵاتگەلەیان) بە نۆکەر و مزووری خۆ زانیوە.

**پاڵنەرەکانی پشتەوەی ڕۆژهەڵاتناسی**

پرسـیارێک، کە دەشـێت لێـرەدا بکرێـت ئەوەیە، چـین ئەو هۆکـــارانەی، پاڵیـــان بە ڕۆژئاواییـــانەوە نـــاوە، کـــاری ڕۆژهەڵاتناسی بکەن و ببنە ڕۆژهەڵاتناس؟ بۆچی بـیکەن؟ بـــۆچی خۆیـــان ســـەرگەرمی ڕۆژهەڵات بـــکەن؟ دیـــارە ڕۆژاواییـــان، وەهـــا کارەیلێکیـــان هەر لەخـــۆڕا و بـــێ هـــۆ نەکردووە. چەند پاڵنەرێک هەن، وای لێیان کردووە و پـاڵی پێوە ناون، بڕۆن ئەو کارە بکەن:

1. پـــاڵنەری ئـــایینی: پـــاڵنەرە ئـــایینییەکە، لە دژایەتیـــی ئیسلامەوە هاتووە، کە دەبێت دژایەتیـی ئیسـلام بـکەن وەک ئایین، چونکە پێیـان وا بـووە و ئێسـتەیش پێیـان وایە، کە ئیســـلام هێزێکـــی سیاســـی، فەرهەنگـــی و کـۆمەڵایەتییە. ئیسـلام تایبەتمەنـدیگەلێکی تێـدایە، لە

ئایینەکانی دیکەدا نین. ئیسلام وەک ئایینەکانی تر نییە، بۆ نموونە وەک ئایینی بوودایی، کۆنفۆشیانیزم، تاویزم، هیندۆیزم یا زەردەشتی، یا تەنانەت عیسایەتی و جوولەکەیش. ئیسلام وەک ئەوانە نییە، چون بێجگە لە لایەنی پێوەندەکانی مرۆڤ و خودا و خواپەرستی و نوێژ و ڕۆژوو و ئەوانە، لایەنێکی دیکەی دنیاییشی تێدایە، کە لە پێوەندەکانی مرڤەکاندا، تاک و تاک، تاک و جڤاک، جڤاک و جڤاک و ئەوانەدا خۆ دەنوێنێت. ڕەنگە ئەم فرەلایەنییەی لە ئیسلامدا دەبینرێت، پاڵی بەوانەوە نابێت، توێژینەوەی تێدا بکەن تا بە تەواوی لێی بگەن.

2. پاڵنەری زانستی: ئیسلام لە گەلێک بواری زانستیدا پێشکەوتوو بووە. فەلسەفە، فەلەکناسی، جوگرافیا، بژیشکی، کیمیا، بیرکاری و...هەموو ئەمانە جیهانی ئیسلامی و عەرەب تێیاندا زاڵ بوونە. ڕۆژهەڵاتناسان کۆشاون تەواوی ئەو زانستانە بگوێزنەوە و وەرگێڕنە سەر زمانانی ڕۆژاوا، بۆوەی لێیان بەهرەمەند بن. ڕۆژاوا فرە شتی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامەوە وەرگرتووە.
3. پاڵنەری کۆلۆنیالیستی و داگیرکردن: لە دوای سەدەکانی دوازدەیەم، سێزدەیەم و چواردەیەم، کە جەنگی خاچهەڵگرانی تێدا بووە و بە شکستی وان و سەرکەوتنی ئیسلام کۆتایی هاتووە، لە سەدەی شازدەیەم بە دواوە، ئیدی وەک تۆڵەسەندنەوە، جارێکی دی، بە شێوازێکی دیکە و ناوێکی دیکە و

بیـانووی دیـکەوە، هـاتوونەوە، بـۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتـی ئیســلامی داگیــر بــکەن. ئەمەیــان بەشــێک بــووە لە سیاســەتە کۆلۆنیالیســتییەکەیان، کە دواتــر گەشــەی کــردووە، تــا گەیشــتووەتە ڕووداوەکــانی ســەدەی هەژدەیەم، کە ئیــدی سیاســەتێکی چڕتــر، وردتــر، فراوانتر، بەبەرنامەتر، ئابووریتر، لێزانانەتر و قووڵتریان گرتۆتە بەر.

4. پــاڵنەری سیاســی: هەوڵیــان داوە تەواوی ئەو قەوارە ئیســلامییانەی لە وڵاتــانی ئیســلامیدا لە ئــارادا بــوونە، لەتوپەت بکەن و جیهـانی ئیسـلامی وەک قەوارەیەکـی گەورە نەهێڵن و وردیلەقەوارەی لێ چــێ بــکەن، چــون کە بەشــیان کــردن، ئیــدی بێهێزیــان دەکەن. ئەوان سیاسەتی «پەرت بکە و زاڵ ببە»یان پێڕۆ کـردووە. بەو سیاســەتە، ئیســلام و ڕۆژهەڵات لاواز دەبـن؛ لاوازیـی ئەوانیش، بۆ ڕۆژاوا دەبێتە هێز.

5. پاڵنەری ئابووری: بـۆ کـۆنترۆڵکردنی وڵاتـانی جیهـانی ئیســلامی و خــواردنی داهــات و بەرهەمەکانیــان و ئەو شــتانەی سروشــت بەرهەمیــان دەهێنێــت، وەک کــانزا، نەوت، کشــتوکاڵ، ئــاو و هەرچــی خێروبێریــان هەیە، چــون ئەو وڵاتــانە بە گشــتی دەوڵەمەنـد و پــڕ خێـر و بەرەکەتــن و دنیــایەک شــتیان تێــدایە، کە ڕۆژاوا و کۆلۆنیالیستان بۆ خۆیان دەیـانقۆزنەوە، دەیـانخۆن، بە هەوەســی خۆیــان دەیــانبەن و دواتــریش ئەو وڵاتــانە دەکەن بە بازاڕ و کڕیاری بەرهەم و کاڵاکانی خۆیان.

**هەڵە و کێماسییەکانی جیهانی ئیسلامی، ڕێگەخۆشکەرن بۆ ڕۆژهەڵاتناسی**

لێرەدا گەرەکە، شتێک وەبیر خۆمان بهێنینەوە. ئەوەی لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی ڕووی داوە و تا ئێستایش ڕوو دەدات، وەنەبێت تەنیا مەسەلەی هێز و توانستی ڕۆژئاواییان بێت؛ لە وەڵاتانی ئیسلامیدا گەلێک چەوتی و ناتەواوی، لە بیرکردنەوە، بەرنامەڕێژی، نەخشەدانان، جۆری بەرخورد، شێوازی خوێندنەوەی مێژوو و فەرهەنگ و جڤاک و سیاسەت و گەلێک لایەنی دیکەیشدا هەن. سەرباری ئەم ناتەواوییانە، نەبوونی ئازادی، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی زمان، ئازادیی ژیان و ئازادیی زۆر شت، کە لە زۆربەی وەڵات و جڤاکە ئیسلامییەکاندا نین[5]، هەروەها دەردی کوشندەی نادادپەروەری، نایەکسانیی نێوان مرۆڤەکان و جیاوازییە چینایەتییەکان، کە کێشەگەلێکی هەرە مەزنی جیهانی ئیسلامین و وەک خۆرە بنکۆڵی دەکەن، دایدەتەپێنن و لەنێویدا وەک شێرپەنجە هەموو شانەکانی لەشی ژاراوی دەکەن، ئەمانە چەندین کون و کەلەبەر و دەرکە و دەلاقەیان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژاوا، کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم، بتوانن زۆر بە هاسانی، لێیانەوە وەژوور کەون و ئەوەی دەیانەوێت، بیکەن.

---

[5] ئەگەر تا ڕادەیەکیش هەبن، بە جۆرێکن، بە دەستی دەسەڵاتێکەوەن، سەرکوتیان دەکات و دایاندەپلۆسێت.

ئەم هەمــوو هۆکــارانە دەبــنە هــۆی ئەوەی، تــۆ ئەو ئــازادییەت نەبێـت، بتوانیـت بە زمـانی خـۆت قسـە بکەیـت، بتوانیـت بـێ تـرس، ڕای خـۆت دەربڕیـت، یـا بە هـۆی ئەو نادادپەروەرییەوەی کە هەیە، هەمیشە تـۆ وەک جیـاواز لە خەڵکـی دیـکە سـەیر بکرێیـت و بژمێردرێیـت و مافەکانـت پاشێل بکرێن. تـۆ ئەودەم پەنـا دەبەیـتە بەر ئەوەی، ببیـتە مرۆڤێکـــی نەتەوەیـــی و نەتەوەپەرســـت و تونـــداژۆ و داکـــۆکیکەر لە گـــرۆ و مەزهەبەکەی خـــۆت، مەزهەبە بچکۆلەکەی خۆت.

هەموو شتە گەورەکان، بازنە گەورەکان، کە مرۆڤەکانی جیهانی ئیسلام و ڕۆژهەڵات یەک دەخەن و پێکەوە گرێیان دەدەن، بچـووک دەبـنەوە. تـۆ لەو ڕۆژهەڵات و ئیسـلامە گەورەیەوە، دێیـت وردە وردە شـتەکان ورد دەکەیـتەوە و دەیگەیەنیتە شـتێکی بچکـۆلە و ئەوجـا داکـۆکی لەو شـتە گچـکەیە دەکەیـت. ئەمە ئەوەنـدەی تـر پەرتـت دەکـات، ئەوەنـدەی تـر هەڵتدەوەشـێنێتەوە و جوێـت دەکـاتەوە و هێزت لەبەر دەبڕێت و بڕستت ناهێڵێـت. ئەودەمـی ڕۆژئـاوا دەتوانێت زۆر بە ئاسانی کۆنترۆڵی تۆ بکات.

چـاککردنی ئەم ڕەوش و هەلـومەرجە، پێـداچونەوەی دەوێت بە سەرجەمی شتەکاندا، بە بیرکـردنەوە، فەرهەنـگ، کۆمەڵ، ئابووری، سیاسەت، خوێندن، بارهێنان و ئـاوەزدا، وەک بونیـاد، وەک سیسـتم. واتە: تـۆ دەبێـت سـەرلەنوێ هەموو ئەوانە دابڕێـژیتەوە و بخـوێنیتەوە و وردەکارییـان

تێدا بکەیت، بۆوەی بگەیتە ئاستێک، پلەیەک، یەکت بخات، بۆ ئەوەی ژیان و داهاتووت لەگەڵ عەقڵدا ئاشت بکەیتەوە. ئەودەم، ئیدی تۆ هیچ پاساوێک بۆ ڕۆژاوا و کارە ڕۆژهەڵاتناسییەکانیان ناهێڵێتەوە.

**کارڵ مارکس**(Karl Marx)

هەر لە باسی پاڵنەرەکاندا، کە ڕۆژاواییانی بەرەو ڕۆژهەڵات بردوون، دەکرێت ئاماژە بۆ دیدێکی فیلۆسۆفی مەزن کارڵ مارکس بکەین. مارکس فیلۆسۆفێکە، هەموو دنیا دەیناسێت و چەندین ساڵە و تا ئێستایش هەموو جیهانی بە خۆی و تیۆری و تێز و هزرەکانیەوە خەریک کردووە. مارکس کەسێکە، بە شیکاری و خوێندنەوەکانی بۆ سەرمایەداری، چینایەتی و زێدەبایی و...، سەرمایەداریی لە بنەوە هەڵتەکاندووە. مامۆستا مەسعوود موحەممەد، کە نە مارکسیست بوو و نە لەگەڵ کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمیشدا بوو، لێ بۆ خۆی زانا و فیلۆسۆفێکی کورد بوو، کە پتر وەک نەتەوەییەکی کۆنەوارخوازی لیبراڵ دەناسرێت، لەمەڕ مارکسەوە دەڵێت: «مارکس یەکێکە لە بلیمەتە هەرە هەرە زلەکانی مرۆڤایەتی تا ئەوەی ئەگەر بلیمەت دە کەس بن یەکیان مارکسە... نۆ کەس یەکیان مارکسە، کەمتر بن یەکیان مارکسە... و قورسایی ژمارەی ئەو ملیارەهای ئادەمیزاد کە بوون بە سوختەی مارکس

لەنـگەری سیاســەتی جیهـانی بە بارێکـدا گـۆڕی..»[6]، واتە: مارکس پیاوێکی زۆر گەورە و فیلۆسۆفێکی فـرە کـاریگەرە. هەروەها لە جێگەیەکی دیکەدا دەڵێت: «کەسـێ خوێنـدەوار نییە نەزانێت مارکس چەند شارەزای مێـژووی بەرفرەوانـی گەلان بوو بە هەموو لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و زانستی و نازانم چییەوە...»[7]. مامۆستا مەسـعوود مـوحەممەد پێـی وایە، مـارکس لە ئیسـلامەتی، بە کـۆن و نوێیەوە، بێئاگا نەبووە و تەنـانەت زۆر نووسـینی سـەر بە مارکســیزم، ئــایینی ئیســلام و پەیــامهێنی ئیســلام بە ئازادیخواز دەناسێنن.

هەر بە ڕاســتی، تیۆرییەکــانی، کارەکــانی و توێژینەوەکانی مارکس، ڕاستیی زۆریـان تێـدان. لە باسـی ململانێـی چینایەتیـدا، پێکـاویەتی و تـا بڵێیـت جـوان بـۆی چووە. من بۆیە باسی مارکسـم کـرد و نـاوی ئەوم هێنـایە ئـاراوە، چـون ئەو بیروڕایەکـی تـایبەت و بڕێـک جیـاوازی لەمەڕ کۆڵۆنیــالیزمەوە هەیە. مــارکس، کە بــاوکی مارکسیزمە، پێی وا بووە، وڵاتانی بەجێمـاو و دواکەوتـوو، دەبێـت بە قۆنـاغی کۆڵۆنیالیزمـدا تێـپەڕن، بـۆوەی نـوێ ببنەوە و بزاڤێکی پیشەسازی و چینی کارگەریان تێدا پەیدا بێت. کە ئینگلتەرا چووەتە هیندوستان، مـارکس بە کـارێکی

---

[6] http://mamosta.net/Kteeb/Kteebi_PDF/Mirov_u_Dewruber.pdf

محەمەد، مەسعوود، مرۆڤ و دەوروبەر، ل234.

[7] سەرچاوەی پێشوو، ل17.

باشی زانیوە، چون پێی وا بووە، ئینگتەرا دەتوانێت جڤاکی هیندوستانی بگۆڕێت بۆ جڤاکێکی ڕۆژئاواییئاسا، بەوەی بناخەی ماددی و ژێرخانی ئابووریی نوێی تێدا دروست دەکات و ئەمەیش دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هیندوستان و لەبەینبردن و نەهێشتنی ئەو شێوە ژیانە ئاساییە و گۆڕینی هیندوستان، بۆ وڵاتێکی سەرمایەداری و پیشەسازی و دروستبوونی پرۆلیتاریا و دواتریش بەرپابوونی شۆڕشی پرۆلیتاریا و لەنێوچوونی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا.

مارکسی دژەسەرمایەداری، ئەو داگیرکارییەی هیندوستانی لە لایەن ئینگلتەراوە پێ ئاسایی و قەبووڵ و باشە. لە دیدی سەرۆک ئەحمەد بین بیللە و ئیدوارد سەعیدیشەوە، مارکس لەمەڕ جەزائیریشەوە هەمان بۆچوونی هەبووە. کەواتە ئەگەر داگیرکردنی هیندوستان و جەزائیر، کارکردی ڕۆژهەڵاتناسی و پاڵنەری ئایینی، زانستی، کۆلۆنیالیستی، سیاسی، ئابووری و هیی تریشی لە پشتەوە بن، ناکرێت ئەو تێزەی مارکس وەک پشتگرتنێکی کاری ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسان، نەبینرێت و نەخوێنرێتەوە و لێک نەدرێتەوە.

### موژدەدەر و حوکوومەتانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتناسی

وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا، ئارتۆر جەیمس بەلفۆر(Arthur James Balfour)، کە ماوەیەکیش سەرۆکوەزیران بووە، هەر ئەو کەسەی بەڵێنی

دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە جووەکان دا، پێی وایە تەواوی ڕۆژهەڵاتناسان و موژدەدەرانی ئایینی مەسیحی، لە زۆر بواردا، کۆمەک و هاریکارییەکی زۆریان بە حوکوومەتە کۆلۆنیالیستەکانی ڕۆژئاوا کردووە. ئەم پیاوە لە تێگەیشتن و ناسینی ئەو جڤاکانەدا، کۆلۆنیالیستان داگیریان کردوون، زۆر ڕاست دەکات. ڕۆژهەڵاتناسان و موژدەدەران لە ڕووی زمان و دیرۆک و فەرهەنگ و ئایین و کۆمەڵایەتی و تەواوی لایەنەکانی دیکەی ژیان و هەموو شتە گرنگەکانەوە، ڕێگەخۆشکەر و یارمەتیدەری کۆلۆنیالیزم بوون. ئەگەر ئەوان نەبوونایە، وڵاتانی کۆلۆنیالیست، وا بە ئاسانی نەیاندەتوانی بچنە نێو وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتەوە و داگیریان بکەن و بە ئارەزووی خۆیان، کاروباری خۆیانی تێدا ئەنجام بدەن.

ڕۆژهەڵاتناسان، کاری چاوساغی و ڕێگەخۆشکردن و ئاسانکارییان، بۆ حوکوومەتە کۆلۆنیالیستەکان کردووە و بەو کارەیان ڕێگەی کۆلۆنیالیزمیان تەخت کردووە. تەواوی ئەو زانیارییانەی ڕۆژهەڵاتناسان گردیان کردوونەتەوە، بوونەتە بنەمایەک بۆ کردەی داگیرکردن. واتە: بوونەتە بنگە یا بانکێکی زانیاری، داتابەیس(Database)ێک، بۆ ئەوەی ئەوان(کۆلۆنیالیستان) بتوانن نەخشە و بەرنامەکانی خۆیانی لەسەر داڕێژن. وەنەبێت تەنێ ڕۆژهەڵاتناسان کۆمەکیان بە کۆلۆنیالیستان کردبێت، بەڵکە کۆلۆنیالیزم بۆ خۆیشی کۆمەکی بە ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسان کردووە، چون کە بە هێزەوە چوونەتە ئەو

وەڵاتە بندەستانە، زیاتر و ئاسانتر توانیویانە کۆمەک بەو کەسانە بکەن، کە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتن و ڕێگەیان بۆ خۆش کردوون و کۆمەکی ماددی و مەعنەوییان کردوون.

**چۆنیەتی و شێوازی کاری ڕۆژهەڵاتناسان**

ڕۆژهەڵاتناسەکان، چۆن لەو شوێنانە، لە وڵاتە ئیسلامییەکان، کاریان کردووە؟ بە چ شێوازێک کاریان کردووە؟ چ ئامرازەیلێکیان بەکار هێناوە؟ سوودیان لە چی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بتوانن بیروباوەڕی خۆیان پەخش بکەنەوە؟

یەکەم کارێک، کە کردوویانە، کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەرکردووە و بەناو خەڵکدا بڵاویان کردووەتەوە. ئەمە بۆ خۆی شتێکی گەورە بووە. بەم کارە توانیویانە خۆیان بەرەو پێش ببەن و نووسین و هزرەکانیان بە خەڵک بگەیەنن و پەخشی بکەنەوە. شتێکی تر، کە کردوویانە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بووە، لەسەر ئیسلام، فارس، عەرەب، تورک، سۆمالی، سواحیلی، پەشتوون، بەلووچ، کورد و هەموو نەتەوە و گەلانی موسوڵمان، لە زانستگەکانی خۆیاندا، بۆ ئەوەی لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا سوودی لێ ببینن. ئەو لێکۆڵینەوە ئیسلامی و عەرەبی و فارسی و کوردییانە، کۆمەڵێک ناوی جیاوازیان لێ نراوە. دیارە ئێستا لە کوردستانیش تا ڕادەیەک ئەو ناوانە بەکار دێن. ئەوەی لە زانستگەکانی ئەورووپا و ڕۆژئاوا و

لەنێویشـــیاندا لە وەڵاتـــی ســـوید هەیە، پێـــی دەڵـــێن ئیســـلامۆلۆگی، واتە: ئیسلامناســـی یـــا ئیســـلامیزم، کە لە زمـانی ئینگلیزیـدا دەبێـتە «Islamic studies». ئەمە وەک بوارێک، وەک ڕشتەیەک، دەخوێنرێت و تـوێژینەوەی تێـدا دەکرێت و بڕوانامەی باڵای تێدا وەدەست دەهێنرێت.

وەها خوێندنێک، تـا ڕادەیەک لە زۆربەی زانسـتگەکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا هەیە. خەڵـک دەچـنە ئەو بەشـانە و دەیانخوێنن، ئیدی هەریەکە بـۆ مەبەسـتێک دەیانخوێنێـت، هەیە بۆ زانیاری، بۆ ئەوەی شـت فێـر ببێـت دەیانخوێنێـت، هەیە بۆ مەبەستی تر دەیانخوێنێـت. تەنـانەت زۆرێـک لەو مــرۆڤە پســپۆڕ و شـــارەزایانەی لە بــواری ســیخوڕی و هەواڵگری و زانیاریی نهێنی و هەستەوەردا، لەنێو دەسـگە سیخوڕییە ناسراوەکانی ڕۆژاوادا کار دەکەن، دەخـرێنە یـا بۆ خۆیان دەچنە نێو ئەو جۆرە خوێندنانەی پێوەنـدیان بە ڕۆژهەڵات و ئیســـلام و گەلانـــی ئەو وڵاتـــانەوە هەن و هەرچــی وردەکـارییەکی ئەو جیهـانە ئیسـلامییە هەیە، لە خەڵـکە ڕەســەنەکەی جیهــانە ئیســلامییەکە، خاســتر و ڕێکوپێکتر فێری دەبن. چەندین جـار ڕێـک کەوتـووە وەک گوێگر، ئامـادەی کـۆڕ و جڤـین و سـەمینار و قسـەکردنی گشــتی و بــۆ هەمــووان بــم، کە کەســانێکی ســوێدی، لە دەسگەی پۆلیس، کڵێسە، مێـژوو، سیاسـەت، ئـابووری یـا بــواری دیـکەدا کاریـان کـردووە، هێنـدە ورد و لێزانـانە و شـــارەزایانە لەمەڕ بـــزاڤە ڕزگـــاریخواز و چەکـــدارەکانی فلســتین، هەزارە و تالیبــان و ئەلقاعیــدەی ئەفغانســتان،

ئەمازیغ، مەندائییەکانی عیراق، جیاوازییەکانی نێوان ڕێبازە سۆفیگەرییەکان و ئایینزاکانی شیعە و سوننە و...، بە ئامار و مێـژوو و بەڵـگەوە دواون، بە دەگـمەن لەنێـو کـۆڕی پرۆفێسسـۆر، دۆکتـۆر، مامۆسـتا، بیرکـار، فیلۆسـۆف و زاناکـانی جیهـانی ئیسـلامی و وڵاتـی خۆمانـدا یەکێـک دەبینییەوە، بەو وردییە، لە بوارەکەی خۆیدا شارەزا بێت.

بـــێجگە لە ئیســـــــلامۆلۆگی(ئیســـــــلامیزم)، عەرەبیسـتیک(Arabic studies) و عەرەبیسـت(Arabist) هەن، واتە: عەرەبناســـی و عەرەبنـــاس؛ ئیرانیســـتیک، ئێرانناسـی(Iranistics ، Iranology ،Iranian studies) و ئێرانناس(Iranist) هەن؛ ئیندۆلۆگی، واتە: هیندوستانناسـی یـا هیندیناسـی، جاپـانیزم، هەمـوو ئەمـانە لە ڕۆژاوا هەن. ئێســـتا لە کوردســـتانیش شـــتێکیان هەیە بە نـــاوی کوردۆلۆجی، پێم وایە ماوەیەک گۆڤارێکیشـیان دەردەکرد. وشەی کوردۆلۆجییش، کە لە کوردستان بەکار دێت، ڕەنگە بکەوێـــتە نێـــو ئەوانەی ڕۆژاواوە. مەبەســـتم ئەوەیە، ڕۆژهەڵاتناســـان هەر ئەوانە نـــین، کە لە ڕۆژئـــاوا بەو ئاراســـتەیەدا کـــار دەکەن، لە وەڵاتـــی لەمەڕ خۆیشـــمان، خەڵک هەن خزمەت بەو ئاراستەیە دەکەن، دیـارە ئێـدی بە جۆرێک، کە خۆیان دەیانەوێت بیکەن و حەزی پێ دەکەن.

بـێجگە لەو ئـامرازانەی بـاس کـران، ئێسـتا دنیـایەک ئـامرازی تـر هەن، کە بەکـار دەهێنـرێن، وەک نمـوونە: پەخشـــخانە و چاپخـــانە دەکەنەوە بـــۆ بڵاوکـــردنەوەی

بەرهەمـــی ڕۆژهەڵاتناســـان و بەرهەمە پێوەنـــدداره‌کان بە ڕۆژهەڵاتناســـییەوە. موژدەدەریـــان هەیە، دەنێـــردرێن و بە چەندین جۆر و ڕێگە، کار بۆ بڵاوکـردنەوەی مەسـیحییەت دەکەن. مـن بـۆ خـۆم لە کوردسـتان بینیـومە، جـوانترین ئینجیلیان چاپ کردووە، هەر لە کوردستان چـاپ کـراوە، بە جوانترین و باشترین جۆر و بە بەلاش دەیدەنە خەڵک. بـۆ هەمـوو زمانێـک و تەنـانەت بـۆ هەمـوو زاراوەیەکـی یەک زمانیش وەریدەگێڕن و بڵاوی دەکەنەوە.

کە هـزری مەسـیحییەت بـڵاو دەکەنەوە و کە خەڵـک دەبێتە مەسیحی یا نابێت، ئەوە، ڕەنـگە ئـێمە هیچمـان پـێ نەکرێت، لێ ئێمە دەبێت لەوە تێـبگەین، کە لە پشـتی وەهـا کارێکەوە، دەستی دیکە هەیە. دەکرێت ڕێگە بـۆ ئەم جـۆرە کارانە خـۆش نەکرێـت، نەک بەو مانـایەی قەدەغە بکـرێن، بەڵکە بەو مانـایەی دەکرێـت تـۆ هانـدەری ئەو چالاکییـانە نەبیـت و نەبیـتە «کەواسـووری بەر لەشـکر»ی دەسـگە ڕۆژاواییەکان. تۆ لە وڵاتێکدا دەژییت، هیچ پێویسـتیت بەمە نییە. بۆچی هانی ئەمە دەدەیت؟ بۆچی خەڵکی وا دروسـت دەبـن؟ ئەمە بـۆ خـۆی باسـێکە و هەویـرێکە، ئـاو زۆر دەکێشێت.

گەلێک جار، وەهـا کـار و چـالاکییەک، بە خشـکەیی لە ڕێگەی ڕێکخراوە ناحوکوومەتییەکان(NGO)، خوێنـدنگە و زانسـتگە بیـانی و کـۆمەڵە و دەسـگە خێرخوازییەکـان و کۆمەککەرانی ڕۆژاوایـیەوە، بە نـاوی هاریکـاریی منـداڵان،

ژنان، کەمئەندامان، خاچی سوور، تەندروستی و دەرمان و دەیان بەزمی دیکەوە، جێبەجێ دەکرێت. لەنێو کارمەند و خەڵکانی سەر بەو ڕێکخراو و چالاکییانەدا، خەڵکی کڵێسە و دەسگەی دیکە وەژوور دەکەون و لەپەنای زمانی شیرین و کۆمەکی ماددی و بزەیەکدا، پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێت و پەخش دەکاتەوە.

**کاری بانگخوازی، موژدەدەران و و شێوازی کارکردنیان**

لەمەڕ موژدەدەری مەسیحییەتەوە حەز دەکەم باسی شتێک بکەم، ڕەنگە برێک شۆخیئامێز بێت. لێرە لە سوێد باڵێکی مەسیحی یا کڵێسەیەک هەیە، دیارە مەسیحییش چەندین جۆر تیرە و تایفەی تێدایە، چەندین جۆر خێڵ و هۆزی تێدایە، مەبەستم لە تیرە و تایفە و خێڵ و ئەوانە، بەرەباب و عەشیرەت نییە، بەڵکە ئایینزا و ڕێبازی جیاواز و بۆچوونی جیاواز لە ئایینەکەدا، هەر وەک لە ئیسلامدا بێجگە لە چوار مەزهەبی سوننە، شیعەی دوانزدە ئیمامی، شیعەی زەیدی، شیعەی ئیسماعیلی، عەلەوی، ئیبازی، ئەحمەدی، سەلەفی، وەهابی، سۆفی، تەریقەتەکانی تیجانی، شازلی، نەقشبەندی، قادری، ڕیفاعی و دەیان جۆری تر هەن، ئێستا هیی دیکەش پەیدا بوون، کە ناوەکانیانم وەبیر نایەنەوە. هەر یەکێک لەمانە بە جۆرێک خوداپەرستی دەکات. یەکێک لە کاتی نوێژدا دەست لەسەر سینگی دەگرێت، یەکێک دەست لەسەر زگی و ناوکی دەگرێت و یەکێک دەست شۆڕ دەکاتەوە. جیاوازییەکان

هەنـدێک جـار وردیـلەن، لـێ گەورە دەکـرێنەوە. یەکێـک بـاوەڕی بەس بە قورئـان هەیە؛ یەکێـک بـاوەڕی بەس بە حەدیس هەیە؛ یەکێک شێخ دەپەرستێت و یەکێـک ڕەفـزی دەکات؛ یەکێک جوێن بە فڵانە خەلیفە دەدات و یەکـێ پێـی دەڵێت ئیمام. لە ڕۆژئاواش، لەنێو مەسیحییەتدا ئەم شـتانە هەن، بەڵام کەمترن. جیاوازییەکانی ئەمان گەلێک کەمتـرن، وەک وڵاتانی خۆمان نین. ئەوەی نێو ئیسـلام، تـا ڕادەیەک کارەساتە! ئەوەی ویستم بیگێڕمەوە:

دۆسـتێک، کە لێـرە دەژی، ئێسـتا تەمەنـی بڕێـک هەڵکشاوە و ئەو کـاتەش، کە ئەمەی لـێ دەگێـڕمەوە، هەر چووبووە نێو ساڵەوە و شێسـت سـاڵ زیـاتر بـوو، خـۆی تەنیا دەژیا و کوردی ڕۆژهەڵات بوو. تیرەیەکـی مەسـیحی لێـرە هەن، بە سـوێدی پێیـان دەڵـێن یەهووڤـاس ڤیتـنەن(Jehovas vittnen)، کە بە فارسـی «شـاهدان یهـوه»، بە عەرەبـی «شـهود یهـوه» و بە ئینگلیـزی «Jehovah's Witnesses»یـان پـێ دەڵـێن. ئەم پیـاوە ڕۆژێکی لە ماڵدا دەبێـت، زەنگـی دەرکەی مـاڵەکەی، کە لە ئەپارتمانێکدا دەبێـت، لێـدەدرێت. دەرکە دەکـاتەوە، تەماشـا دەکات کوڕ و کچێکی گەنجن و لەبەر دەرکە ڕاوەستاون و هەنـدێک کـاغەز و کتێبیـان پێـیە. ئەمـیش، کە دەرگە دەکاتەوە، کوردئاسا فەرموون فەرموونیان لێ دەکات و بـۆ ژوورەوەیان بانگهێشت دەکات. ئەم سوێدی بـاش نازانێـت، بەڵام هەر چۆنێک بێت لە یەکدی حاڵی دەبـن. سـوێدی، لە خودای دەوێت بەس پێـی بڵێیـت وەرە ژوورەوە و دانیشـە،

یەکسەر دێت و بۆ خۆی دادەنیشێت. کە دێنە ژوورەوە، ئەمیش کوردانە، قاوەیان بۆ دروست دەکات، کێک و شیرینییان بۆ دەهێنێت و میوەیان بۆ دادەنێت و پڕی سەر مێزەکە دەکات لە شت. ئەمانیش، سویدیگەل، مفتەخۆرن، ئەوروپایی هەمووی وایە، سویدی بەس بەلاش بێت، دریخی ناکات. ئەوەی، کە دەڵێن سویدی یا ئەوروپایی کەم دەخوات، هەمووی درۆیە، بەس بەلاش بێت و پارەی پێ نەدات، یەک مەنجەڵی برنج و دۆڵمە و کفتە و شفتەی بۆ دانێ، دەیخوات و فتی دەکات، بەڵام کە هاتە سەر ئەوەی لە گیرفانی خۆی پارە بدات، یەک تۆز دەخوات، بەوە پێیان دەڵێن کەمخۆرن! ئەمانەش کچ و کوڕێکی گەنج بوونە، دیارە کچەکەش جوانکیلە بووە و دەم بە خەندە و بەناز بووە، کە ڕەنگە کاکی خانەخوێ، خۆشی لێ هاتبێت و بە ئارەزووی خۆی سەیری کردبێت. دوای ماوەیەک بە خانەخوێ دەڵێن: دەزانیت ئێمە بۆچی هاتووین؟ ئەمیش دەڵێت، بەخێر بێن سەرچاو، ئێوە میوانن و بۆ هەرچی هاتبن لە خزمەتتاندام. ئەوانیش دەڵێن، ئێمە لە فلانە کەنیسەوە هاتووین، ئەم شتانەمان پێیە و ئەم پەیامەی ئێمە گەلێک باشە و بۆ خزمەتی مرۆڤە و کلیلی بەختەوەرییە و کۆمەڵێکی تریش لەم قسانە دەکەن و کتێبەکانیان دەخەنە بەردەستی خانەخوێ و پێی دەڵێن تەماشایان بکە و هەرچیت بە دڵ بوو و توانیت بیخوێنییەوە، هەڵیگرە بۆ خۆت. کە ئەمدیو و ئەودیویان دەکات، دەبینێت ئەم زمانانە هیچیان نازانێت و تێیان ناگات،

چون بە ئینگلیزی، فرانسی، ئەڵمانی، سپانی و سویدی نووسراون. ئەم ناتوانێت بیانخوێنێتەوە، دەڵێ، من ئەمانە نازانم بخوێنمەوە. دەڵێن ئەی چ زمانێک دەزانیت، ئەمیش دەڵێت من کوردی دەزانم، خۆی کوردی ڕۆژهەڵاتیشە، هەڵبەت فارسییش دەزانێت. دەڵێن بەو زمانەمان پێ نییە، بەس هەوڵ دەدەین بۆت بهێنین. ئەگەر هێنامان، حەتمەن سوودی لێ دەبینیت. ئەویش دەڵێت، بێگومان، من سپاستان دەکەم. ئیتر کچ و کوڕەکە خوداحافیزی دەکەن و دەڕۆنەوە. ڕۆژێکی تر، دوای چەند حەفتەیەک، دێنەوە، هەم دووبارە بە هەمان شێوە دەرگەیان بۆ دەکاتەوە و بەخێریان دەهێنێت و مێزیان بۆ پڕ دەکات لە شیرینی و قاوە و میوە و ئەوانیش دەخۆن و بۆ خۆیان بە کەماڵی ئیسراحەت پاڵی لێ دەدەنەوە و دیسان کتێبەکان پێشان دەدەنەوە و دەڵێن ئەوەتا هێناومانە. ئەویش سەیر دەکات زمانانی کوردی و فارسییان تێدا نییە، بە زمانی عەرەبی تێیاندایە و ئەمیش عەرەبی نازانێت. ئەوجا دەڵێت من ئەم زمانانە نازانم. دەڵێن ئەی تۆ چی دەزانیت؟ ئەمیش دووپاتەی دەکاتەوە و دەڵێت کوردی دەزانم. دیارە زمانی کوردییش لای ئەوان نییە و ڕەنگیشە شتێکیان بە ناوی زمانی کوردی هەر نەژنەفتبێت! دەڵێن باشە جارێکی تر هاتینەوە بۆت دەهێنین و ئەوجا دەڕۆن. پاش هاتن و چوونی ئەو گەنجانەی کڵێسە، ئەم ئاغایە، ئەو چیرۆکە بۆ دۆست و هاوڕێ و منداڵەکانی خۆی، کە لە ماڵێ لەگەڵ خۆی نین، دەگێڕێتەوە. یەکێک لەو هاوڕێیانەی، کە خەڵکی

لای خۆیـانە و دەبێـتە میـوانی ئەم و ئەمـیش بـۆی بـاس دەکـات، پێـی دەڵێـت، کـوڕە نەکەیـت، ئەوانە سـاختەچین، کڵاوچین، درۆزنن، ئەوانە دەیانەوێت لەکن تـۆ بـلەوەڕن و دواییش تـۆ بـکەنە مەسـیحی! ئەمـیش دەڵێت کـوڕە بـابە مەسیحیی چـی و شـتی چـی، ئەوانە کتێبیـان هێنـاوە و وا خەریکــن بە کوردییەکەیشــی بــۆم پەیــدا دەکەن و دەی کـــچەکەش جـــوانە و بـــۆ خـــۆم چـــاوی لـــێ دەکەم. هاوڕێیەکەیشی دەڵێت، کـورە بـابە جـوانی چـی، بـڕۆ ئەو سەر جادەیە و لەو دەوروبەرە پیاسە بکە، بۆ خۆت خەڵکی جوان ببینە و تەواو! بەس تۆ نەکەیت ئیـدی دەرگەیـان بـۆ بکەیتەوە! ئەمیش دەڵێت، کوڕە دەی ئیتر میوانن، وەک تـۆ ئێستە چۆن هاتوویت، ئەوانـیش هەر بەو جـۆرە هـاتوون، قاوە و چای و کێک و شـتم بـۆ دانـاون و خواردوویـانە و تەواو. میوانەکەی دیسان دەڵێـت، نەکەیـت! نـا نـا شـتی وا نەکەیــت، ئەوە خــراپە و دوایــی بەردەوام دێــن، تــۆ بــۆ خواردنی خۆت خەسار دەکەیت، تۆ خۆت لەسەر ماڵی مـام و ئەوانە دەژییت، چۆن شـتی وا دەکەیـت؟ ئەمـیش دەڵێـت باشە چییان لێ بکەم؟ ئەویـش دەڵێـت، دەریـانکە، مەهـێڵە بێنە ژووری. ئیدی ماوەیەکی پـێ دەچێـت، پاشـان دیسـان پەیـدا دەبـنەوە. هەمـان کـچ و کـوڕ دێـنەوە و بـارگەیەک کتێبیان پێیە و دیسان زەنگی دەرگاکە لێـدەدەن و ئەمـیش دەیکاتەوە، بەس ئەم جـارە دەرگـاکە بە تەواوی ناکـاتەوە، تەنیا بستێک دەیکـاتەوە، هەر هێنـدی دەموچـاوی یەکـدی دەبینن. ئەوان(کچ و کـوڕەکە) بە پێکەنیـنەوە دەڵـێن بێیـنە

ژووری؟ ئەمیش دەڵێت نەخێر، بۆچی دێن؟ ئەوانیش دەڵێن کتێبەکەمان بۆ هێناویت. ئەم دەڵێت من کتێبم ناوێت. دەڵێن ئەدی تۆ خۆت گوتت کە دەتەوێت. دەڵێت، نا من نامەوێت. دەڵێن ئاخر بۆچی ناتەوێ؟ ئەمیش بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات و بە سویدی دەڵێت موحەممەد برۆ(Bra) یەسووس ئینتە برۆ(Inte bra). مەبەستی ئەوە دەبێت، کە موحەممەد باشە و یەسووس (جیسس/Jesus)، واتە: مەسیح، نەباشە، خراپە. ئەمە دەڵێت و بە توندی دەرگەکە بە ڕوویاندا پێوە دەدات! ئەوانیش دەڕۆن، ئیدی بەو کارەی دەردێکیان پێ دەدات، جارێکی تر ڕوو ناکەنەوە ئەو ماڵە. ئەوە شێوەی کارکردنی ئەوانە، کڵێسە و ئەوروپاییان. تەنانەت لێرەش، لە ئەوروپا، بەو جۆرە هزرەکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە.

**دابەشکردن و پۆلێنکردن لە جیهانی سێیەم و ئیسلامیدا**

هەر جێیەکی لە ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم و جیهانی ئیسلامی، ڕۆژاواییان، ئەوانەی وەک کاری مژدەدەری، ئایینی، سیاسی، کۆلۆنیالیستی، ئیمپریالیستی، ڕوویان تێی کردبێت، هەوڵی پۆلینکردن و دابەشکردنی خەڵکەکەیان داوە، بۆ ئایین و نەتەوە و ئایینزا و شێوەزار و خێڵ و ڕەگەز و سەد بەزمی دیکە. کە فرانسا جەزائیری داگیر کردووە -جەزائیر 132 ساڵ کۆلۆنیی فرانسا بوو- داروبەردی تێک دابوو، چووبووە نێو ڕەگی هەموو شتەکانیەوە، هەموو بوونیەوە، هەمووی شێواندبوو. دیارە

جەزائیر بۆ خۆی باسێکە، دەتوانرێت سەدان کتێبی لەسەر بنووسرێت، لەسەریشی نووسراوە، لێ پێم وایە هێشتا مافی خۆی نەدراوەتێ. بە ڕاستی ئەوانەی ئەو شۆڕشەیان کرد و خۆیان و وڵاتەکەیان ڕزگار کرد، قارەمان بوون. جێنێراڵ دو گۆل (Charles de Gaulle)ی ڕێبەری فرانسا، کە وەک پیاوێکی باش باس دەکرێت، بەڵام داگیرکەر بوو، هەر کە چووەتە جەزائیر، لەوێ بێجگە لە بردنی لەشکر و خەڵکی کۆلۆنیالیست، خەڵکێکی زۆری فرانسی و ئەوروپایی بردووەتە ئەوێ و لەوێ دایناون و جێگیری کردوون و تەنانەت خەڵکی جەزائیریشی لە یەکدی دوور خستوونەوە، بۆ نموونە دابەشی کردوون بەسەر عەرەب و بەربەر و ئەبازی و هیی تردا، کە بۆ خۆیان وەکو گەلی جەزائیر، هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نەبووە و ئەو شتانەیان نەزانیوە و گوێیان نەداونەتێ، هەر وەک وڵاتانی لەمەڕ خۆمان.

من بۆ خۆم، لە بەغدا ژیاوم و خوێندوومە. باوەڕم پێ بکە، ئەو چوار ساڵەی لەو کۆلیجە/زانستگەیەی لێی بووم، تا تەواوم کردووە، ئەو خەڵکەی لەگەڵمدا بوون، کە زۆر تێکەڵاوییشم لەگەڵیاندا هەبووە، من هەرگیز نەمزانیوە مەسیحین، موسوڵمانن، شیعەن، سوننەن، ئێزدین، مەندائین یا هەر ئایین و ئایینزایەکی دیکەن. ئەو جۆرە جیاوازی و بیرکردنەوانە نەبوون، تەنانەت مەسەلە نەتەوەییەکەش بەو خەستییە نەبوو. خەڵک لەتەک یەکدیدا دەژیان و دەگونجان. جیاوازیی ئایین و ئایینزا و زمان و

نەتەوە، نەدەبـــــوونە كێشـــــە. وەهـــــا بەرخـــــورد و بیركـردنەوەیەک، چێـژ و خۆشـی بە ژیـان دەبەخشـێت و ژیان جـوانتر و ڕەنگـاڵەتر دەكـات. ئێسـتا ئەو جیـاوازی و لەتوپەتكردنانە، دید و جیهانبینیی خەڵكەكەیان تێک داوە.

بە هەر حـــاڵ، ئەوەی دەمەوێـــت بیڵـــێم، دو گـــوڵ، ویستوویەتی لە جەزائیر، ئەو بەزمە بكات و كردوویەتی.

**كەسانێكی ڕۆژهەڵاتناس**

ئەگەر ناوی هەندێک ڕۆژهەڵاتناس بهێنین، ئەوانەی كـاری ڕۆژهەڵاتناســـییان كـــردووە و لە ئەوروپـــا و ڕۆژاواوە ڕوویان لە ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی كـردووە، یـا هەر لە ڕۆژاواوە وەهــا كارێكیــان كــردووە، دیــارە زۆرن، لــێ دەشـێت وەک نمـوونە ئەم چەنـد نـاوە پێشـان بـدەین، كە ڕەنـگە هەرە ناسراوەكانیشـیان نەبـن، لـێ كـورد گـوتەنی: «مشتێک نموونەی خەروارێكە»:

لەنێو بریتانییەكاندا: ویلـیەم مـۆیر(William Muir)، كە ســـاڵی 1905 كـــۆچی دوایـــی كـــردووە، لەمەڕ ژیـــانی پەیـامبەری ئیسـلام و سـەردەمی خیلافەتـی ڕاشـیدینەوە توێژینەوەی كردووە. ئیدوارد سەعید، بە كەسێكی بـێلایەن دایناتێـت. جـۆن فرێـدریک لیـویس( John Frederick Lewis)، ساڵی 1878 كـۆچی دوایـی كـردووە، نیگـاركێش بووە و پتر دیمەنـی سروشـت و خەڵكـی كێشـاوە. هێنـری كەسلز كەی(Henry Cassels Kay)، ساڵی 1903 كۆچی دوایی كردووە. بێرنـارد لیـویس(Bernard Lewis)، سـاڵی

2018 کـۆچی دوایــی کــردووە، ئینگلیــزی-ئەمەریکیــیە، خزمەتــی زۆری بە سیاســەتکاران و دەســەڵاتی ئەمەریکـا کـردووە و ئیـدوارد ســەعید وەک کەسـێکی کـۆمەککەر بە کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی و نەیـاری ئیسـلام تەماشـای دەکات.

لەنێو فرانسـییەکاندا: سیلڤسـتەر دو ساسـی( Antoine Isaac Silvestre de Sacy)، ساڵی 1838 کـۆچی دوایـی کردووە، بە گەورەی ڕۆژهەڵاتناسانی فرانسی و ئەوروپایی دادەنرێـت، مامۆسـتای زمـان بـووە، لە بـواری زمانـانی ڕۆژهەڵاتیـدا کـاری کـردووە. لـوی ماسـینیۆن ( Louis Massignon)، ساڵی 1962 کۆچی دوایی کـردووە، گەورە ڕۆژهەڵاتناسـێکە، ڕاوێژکـاری وەزارەتـی موسـتەعمەراتی فرانســی بــووە لە ئەفریقــا و ڕێــبەری مــوژدەدەرە فرانسییەکان بووە لە میسر، پیـاوێکی توندڕۆ و دەمـارگیر بـووە. مەکسـیم ڕۆدنسـن (Maxime Rodinson)، سـاڵی 2004 کۆچی دوایی کردووە، مارکسیست بوو، جـوو بـوو، لێ دژ بە زایـۆنیزم بـوو، سـۆز و تێگەیشـتنی بـۆ ئیسـلام هەبوو. جاک بێرک(Jacques Augustin Berque)، ساڵی 1995 کۆچی دوایـی کـردووە، ڕۆژهەڵاتنـاس و جڤاکنـاس بوو، لە زانستگەکانی فرانسا و جەزائیر مامۆستا بووە.

لەنێو ئیتالییەکاندا: لیـۆن کاتیـانی(Leone Caetani)، ساڵی 1935 کۆچی دوایی کـردووە. کـارلۆ نـالینۆ ( Carlo Alfonso Nallino)، ساڵی 1938 کۆچی دوایی کردووە.

لەنێو ئەڵمانییەکاندا: ئانماری شیمل( Annemarie Schimmel)، ساڵی 2003 کۆچی دوایی کردووە، خانمێکی عەرەبیزان و شارەزای سۆفیگەری بوو.

لەنێو سویدییەکاندا: هێرمان ئالمکڤیست( Herman Almkvist)، ساڵی 1904 کۆچی دوایی کردووە، قورئانی وەرگێڕاوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە کردووە.

لەنێو هۆڵڵاندییەکاندا: سنووک هورخرۆنیە(Christiaan Snouk Hurgronje)، ساڵی 1936 کۆچی دوایی کردووە، بووەتە موسوڵمان. ئارنت ڤینسنک(Arnet Jan Wensink)، ساڵی 1939 کۆچی دوایی کردووە. مارتن ڤان برۆننسن( Martin van Bruinessen)، ساڵی 1946 لەدایک بووە و لە ژیاندایە.

لەنێو ڕووسەکاندا: ڤلادیمیر مینۆرسکی( Vladimir Fjodorovitj Minorskij)، ساڵی 1966 کۆچی دوایی کردووە، شارەزای زمانانی فارسی و کوردی بووە.

وەڵاتانی دیکەی ئەوروپا، مانەندی سویسرا، دانمارک، نۆرویژ و... ڕۆژهەڵاتناسیان تێدا هەبووە.

دیارە هەموو ڕۆژهەڵاتناسان وەک یەک، کار و توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسییان نەکردووە و یەک خوێندنەوەیان بۆ ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی نەبووە. فرە جار جیاوازیی بەرچاو لە نێوانیاندا هەبووە. بەشێکیان پەرۆشی زمان بوونە و گرینگییان بە زمان داوە و زۆرێک لە زمانانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، بە تایبەت عەرەبی و

فارسییان زانیوە، چون عەرەبی زمانی قورئان و ئیسلامە و کلیلـی تێگەیشـتنە لە ئیسـلام. بەشـێکی دیکەیـان خولیـای سیاسـەت بـوونە. هەنـدێکیان گرینگییـان بە ئـایین داوە. هەندێکیشیان خۆشویستن و سەرسـامبوون بە ئیسـلام و ڕۆژهەڵات یا ڕقبوونەوە لە ئیسلام پاڵی پێوە ناون وەدووی ڕۆژهەڵاتناسـی بـکەون. خەڵکێکیشـیان هەبـوون، جـوان بیریان لە ئیسلام کردۆتەوە و ئیسلامیان پـێ بـاش و هێـژا بووە و لەمەڕ ئیسلامەوە باشیان گوتـووە و نووسـیوە، یـا هیچ نەبێت، خراپیان نەگوتووە و نەنووسیوە.

**ڕۆژهەڵاتناسانێک لەمەڕ کوردەوە دواون**

لەنێـو ئەو هەمـوو ڕۆژهەڵاتناسـانەدا، هەنـدێک هەن، لەبـارەی کـورد و کوردسـتانەوە کـار و توێژینەوەیـان کـردووە، لەوانە: هێنـی هاراڵـد هانسـن( Henny Harald Hansen)، کە دانمـارکی بـوو و کتێبێکـی بە زمـانی دانمارکی لە ساڵی 1958دا پەخش کـرد، بە نـاوی «کچـانی خـودا»، کە لە 1960دا کـراوەتە ئینگلیـزی بە نـاوی "Daughters of Allah" و دۆکتۆر ناجی عەبباس ئەحمەد لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کـوردی و دواتـریش مامۆسـتا عەزیز گەردی، کتێبێکی دیکەی خانم هانسنی لەمەڕ ژنـی کوردەوە لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی، خانم هانسـن سـاڵی 1993 کـۆچی دوایـی کـردووە. فرێـدریک بـارت(Fredrik Barth)، نـۆروێژی بـووە، سـاڵی 2016 کـۆچی دوایـی کـردووە، لەمەڕ کـوردەوە بـابەتی هەیە.

مینۆرسکی، ڕووس، مارتن ڤان برۆننسەن، هۆڵلاندی، هەموو ئەمانە تا ڕادەیەک بیروباوەڕیان لەمەڕ کورد و کوردستانەوە باش بووە.

**ئیسلام لە چاوی ڕۆژهەلاتناسانەوە**

ڕۆژهەلاتناسان، ئیسلامیان چۆن بینیوە و چۆن بیریان لێی کردۆتەوە و چۆنیان خوێندۆتەوە؟ ئەمە خاڵێکی گرینگە لەم باسەدا، چون کە دید و خوێندنەوەی ڕۆژهەلاتناسانمان لەمەڕ ئیسلامەوە زانی، ئیدی کرۆکی ڕۆژهەلاتناسیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی وێنەیەک، کە لەکن ڕۆژئاواییەکان لەمەڕ ئیسلامەوە هەبووە و هەیە، وێنەیەکی تەماوی و تاریک و فرە ڕەگەزپەرستانە بووە. واتە: خراپ تەماشای موسوڵمانان و جیهانی ئیسلامییان کردووە و هەڵوێستیان لە هەمبەریان تا ڕادەیەک دوژمنانە بووە و پڕ بووە لە ڕک و کینە. بێجگە لەوانەش، زۆر سووک تەماشای خەڵکی موسوڵمانیان کردووە.

دیارە ئێستاش بەم ساڵانەی دواییە، دیدی ڕۆژاواییان، بە کاریگەریی سیاسەتی ئیمپریالیستانەی ئەمەریکا و بریتانیا و ئەوانەی سیاسەتی گەورەی جیهان بەڕێوە دەبەن، پتر گۆڕاوە و بەرەو خراپتر و دوژمنانەتر هەڵکشاوە. لەم دوا ساڵانەدا، دەستەواژەیەکی دزێو و ناجۆر هاتۆتە ئاراوە، کە دەستەواژەی «تیرۆریست»ە. وڵاتانی زلهێزی ئیمپریالیستی، کە بۆ خۆیان داهێنەر و

ئافەرینەری تیرۆریستی نێودەوڵەتین و بۆ خۆیان ماشینی هەڵهێنانی ئەو گرۆیانەن، کە ناوی ئیسلامیان لە خۆ ناوە و کاری تیرۆر دەکەن، هەر خۆیشیان مۆری تیرۆریزم بە نێوچاوانی ئەم و ئەودا دەنێن و دەتوانن ئەو مۆرە، ئەو دەستەواژەیە، بۆ هەموو شتێک و بۆ هەموو کەسێک، کە گەرەکیان بێت، بەکار بهێنن. دەکرێت تۆ تەنها ڕۆژئاوات بە دڵ نەبێت، پێت بڵێن تیرۆریست؛ دەکرێت تۆ لەسەر جادە شتێکی سادە و ئاسایی بکەیت، بەڵام لەتەک هەندێک بەهای ڕۆژاواییدا نەگونجێت، پێت بگوترێت تیرۆریست؛ دەکرێت تۆ هەندێک چالاکیت هەبێت یا ئەندام بیت لە هەندێ کۆمەڵەدا یا شتگەلێک بخوێنیتەوە، پێت بگوترێت تیرۆریست؛ دەکرێت تەنیا لەبەر ئەوەی سەرڕەشیت و تەنیا لەبەر ئەوەی خەڵکی خوارەوەی تۆپی زەویت، پێت بڵێن تیرۆریست؛ دەکرێت تەنیا لەبەر ئەوەی موسوڵمان یا عەرەبیت یا ناو و پاشناوت ئیسلامانە، عەرەبانە یا بڕێک جیاوازە، پێت بگوترێت تیرۆریست و وەک دزێو و دڕندە و مرۆڤکوژ تەماشا بکرییت؛ دەکرێت تەنێ لەبەر ئەوەی چارشێو و باڵاپۆشت هەیە، ئەگەر خانمیت و ئەگەر نێرینەیشیت، ڕدێنت هەیە و جلێکی مانەندی ئەفغانییان دەپۆشیت و هاتوچۆی مزگەوت دەکەیت، گومانی تیرۆریستیت لێ بکرێت.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە باوە و هەیە. دەستەواژەی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی و تیرۆریستیان بۆ ئەوە داهێناوە، هەر بە دڵیان نەبوویت، دەسبەجێ ئەو مۆرەت لێ بدەن.

زۆر ڕاشـــکاوانە، زۆریـــنەی ڕەهـــای ڕۆژاواییـــانی ئەم سەردەمە، بە شێوەیەکی گشتی، پێیان وایە، ئیسلام لەگەڵ شیوازی ژیانـدا لە ڕۆژاوا ناگونجێـت! ئەوەی دەیڵـێم هـیچ مەرج نیـیە، هەمـوو ڕۆژاوایـیەک بەو جـۆرە بهزرێـت و بنوارێتە ڕۆژهەلات و موسوڵمان و ئەوانی دی، ڕەنگە زۆر جاران، نەزانین و لێکتێنەگەیشتن هۆکار بـن بـۆ ئەو دیـدە. فرە جاریش سەرچاوە و ڕەگی ئەو بیرکردنەوە تەسـکە، لە فەرهەنگـی نەخوێنـدنەوەی ئەوی دیـکە و سـڕینەوەیەوە سـەر هەڵـدەدات و دێـت. دیـارە وەهـا بیرکـردنەوەیەک، خەتەرێکی مەزنە لەسەر جڤاک و پێکەوەژیان و ئاشـتی و ئاسوودەیی مرۆڤ لە هەر کوێیەک بێت.

## نموونەگەلێکی بەرخـوردی ڕۆژهەلاتییـانی موسـوڵمان لـە ڕۆژاوا

وەنەبێت مرۆڤی ڕۆژهەلاتی ئیسـلامییش فریشـتە بـن و چ کەلـێن و هەڵەیەک لە بیرکـردنەوە و بەرخوردیانـدا نەبێـت. جـۆرە کردەوەیەکـی نـابەجێ، جـۆرە بیرکردنەوەیەکـی نەگونجـاو، جـۆرە بەرخـوردێکی ناپەسـەندی مرۆڤەکـانی لەمەڕ خۆمـــان، لە ولاتـــانی ڕۆژاوای خانەخوێیانـــدا، کە لەتەک گەلـێ لایەنـی ژیانـدا لەنێـو ئەو جڤاکـانەدا وێـک نـایەنەوە، کە حەق وایە ڕوو نەدەن، حەق وایە نەگـوترێن، حەق وایە نەکـــرێن، بەلام ڕوو دەدەن، دەگـــوترێن و دەکـرێن، ئەمە بـۆ خـۆی زەمیـنە خـۆش دەکـات بـۆ ئەو مـــۆڕەکردنەی ئەمـــان لەوانەی لەمەڕ خۆمـــان. عەرەب

قسەیەکیان هەیە، ئەگەر بە ڕێنووسی کوردی بینووسین، دەڵێن: «نزل ویدەببچ عەسستح/نزل ویدبچ علی السطح»، واتە: کرێنشینە و لە سەربان هەڵدەپەڕێت. نەوەی یەکەم و دووەمی مرۆڤەکانی لەمەڕ خۆمان، لە ئەوروپا و ڕۆژاوا، کرێنشینن و بۆوەی مۆڕەیان لێ نەکرێت و مۆریان لێ نەدرێت، گەرەکە لە سەربان هەڵنەپەڕن.

کورد قسەیەکی هەیە، دەڵێت: «ماڵی خۆت قایم کە و سەگی هاوسێماڵ مەکە بە دز!» تۆ ماڵەکەت کێشەی تێدایە، ماڵەکەت کۆمەڵێک ناتەواویی تێدایە، پەرپووتە، هیچی بەسەر هیچەوە نییە، کەس ئەوی تر ناخوێنێتەوە، دوو کەس نابینییەوە وەک یەک بیر بکەنەوە، شتێک نییە کە باوەڕت پێی هەبێت، کە لە دەوری کۆ بنەوە و یەکتان بخات. ڕۆژ بە ڕۆژ باوەڕ لەناو خەڵکی ئێمەدا نامێنێت، دەسڕێتەوە و بەرەو نەمان دەچێت، هەموو باوەڕەکان، باوەڕ بە ئایین، باوەڕ بە فەلسەفە یا هزرێک، خۆشویستنی وڵات، خۆشویستنی گەل، خۆشویستنی زمان، خۆشویستنی فەرهەنگ، خۆشویستنی خاک، هیچ یەکێک لەوانە گچکەترین پیرۆزیی نەماوە، هەمووی کەمڕەنگ و کاڵ دەبێتەوە و دەسڕێتەوە، خەڵک بۆ خۆیان دەیسڕنەوە. هیچ جۆرە بیرکردنەوە یا کارێکی بە کۆمەڵ نەماوە، کەس نییە بیرکردنەوە و خۆشەویستی و دڵسۆزی و بەزەیی، لە خۆی تێپەڕێت، بێجگە لە ماڵ و منداڵی خۆی، بۆ هیچ کەسێکی دیکەی هەبێت. خۆپەرستی، چاوچنۆکی و تاک و تاکایەتی بووە بە سیمای جڤاکی لەمەڕ خۆمان.

**چوارگۆشەیی**

هەموو ئەمـانە بەشـێکن لە ڕۆژهەڵاتناسـی، لە سیاسـەتی ڕۆژهەڵاتناسی، ڕۆژهەڵاتناسان بەو جۆرەی پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، وێنەی ئیسلام دەبینن. دیارە هەمـوو ڕۆژئـاواییەک وا بیـر ناکـاتەوە، ئەوەی مەبەسـتیەتی و لە چوارچێـوەی ڕۆژهەڵاتناسـیدا بیـر دەکـاتەوە، مانەنـدی «ئەسـپی ژێـر عەرەبانە»، کە ئەمدیو و ئەودیوی چاویان گیـراوە و تەنـێ ڕاستەڕێییەک دەبینن، واتە: پێشی خۆیان، هێڵـێکە و ڕاسـت دەڕوات و هەر هـێڵەکەی خـۆی دەبینێـت، هەیـانە بەو جـۆرەیە و ئـێمەش هەمـانە هەر بەو جـۆرەیە! ئیـدی مێشـکەکان بەو جـۆرەن. مـن زۆر جـار، بە سـوێدییەکان دەڵێم فیرکانتیـگ (Fyrkantig)، واتە: چوارگۆشـە، داخـراو، بێخەیاڵ، کە شتی دەرەوەی خۆی نابینێت و ناخوێنێتەوە و لێـی تێناگـات و نەیشـیگەرەکە لێـی تێبگـات. ئەو مێشـکەی ڕۆژهەڵاتناسـی بەرهەم دێنێـت، ئەم چوارگۆشـەییەش بەرهەم دێنێت و پێچەوانەکەیشـی هەر ڕاسـتە. لە هەردوو دیوەکەوە، لە هەردوو جیهانەکەوە، ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ڕۆژاوا، زۆر جـار مرۆڤەکـان پەنـا دەبەنە بەر لێکـدانەوەی هەڵوێستەکان، بەگوێرەی پێشمەرج و بۆچوونە چەسپاو و نەگـۆڕ و تـا ڕادەیەک یەکلایەنەکـانی خۆیـان، کە لە تیۆرییەکانی پیلان و پیلانگێڕیدا خـۆ دەبینـنەوە، ئەوەی بە عەرەبی «نظریـة المـؤامرة» و بە ئینگلیـزی «Conspiracy Theory»ی پێ دەگوترێت.

لەمەر ئەو چوارگۆشەییەوە دەمەوێت شتێک بڵێم، کە مرۆڤ چۆن بێ ئەوەی مێشکی خۆی بخاتە کار، بێ سێودوو و بێ هیچ لێکدانەوە و وەدوواچوونێک، دەسبەجێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بەرانبەر و گرۆ و کۆمەڵ و ئەوی دیکەوە. 28ی فێبریوەریی 1986، سەرۆکوەزیرانی سوێد ئوولۆف پالمێ(Olof Palme)، شەو، دەوروبەری نیوەشەو، لەگەڵ ژنەکەیدا، لە دوای بینینی فیلمێک لە سینەما دەردەچن و دووقۆڵی و بێ هیچ پاسەوانێک، قۆڵ دەکەن بە قۆڵی یەکدا و بەسەر شەقامێکی سەرەکیی شاری ستۆکهۆڵمدا، ملی ڕێگەی ماڵی خۆیان دەگرنە بەر. لە سووچی کۆڵانێکدا، کە لە شەقامەکە جیا دەبێتەوە، کەسێک بەرانبەریان دەوەستێت، هەر زۆر خوێنساردانە، دەمانچەیەک دەردەکات و یەک فیشەک بە سەر سینگی پاڵمێوە دەنێت. پاڵمێ، دەکەوێت و دوای ماوەیەکی یەکجار کورت، لەنێو ئەمبۆلانسێکدا لە ڕێگەی نەخۆشخانە، کۆچی دوایی دەکات. ڕۆژی 1ی مارس، واتە: یەک ڕۆژ دوای مردنی پاڵمێ، بەرپرسی پۆلیسی ستۆکهۆڵم، هانس هۆڵمێر(Hans Holmér)، بە بەرپرسی دۆسیەی کوژتنی پاڵمێ دەستنیشان دەکرێت. سەرەتا، هۆڵمێر، گومانی لە گەنجێکی 33 ساڵان کرد و گیرا و ماوەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا و دواتر گومانەکە ڕەوییەوە و بەرەڵڵا کرا. لە هاوینی ئەو ساڵەدا، گومانەکان بە دەوری پەکەکە، پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK)دا دەسووڕانەوە. هۆڵمێر، لە مانگی

جەنیـــوەریی 1987دا هـــاتە ســـەر تەلیڤزیـــۆن و لە خڕبوونەیەکـدا، کە دەیـان تەلیڤزیـۆن و ڕۆژنـامەوانی سوێدی و بیانیی تێدا ئامادە بوون، دەمانچەیەکی گرتبـووە دەسـتەوە و پەنـجەی لەنێـو بـازنەکەی، کە بەلەپیـتکەی دەمانچەکەی تێدایە، دانـابوو و دەمـانچەکەی بە دەسـت و قامکەکـانی دەخولانـدەوە و دەیگـوت، کـوژەری پـاڵمێ پەکەکەیە! ئیـــدی ئەوەی هـــۆڵمێر گــــوتی، وەک شۆپ(شوێنپێ، نیشانە)ی پەکەکە یـا شـۆپی کـورد، نـاوی دەرکرد و کورد وەک پەڕۆی بێنوێژ سەیر دەکرا و هەمـوو خەڵکـی سـوێد ڕقیـان لێـی دەبـووەوە. ڕۆژی دوای ئەوە، چوومە سەر کارەکەم. لە خوێندنگەیەک مامۆسـتا بـووم و وانەم دەگـوتەوە. لە یەکەم پشـوومدا، وەک هەمـوو دەم، چـــوومە ژووری مامۆســـتاکانەوە بـــۆ پشـــوو و قاوەخواردنەوەیەک. زۆرێـک لە مامۆسـتاکان لەوێ بـوون. خـانمێکی مامۆسـتا، بەرانـبەرم دانیشـتبوو، بـێ هـیچ پێشـەکییەک گـوتی: بینیـت کـێ پـاڵمێی کوژتـووە؟ تـاکە مامۆستایەکی کورد لەو خوێندنگەیەدا من بووم. تێگەیشتم دەیەوێت چـی بڵێـت. گـوتم: تێنـاگەم باسـی چـی دەکەیـت! گـوتی: بـۆ خـۆت گێـل دەکەیـت، ئەوەتـا کـورد پـاڵمێی کوژتووە! ئیدی قسەکەی وەک ئەوە بوو بڵێت، تـۆ پاڵمێـت کوشتووە. گوتم: دەتەوێت چ بڵێیـت! گـوتی هەر ئەوەی کە گـوتم، کـورد پـاڵمێی کوژتـووە. گـوتم: ئەگەر مەبەسـتت قسـەکانی هـانس هـۆڵمێرە، ئەو گـوتی پەکەکە، نەیگـوت کورد، پەکەکە هەموو کورد نییە، تەنێ حیزبێکـی کـوردییە.

ئەو گشــتاندنەی تــۆ، کە یەک گەلــی 40 میلیــۆنیی پێــوە دەدەیــت و تۆمەتبــار دەکەیــت، هەرگیــز ڕاســت نیــیە و بیرکردنەوەیەکــی چەوتە. بــێجگە لەوەش، پەکەکە هەرگیــز وەها کارێک ناکات، چون کوژتنی پــاڵی، هــیچ قازانجێک نە بە پەکەکە وەک حیزب و نە بە پرســی کــورد و کوردســتان دەگەیەنێت، چون پاڵمێ، ئەگەر دۆســتی کــورد نەبووبێــت، دوژمنیشی نەبووە. هەروەها  تا ئێستا نازانرێت، ئایا ئەوەی هۆڵمێر دەیڵێت ڕاستە یا نەء، ئێرە وەڵاتی قانوونە و دەبێــت قــانوون و دادگە و ئەوانە بیســـەلمێنن، کە پەکەکە وەهــا کــارێکی کــردووە. کە ســەلمێنرا، منــیش لەگەڵتــدام، بەڵام ئەگەر وا نەبوو، ئەوەی تــۆ دەیڵێیــت تەنــێ چوارگۆشــەیی بیرکـــردنەوە و دیـــدی تـــۆ پیشـــان دەدات. ئەوەی ئەو مامۆستایە دەیگوت، 90% و پتری سوێدییەکان تووتیئاســا دەیانگوتەوە. ئەگەر ئەوە چوارگۆشەیی نەبێت، دەبێت چــی بێت؟

**ڕۆژهەڵاتناسان، چۆن دەنۆڕنە عەرەب**

ڕۆژهەڵاتناســان، دیــارە نەک هەموویــان، چــون هەمیشــە گشــتاندن، ڕەنــگە لە جێــی خۆیــدا نەبێــت، چــۆن دەنــۆڕنە عەرەب یا وێنەی عەرەب لەکن ئەوان چــۆنە؟ عەرەب، وەک گەمــژە، گێــل، گەڵحــۆ، گەوج، تەنــبەڵ، فشــەکەر، کەســێک حەز بە پەسندان و پێداهەڵدان و ئەوانە دەکــات، واتە: پێــی بڵــێن ئــافەرین شــێخێکی مەزن و گــرینگە! ئــافەرین سەرۆکهۆزێکی چــاکە! پیــاوێکی فــرە چــاوتێر و ســەخییە!

ئەوەندە وشتری سەر بڕیوە! حەزی لێیە بەو جۆرە باس بکرێت. مرۆڤێکی فێڵباز، کڵاوچی، ڕەق لەگەڵ ئاژەڵدا، ئاژەڵکوژ، پەز سەر دەبڕێت! حوشتر سەر دەبڕێت! گا سەر دەبڕێت! مرۆڤێکە نارێکوپێک، مرۆڤێکی نامەنتیقی، نایاسایی، بەڕەڵا، درۆزن، خانەگومان، دڵپیس، بە پێچەوانەی خەڵکی ئەوروپایی (وەک خۆیان دەڵێن واتە: ئەوروپایی دڵپیس نین)، مەبەستیان ئەوەیە، کە خۆیان مرۆڤێکی تەواو نموونەیین و عەرەب پێچەوانەکەیەتی، عەرەب بە لایانەوە، شەهوانی و مێبازە، زۆر حەزی لە سێکسە و هەمیشە هەموو هۆش و عەقڵی لەسەر هەرامەکەیەتی و خەیاڵی لای مێینەیە، سواری حوشتر دەبێت، لووتیان چەوت و قولنگەییە! بەو جۆرە وەسفی عەرەب دەکەن. مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بە میللەتێک، بە گەلێکی چەندسەد میلیۆنی، شتێکی لەو جۆرە بڵێت. چۆن دەبێت بگوترێت هەموو عەرەب وایە! کەی وایە! یا کورد هەمووی وایە! ئەم گشتاندن و گشتگیرییە، هەڵەیەکی زەقە و هەرگیز ڕاست نییە و بێجگە لە دەمارگیری و شۆڤێنیزم، شتێکی دیکە نییە. ئەمان عەرەبیان وا بینیوە و چاوی ڕۆژهەڵاتناسان، وەک کامێرا، عەرەبەکەی وا وێنا کردووە، ئیتر ئەمە بووەتە نموونەیەک، بووەتە سیفەتێک بۆ عەرەب.

## ئـــاینی ئیســـلام و پەیـــامهێنی ئیســـلام لە دیـــدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە

لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکـــانی ڕۆژهەڵاتناســـیدا، کە باســـی پەیـامهێنی ئیسـلام مـوحەممەد دەکەن، یـا باسـی ئیسـلام دەکەن، نـــاڵێن ئیســـــلام، دەڵــــێن مــــوحەممەدان (Muhammadan, Mahommedan)، واتە: پیڕۆیــــانی مــــوحەممەد، یـــــا دەڵــــێن مــــوحەممەدانیزم (Muhammadanism)، واتە: مـــــــــوحەممەدی و موحەممەدییەت. بەم جۆرە، بۆ بچـووککردنەوەی ئیسـلام، دەیکاتە بابەتێک، کە پێوەنـدی بە تـاکە کەسـێکەوە هەیە و هیی ئەوە، ناوی ئیسلامەکە لا دەبات. دیارە هەمـدیس ئەمە دەڵێمەوە: هەموویان وا نین و ئەوە قسەی هەموویان نییە، لێ لە ڕۆژهەڵاتناسیدا ئەمە هەیە.

لوی ماسینیۆن، کە ڕۆژهەڵاتناسێکی گەورە و ناسراوی فرانســییە، ئیســلام وەک ئایینێـک نابینێـت، بەڵــکە وەک هەوڵێکـــی دۆڕاو و شکســـتخواردووی ڕۆژهەڵاتییـــانە دەیبینێـــت بـــۆ بەکارهێنـــانی فەلســـەفەی یۆنـــانی و ڕەتکـــردنەوەی مەســـیحییەت. ماســـینیۆن، بـــاوەڕی بە پەیامهێن موحەممەد نییە و وەک پەیامبەرێـک ددانـی پێـدا نانێت. ئەم، حەللاج (الحسین بن منصور بن محمـی الملقـب بالحلاج)ی پـێ مەزنە و وەک پەیـامبەر تەماشـای دەکـات، بۆچی؟ چون حەلـلاج، مانەنـدی عیسـای مەسـیح، لە خـاچ دراوە و کــوژراوە، لەوەدا حەلـــلاج وەک مەســـیح وایە و

نزیکایەتییەک لەنێوان حەلـلاج و مەسـیحدا دەبینێت. واتە: ئەم حەللاجی پێ گرینگترە لە موحەممەد.

لەنێو ڕۆژهەڵاتناساندا هەن، بـێجگە لە مـوحەممەدان و مـوحەممەدانیزم، تـا ڕادەیەک ئیسـلام لە دەوار(ڕەشـماڵ، خێوەت، چادر) و هۆز، خێڵ و عەشیرەتدا کـۆ دەکەنەوە و دەبینن. واتە: دەڵێن بنەمای ئیسلام لە چاتۆڵێک و خەڵکێکی خێڵەکـی و بەدوو و بێئاواننشـینەوە هـاتووە و سـەری هەڵداوە. دیارە ئەم ڕوانینە نەک هەر لەناو ئەوروپاییەکـان، لەنـاو کـوردی خۆمانیشـدا هەیە. کـورد هەن وا بیـر دەکەنەوە، کە ئیسلام بە شارستانییەتی لم دادەنێن.

ولیـام جیفـۆرد(William Gifford Palgrave)، ڕۆژهەڵاتنـاس و قەشـەیەکی مەسـیحی و سـیخوڕێکی ئینگلیـزی بـوو، لە سـاڵی 1888 کـۆچی دوایـی کـردووە، دەڵێت: ئەگەر قورئـان نەمێنێـت و مەککەیـش، کە شـارێکی پیرۆزە و کەعبەی لێیە، لە وڵاتی عەرەب نەمێنێت و لەبەین بچێت، ئەودەمـی ئیـدی دەتـوانین بڵێـین، عەرەب خەریکـن ڕێـگەی خۆیـان دەدۆزنەوە و وردە وردە دەکەونە سـەر ڕێـیەک، بەرەو شارسـتانەتییان ببـات. ئەوەی ڕێـگەی لە عەرەب گرتووە و ناهێڵێت بەرەو شارستانییەت بڕۆن، تەنیـا موحەممەد و کتێبەکەیەتـی، قورئـانەکەیەتی. ئەمە ڕای ئەو پیـاوەیە، کە بـۆ خـۆی یەکـێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسـانەی، مەسیحی و قەشە بووە.

ویلـــیەم مــۆیر، ڕۆژهەڵاتناســـی ئینگلیــز، پێــی وایە شمشـــێرەکەی مـــوحەممەد و قورئــــان، دوو دوژمنـــــی ســــەرەکیی شارســـتانیەتی و ئـــازادین. واتە: بە ڕای ئەو، قورئــان و مــوحەممەد بــۆ ئەوە هــاتوون، دوژمنــایەتیی شارستانیەتی و ئازادی بکەن، هاتوون بیانڕمێنن و تێکیان بدەن و نەیانهێڵن.

ڕۆژهەڵاتناســــان لەبــــارەی پەیــــامهێنی ئیســــلامەوە، کۆمەڵێــک شــتی ناشــیرین دەڵــێن، وەک ئەوەی دەڵــێن: موحەممەد پیاوێکی بێئاکار، بێڕەوشت، ساختەکار، مێباز، کەسێکی هەمیشە عەودالّی سێکس بووە، چەندین ژنی هەبــووە، مرۆڤکــوژ بــووە، هەنــدێک جــار پێــی دەڵــێن منداڵباز(Pedophil)، چون ژنی تەمەن حەفت هەشت نۆ ساڵانی هێناوە، هەروەها، کە زەینەب(زینب بنت جحش)ی خواستووە، کارێکی خراپی کردووە، لەو کردەوانەدا لە لایەن پەیـــامهێنەوە و لە ئیســـلامدا، چەوســـانەوەی ژن دەبینن. ئەوە باسێکی فرە گرینگە لەنێو ڕۆژهەڵاتناسان و ڕۆژاواییاندا بە گشتی. ئێستاش هەموو ئەوروپا باسی ئەمە دەکەن، تەنـــانەت لێـــرەش، لە ســـوێد ئەو قســـانە دەگـــــوترێن. ئەم هاوســــێیانەی مـــــن لێـــــرە، ئەگەر خودانەخواستە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناکۆکییەک بکەوێتە نێوانمانەوە و باسی ئیسلام و جیاوازییەکانی لەگەڵ ئەم جڤاکەدا بێتە گۆڕێ، هیچ گومانم لەوەدا نییە، کە یەکسەر دەڵــــــێن، ئەوە ئێــــــوەن، کە ژن دەکــــــوژن، کە ژن دەچەوسێننەوە، کە ژن ڕۆڵی نییە، کە ژن بە لاتانەوە تەنیا

کراوە بۆ ئەوەی لە ماڵدا چێشت لێنێت، منداڵ پێبگەیەنێت و کاری شەو، خۆشی بێ یا ترش، لەگەڵ مێردەکەیدا بکات، ژن لەکن ئێوە هەر ئەوەیە. گەلێک جار ئەو ژنکوژییە، وەک تۆمەتێک، بە تایبەت بە کوردەوە دەنێن، چون کۆمەڵێک کوردی هۆشکول و قرێژ، لە ئەوروپا، بە ناوی «شەرەف و نامووس و سڕینەوەی شەرم و نەنگی»، برێک ژنکوژییان کرد.

زۆرێک لە ڕۆژاواییان، ئیسلام، بەو جۆرە لە هەمبەر ژن دەبینن و ئەو وێنەیەیان لا دروست بووە. بەرخودی پیاو لەگەڵ ژندا بەو جۆرە تێدەگەن، ئیسلام وەک ئایینی پیاو، تەنێ پیاو، ئایینی نێر، پێناسە دەکەن، کە هیچ پێوەندێکی، بێجگە لە کۆیلەیەتی، بە ژنەوە نییە. زۆر باسی چوار ژن هێنان دەکەن لە ئیسلامدا، کە پیاو مافی ئەوەی هەیە چوار ژن بهێنێت. باسی ئەوە دەکەن، کە ژن لە ئیسلامدا ئازادیی نییە، هیچ جۆرە ئازادییەک! پێیان وایە ئەو سەرپۆش و چارشێو و باڵاپۆشەی ژنانی موسوڵمان هەیانە، بە تۆبزی بەسەریاندا دەدرێن و پێیان دەپۆشرێن، یا هەر لە منداڵییەوە فێریان دەکەن و بەسەریاندا دەیانسەپێنن. باوک، برا، مام، خاڵ، نێرینە، ئەو جۆرە پۆشاکە فەرز دەکەن.

سەرەڕای ئەو جۆرە نۆڕینە پڕگومان و ناشیرینە بۆ پەیامهێنی ئیسلام، دەنگی دی و نۆڕینی دیکە لەنێو ڕۆژاواییاندا هەن و گەواهیی ئەوە دەدەن، کە پەیامهێن بە

مرۆڤێکی مەزن و کاریگەر دەبینن: مایکڵ هارت( Michael H. Hart)، فیزیازانێکی جووی ئەمەریکاییە و کتێبێکی بە ناوی ئەو سەد کەسەی فرەترین کاریگەرییان لە مێژوودا هەبووە ( The 100: A Ranking of the Most Influential Persons in History) ، لە ساڵی 1978دا نووسیوە و دواتر لە 1992دا جارێکی دی چاپ کراوەتەوە، ناوی سەد مرۆڤی جیهانیی نووسیوە و بە ڕیز دایناون و ئەوەی لە پێشە، گرینگترین و کاریگەرترینیانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. یەکەم ناو لەو ڕیزبەندییەدا، پەیامهێنی ئیسلام موحەممەدە. هارت، لەمەڕ ئەوەی بۆچی پەیامهێنی ئیسلامی داناوە، دەڵێت: «هەڵبژاردنم بۆ موحەممەد لە سەرووی ڕیزبەندیی ناوی کەسەکانی جیهان، کە فرەترین کاریگەرییان لە مێژوودا هەبووە، ڕەنگە لەکن هەندەک خوێنەر مایەی سەرسووڕمان بێت و لەکن هەندێکی دیکەش گومان، لێ موحەممەد، تاکە کەسێک بووە لە مێژوودا، کە بە پلەی باڵا لە هەردوو لایەنی ئایینی و دەوڵەتداریدا سەر کەوتووە.»

## قورئان و بڕێک نۆڕینی جیاواز

ڕۆژاواییان، بە شێوەیەکی گشتی، تا ڕادەیەک گومانیان لە مەسەلەی قورئان هەیە، باوەڕیان بەوە نییە، قورئان پەیامی خودا بێت و لە خوداوە نێردرابێت. پێیان وایە پەیامهێن موحەممەد بۆ خۆی نووسیویەتی، یا خەڵکی تر بۆیان نووسیوە. دیارە وەها باوەڕێک لەنێو ئیسلام بۆ

خۆیشیدا، هەبووە و هەیە. لەو جۆرە بیرکردنەوانە یا نزیک لەو تێزانە لەکن موعتەزیلە(المعتزلة)کان، کە لە بەسـرە، لە دەسـپێکی سـەدەی دووەمـی کـۆچی و لە سـەرەتای سـەردەمی ئومەوییـانەوە پەیـدا بـوون و لە سـەردەمی عەبباسـییاندا و لە کـاتی دەسـەڵاتی مەئموون(المـأمون)دا گەیشـتنە ترۆپکـی گەشـەکردنیان، هەبـووە. مـوعتەزیلە، ئاوەز(عەقڵ)گەرا بوون و هەر شتێک لەتەک ئاوەزدا، وێـک نەهاتـایەتەوە و نەگونجـایە، دەیانـدایە دواوە و قەبووڵیـان نەبوو. ئەوان، باوەڕیان بەوە بوو، کە قورئان خەلق کـراوە. ئیبن ڕوشد(إبن رشد)ی فیلۆسۆفی بەناوێی ئیسـلام، کە لە 1198دا لە مەڕاکـیش کـۆچی دوایـی کـردووە، بە هـۆی هەندێک دید و باوەڕ و بۆچـوونی تـایبەتیەوە، بە بێـدین و کافر و خودانەناس تۆمەتبار کرا و کتێبەکانیان سـووتاند و پەتپەتـی دنیایشـیان بە خـۆی کـرد. مـن ڤیـدیۆیەکی عەبـدولکەریم سـرووش(عبدالكريم سـروش)م بینـی، کە زانـایەکی گەورە و فیلۆسـۆفێکی موسـوڵمانە، لەگەڵ کەسێکدا پێکەوە گوتـوبێژ دەکەن، باسـی ئەوە دەکـات، کە زۆر شت لە قورئاندا هەیە، قسەی خودا نییە و شـتگەلێکن، هیی پەیـامهێن مـوحەممەدن و تـێکەڵ بە قورئـان کـراون، کاتێـک نووسـراوەتەوە و خـڕ کـراوەتەوە. وەک نمـوونە، باسی سوورەتی فاتیحە[8] دەکـات و پێـی وایە ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ

[8] ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ

نَسْتَعِينُ ۝٥ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ۝٦﴾، پــاڕانەوەی کەســێکە لە خودا، داوایەکە کەسێک لە خودا دەیخوازێت، کە دیارە ئەو کەسە پەیامهێنە، چون خودا پێویستی بەوە نیـیە لە خـۆی بپـاڕێتەوە و بێژێـت تـۆ دەپەرسـتین و داوای پێشـاندانی ڕێـگەی ڕاســت لە خــۆی بکــات. کەواتە ئەو پــاڕانەوە و داخوازییانە، قسەی پەیامهێنن و تێکەڵ بە قورئان کراون.

تەنـێ ڕۆژهەڵاتناسـان نـین، لەو جـۆرە بۆچوونانەیـان هەن، لەنێو ئیسلام و جیهانی ئیسلامیشـدا هەن. ئەوەش چ کێماسییەک ناگەیەنێـت، بەڵـکە دەشـێت وەک گەنگەشــە و قووڵبــوونەوە و دۆزیــنەوەی هــزری نــوێ وەریگــرین و بخرێنە سەر خەرمانی ئەو هەموو توێژینەوە و فەلسەفە و هزرانەی لە جیهـانی ئیسـلامیدا گەشـەیان کـردووە. ئێسـتا سەردەمێکە، تەنێ قورئان و کتێبەکانی بوخاری و موسـلیم و ئەلکافی(الكافي) و... دەڕۆستی ژیـان و سـەردەمی نـوێ نایەن. مرۆڤ، لە جیهانی ئیسلامیدا، ناتوانێت بەوەی تەنـێ لەو کتێبــانەدا هــاتوون، خــۆی بە خــودانی هەمــوو ڕاستییەکان بزانێت، ئەوە داخـراوییەک دەهێنێـتە گـۆڕێ و دەرکەی جیهان بە ڕووی مرۆڤدا کلۆم دەکات.

---

عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧﴾

**ڕۆژاواییان، چ جۆره ئیسلامێکیان پێ باشه و نه‌یاری کامیانن**

مرۆڤ کاتێک دژایه‌تیی که‌سێک، دیارده‌یه‌ک، هزرێک، نه‌ته‌وه‌یه‌ک، ئایینێک، خه‌ڵکێک، فه‌لسه‌فه‌یه‌ک و... ده‌کات، فره جار له ناڕوونیی به‌رچاو و ناشاره‌زایی و نه‌زانینیه‌وه له‌و شته، به‌و جۆره به‌رخورد ده‌کات. ئیمام عه‌لی ده‌ڵێت: «الناس أعداء ما جهلوا»، واته: خه‌ڵک دوژمنی ئه‌وه‌ن، که نایزانن. گه‌لێک جار ڕۆژئاواییه‌کان، ئه‌وانه‌ی خه‌ڵکه گشتییه‌که، خه‌ڵکی ئاسایی سه‌رجاده، له نه‌زانینه‌وه‌یه، که دژایه‌تیی ئیسلام ده‌که‌ن، لێ ڕۆژهه‌ڵاتناسان، ئۆلکاران، داگیرکه‌ر و کۆلۆنیالیستان، مه‌به‌ستی تریان له دژایه‌تیی ئیسلامدا هه‌یه. ئه‌وان ئیسلام به مه‌ترسی ده‌زانن.

نووسه‌ر و ڕۆماننووسی ناسراوی ئینگلیز ئه‌نتۆنی بێرجز(Anthony Burgess)، که له ساڵی 1993دا کۆچی دوایی کردووه، له ڕۆمانێکیدا به ناوی«1985»، باس له عه‌ره‌ب و موسوڵمانان ده‌کات، که ئیدی له‌و ساڵانه‌وه به‌ره به‌ره دێنه شاری له‌نده‌ن و خانوو و زه‌وی و بازاڕ و موڵک ده‌کڕن و ده‌بنه خاوه‌نپووڵ و سه‌رمایه‌دار و شێوه‌ی ژیانی شاری له‌نده‌ن به بانگ و مزگه‌وت و ڕه‌مه‌زان ده‌گۆڕن و به توانسته دارایی و هزری و باوه‌ڕی و مرۆییه‌کانیان، بریتانیا داگیر ده‌که‌ن و ده‌بنه مه‌ترسییه‌کی گه‌وره له‌سه‌ر ژیانی مرۆڤی ئه‌و وه‌ڵاته. پاش ڕمانی بلۆکی سۆڤێیت، ئه‌نتۆنی بێرجزم، له دیدارێکی ته‌لیڤزیۆنیدا بینی، هه‌ر فره ڕاشکاوانه و به ئاشکرا، ده‌یگوت، که ئیدی مه‌زنترین ترس

و خەتەر لەسەر ڕۆژاوا و شارستانەتیی ڕۆژاوا، ئیسلامە. لە کاتێکدا بەو جۆرە دەنۆڕنە ئیسلام، ئەوان دژایەتیی بوودایی، هیندۆسی، کریشنا، تاویزم، بەهائی، زەردەشتی، ئێزدی، یارسان، مەندائی و... ئایینەکانی تر ناکەن. دژایەتیی ئەوانە ناکەن، چون پێیان وایە ئەوانە، ئایینگەلێکن یا کۆمەڵێک بیروباوەڕ و فەلسەفەن، کە هەرگیز ناتوانن ئەو کاریگەرییە بەهێزەیان لەسەر مەسیحییەت و هزر و شارستانەتیی ڕۆژاوا هەبێت. وەک دژایەتییان ناکەن، هەوڵ دەدەن گرینگییان پێ بدەن و ئاسانکارییشیان بۆ بکەن.

ئێستا لە ئەوروپا بە سەدان پەرستگەی کریشنا، بوودایی و... هەن، دیارە سەدان مزگەوت و پەرستگەی موسوڵمانانیش هەن. لە ڕۆژاوا، کە ئازادیی ڕادەربڕین و باوەڕ و ئازادییەکانی دیکەش، بە قانوون پارێزراون، خەڵک دەتوانن چی دەپەرستن و چۆن دەیپەرستن و کەی دەیپەرستن، بە ئازادی بۆ خۆیان و بێ ڕێگری ئەنجامی بدەن. تاکە جیاوازییەک، کە هەیە، ئەگەر نەیشێڵێن و دەریشینەبڕن، ترسیان لە ئیسلام هەر هەیە، لێ ئەو ئایینانەی دیکە بۆ ئەمان، «بێپا»کانن و ئیسلام «پادار»ە. لە ئیسلامدا، ڕۆژاواییان پێیان خۆشە، باسی مەولانای ڕۆمی، حەلاج، هەزارویەک شەوە(ألف ليلة وليلة)، ئیبن عەرەبی(محيي الدين بن عربي)، عومەر خەییام(عمر خيام)، حەمامی تورکی و... بکەن، چون ئەمانە خەڵک و شتگەلێکن، تا ڕادەیەک ئەو ڕەهەندە خەست و زەقە ئیسلامییەیان تێدا نین، کە بە توندی هێما ئایینەییەکان

تێیانـدا دەرکەون. تـۆ دەتوانیـت لەنێـو هەر خەڵـک و هەر مـیللەت و هەر ئـایین و هەر جڤاکێکـدا، بـێ تـرس و بـێ سڵەمینەوە، بـاس لە مەولانـای ڕۆمـی یـا خەییـام و ئیـبن عەرەبی بکەیت، کەس ناتوانێت بێژێت ئەمـانە مرۆڤگەلێکـی موسوڵمانن، ئیبن عەرەبی، کە بە شـاعیری خۆشەویسـتی ناسراوە، وەک نموونە، جوانترین پەیام لە هزرەکـانی ویـدا ئەوەیە، کە جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکان و باوەڕ و ئـایین و ئایینزا و ڕێبازەکانیاندا ناکات، ئەو دەڵێت: «أدين بدين الحب أنـى توجهـت مراكبـه... فالحـب دينـي وإيمـاني»، واتە: (مـن باوەڕم بە ئایینی خۆشەویسـتییە، گەمییەکـانی بەرەو هەر کوێیەک بچن... خۆشەویستی ئایین و باوەڕمە). مەرج نییە تەنــێ موســوڵمان بەو جــۆرە قســە بکــات، دەشــێت ئەوروپاییش بەو جۆرە بئاخڤێت. گوتارەکانی ڕۆمی یا ئیبن عەرەبـی، کە موسوڵمانیشـن، بەرینتـر و مرۆڤـانەتر دێـنە بەرچاو و دەبیسرێن. هەر بۆیە مەولانـا، ئیـبن عەرەبـی یـا خەییــام، کــراونە بە چەردەیەک لە زمانــانی ئەوروپــایی مانەنـدی، ئینگلیـزی، فرانسـی، ئەڵمـانی، سـوێدی و زۆری دیکە.

**پەسندان، ڕەخنە، هەمیشە خوێندنەوەی نوێ بۆ ئیسلام**

لەنێو ڕۆژهەڵاتناساندا هەن بە باشە باسـی ئیسـلام دەکەن و هەن ڕەخنە لە ئیسلام دەگـرن، هەردوو جـۆرەکەی هەن. وەنەبێت هەر هەموویان ڕەخنەگر بـن، پەسـندەریش هەن، بەڵام تەنــانەت ئەوانەیشــی کە پەســنی ئیســلام دەدەن،

ئەوانەیــش وەدووی نــاتەواویی ئیســلامدا دەگەڕێــن و دەسـتبەرداری نـابن، بەنێـو بنجوبناوانیـدا دەگەڕێـن و کە شـتی وردەڵە دەدۆزنەوە، دەیـکەن بە هەرا و دەڵـێن ئەهـا نەمـــانگوت! کە تەماشـــای ئـــایینی ئیســـلام، لە ڕووە جڤـاکییەکەیەوە، لە ڕووە فەرهەنگیـیەکەیەوە بکەیـت، تـا ڕادەیەک ئێسـتا، لەم سـەد سـاڵەی ڕابوردوویـدا، هەسـت دەکەیت بەرە بەرە و هەندەک جار فرە خێرا، جێگە بۆ بەهـا ڕۆژئاواییەکان، بۆ فەرهەنگـی ڕۆژئـاوایی، چـۆڵ دەکـات و بەها و فەرهەنگی ڕۆژاوای بەسەردا زاڵ دەبێت. موحەممەد عەبدە(محمد عبـدە) و جەمـالوددین ئەفغانی(جمـال الـدین أفغــاني) و مــوحەممەد ئەرکۆن(محمــد أرکــون) و عەلــی شەریعەتی(علی شریعتی) و سەیید حوسەین نەسر(سـەید حسین نصر)، ئەمانە خەڵکـانێکی ناسـراو و خاوەنپەیـام و بیرمەنــد و نووســەر و فیلۆســۆف و زانــان، لە بــواری ئیسـلامەتی و ئیسلامناسـیدا، پێیـان وایە و کرۆکـی بیـر و هزری ئەوان ئەوەیە، ئەگەر تۆ بتەوێت ململانێ و ڕکابەری یا پێشبڕکێ لەگەڵ ڕۆژئاوادا بکەیت، تۆ تەنێ بە کۆمەڵێـک ئــامرازی ســادە و ســاکار و بەو تویێشــوو و کۆڵەپشــتە هزرییەی، کە هیچ گۆڕینێکت تێدا نەکـردووە و نەتـگەرەکە بیکەیـت، ناتوانیـت لە هەمـبەر ئەوانـدا بەرگە بگریـت. تـۆ گەرەکە خۆت نوێ بکەیـتەوە، گەرەکە بەردەوام ئیسـلام لە دیدێکی نوێوە بخوێنیتەوە، ڕەخنەگرانە تەماشای ناوەڕۆک و پەیــامی دەقەکــان بکەیــت. گەرەکە ســنوورێک بــۆ بیرکردنەوەت دانەنێیت و دانەنرێـت و سـوود لە زانیـاری و

پێشــکەوتنی ڕۆژاوا وەرگریــت. کەس ناڵێــت ســوودی لــێ وەرمەگــرە و هــیچ ڕێ لەوە ناگرێــت، لە هەمــوو ئــامراز و شــێوازە باشــەکانیان، تەکنۆلــۆگی، زانســت، کۆمەڵناســی، فیلۆسوفی و... یـا هەر شـتێکی تریـان، سـوودمەند بیـت و بەو جـۆرە خـۆت بەهێـز بکەیـت. کە بنـاخە و بنەمـایەکی بەهێزت هەبوو، ئیدی لەوێوە دەست پێ دەکەیت و لەســەر پێی خۆت ڕادەوەستیت و باوەڕت بە خۆتە.

ئیســـــلام، دەبێـــت خـــۆی نـــوێ بکـــاتەوە و لەو وردەکارییانەدا نەوەستێت، کە زۆر جـار لەنێـو مـزگەوت و لەنێـو خەڵکـدا بە سـەعاتان بـاس دەکـرێن، وەک باســی دووپشک و ئاگری دۆزەخ و خـواردن بە دەسـتی چەپ یـا ڕاست و دنیایەک شتی تر، کە شتگەلێکی تایبەتن بە مرۆڤ خــۆیەوە، بە تــاکەوە، کە هێنــدە بیســـتراون، مــرۆڤ تــا ڕادەیەک بێزار دەکەن و هیچ سوودێکیشیان بۆ داهـاتووی کـــۆمەڵ نیـــیە. زۆر بە دەگـــمەن لە مزگەوتـــدا، بـــابەتی فەرهەنگــی، بــابەتی کــۆمەڵایەتی، سیاســەت، ئــابووری، جیاوازیی چینایەتی، کێشە گەورەکان، دەخـرێنە بەر بـاس، ئەگەر نەڵـێم هەر نـاخرێن. ململانێـی جیهـانی ئیسـلامی و ڕۆژئـاوا، ئیمپریـالیزم، هەرگیـز بـاس ناکرێـت. دیـارە ئەو باسنەکردنانە، پتر لەکن ئیسـلامی سـوننە و مزگەوتەکـانی سـوننە وان، لەکـن ئیسـلامی شـیعە، هەمـوو باسـێک، لە سیاســــەت و ئـــــابووری و ئیمپریـــــالیزم و ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتەوە بیگـــرە تـــا دەگـــاتە باســـی ســـێکس، دەورووژێنـــرێن و بـــاس دەکـــرێن. پـــێم ســـەیرە، ئەم

ڕۆژهەڵاتناسـییەی، لێـرەدا باسـی دەکەیـن و بـۆ خـۆی بابەتێکی گەلێک گرینگە، بۆ لە مزگەوتەکاندا باس ناکرێـت؟ بۆ لە خوێندنگەکان و زانستگەکاندا بـاس ناکرێـت؟ بـۆچی لەسەر تەلیڤزیۆن باس ناکرێـت؟ مەبەسـتم لە کوردسـتانی لای خۆمان!

**ترس لـە ئیسلام، ئیسلامۆفۆبیا** (Islamophobia)

ئەو ترسـەی لە ئیسـلام، کە لە زمانـانی ئەوروپاییـدا ئیسـلامۆفۆبیای پـێ دەگوترێـت، ڕۆژاوایـی ئەوەی هەیە، ئەوان لە ئیسلام بەگومانن و ناتوانن باوەڕی پێ بکەن. ئەم ئیسـلامۆفۆبیایە، لەمێـژ نیـیە، وەک تێـز هـاتۆتە گـۆڕێ. پاشـخانی ئەم تـرس و زەنـدەقچوونە پتـر، لە تێـز و تیۆرییەکانی پێکدادانی شارستانییەتەکان و کۆتایی مێـژوو و ئـێمە و ئەوانـی جـۆرج بـووش(George W. Bush) و یانزدەی سـێپتەمبەر و ئەوانەوە، تەشـەنەی کـرد و بەنێـو خەڵکی ئاسایی ڕۆژاواییشـدا بـڵاو بـووەوە. کە فۆکـۆ یامـا (Francis Fukuyama) جەخـت لەوە دەکـاتەوە، سـەرمایەداری دوا وێسـتگەی مرۆڤـایەتییە و ئیـدی دوای ئەو هیچـی دیـکە نیـیە، مەبەستیشـی ئەم سـەرمایەدارییە ئەمەریکییەیە، کە نیولیبراڵیزمی بەرهەم هێناوە و ئەمەریکا پیـادەی دەکـات و لە سـەردەمی ڕۆناڵـد ڕیگـن( Ronald Reagan) و مارگرێت تـاتچەر(Margaret Thatcher)ەوە، کە دەکرێت بە «ڕیگنیـزم» و «تـاتچەریزم» ناویـان بـبەین، پەیدا بووە و دەستی پێ کردووە و ئێستاش پێڕۆ دەکرێت.

ئیدی ئەمە بە ڕای فۆکۆیاما کۆتا شتە، ئیتر تۆ کە ئەمە دەبیستیت، پێت وایە مرۆڤ هیچی پێ ناکرێت، تەواو!

دیارە ساموێیل هانتینگتۆن ( Samuel Phillips Huntington)یش شارستانییەتییەکان بە گژ یەکدا دەدات و پێی وایە، لەنێو خۆیاندا لە ململانێدان، ڕۆژاوا دژ بە ئیسلام، ڕۆژهەڵات دژ بە ڕۆژاوا، ئیسلام دژ بە ڕۆژاوا، بۆ ئەوەی کێ کۆنترۆڵی کێ بکات. ڕۆژاوا، کە دەڵێن ئیسلام، کە دەڵێن ڕۆژهەڵات، بە دوو جیهانی دادەنێن، جیهانێکی ڕۆژئاوا و جیهانێکی ڕۆژهەڵات، واتە: لە مێشکی خۆیاندا شتێکیان دروست کردووە، پێی دەڵێن ڕۆژهەڵات، ئیدی لەوێوە تەماشای شتەکان دەکەن. هەموو ئەوانە پاشخانن بۆ ترس لە ئیسلام.

ئامراز و هزر و جیهانبینییەک، کە یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی تیۆری ئیسلامۆفۆبیا و تێزەکانی فۆکۆیاما و هانتینگتۆن و دیدە ڕۆژهەڵاتناسییەکان، جیهانگەری(Globalization)یە. ئەمە بووەتە هۆی نەمانی سنوور، دیارە پتر لە ڕێی ئابوورییەوە. کۆمپانیایەکی ئەمەریکایی دەچێت لە چین کار دەکات، کۆمپانیایەکی چینی دەچێت لە کۆنگۆ کار دەکات، کارگەیەکی فرانسی دەڕواتە تایلاند کار دەکات، کۆمپانیایەکی بریتانی بەشێک لە کارەکانی لە چین و بەشێکی تری لە برازیل و بەشێکی دیکەی لە هیندوستان دەکات. لە ڕێی ئابوورییەوە، هەموو سەرمایە و کار و بەرهەمەکان دەبەسترێنە یەکدییەوە. هەموو جڤاکەکان، گەلەکان، نەتەوەکان، پێکەوە گرێ

دەدرێن. فەرهەنگەکان کار لە یەکدی دەکەن. زمانە مەزن و دەوڵەمەندەکان، زمانی زلهێزەکان زاڵ دەبن و یەک زمانی جیهانی دروست دەبێت. نەتەوە و گەل و دەوڵەت و ئابووری و سیاسەت و مرۆڤ و زمان و فەرهەنگە بچکۆلەکان، لاوازەکان، یا لاوازتر دەبن و دەپووکێنەوە، یا نامێنن و لەبەین دەچن. ئێمەی کوردیش، ئێمەی جیهانی ئیسلامییش، بۆ خۆیشمان یەکێکین لەو لاوازانە؛ چون لەسەر پێی خۆمان نەوەستاوین، چون داهێنان و شتێکی گرینگمان بە مرۆڤایەتی، بە جیهان، بە ژیان، نە پێشکەش کردووە و نە دەیکەین. سەرباری هەموو ئەوانە، مەسەلەی سێکۆلاریزم(Secularism)یش هەیە. واتە: عەلەمانی یا دنیاگەری، دنیایەتی[9].

**ڕۆژاوا و ڕەگەزپەرستی**

مەسەلەی ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، ڕەیسیزم(Racism) و بیرکردنەوەی لەو جۆرە، لەکن ئەوروپاییەکان و ڕەگەزی سپی، زۆر لە مێژە هەبووە و داهێنانێکی نوێ نییە. لە سوێد، کارڵ ڤۆن لینێ( Carl von Linné) هەبووە، کە ڕووەکناس، درەختناس و گیاناس

---

[9] دایکم، کاتی خۆی کە باسی کەسێکی بکردایە، کار دەکات و شەکەت دەبێت و ماڵ بەخێو دەکات و گرینگی بە ژیان دەدات و پەرۆشی شتی دنیایی و ژیان و ئەو جۆرە شتانەیە، دەیگوت: فڵان کەس دنیاریکەرە، دنیاری دەکات (دنیاریکردن)، جا ڕەنگە سێکۆلاریزم بە دنیایەتی، دنیاگەری، دنیاریکەری بچوێنرێت.

بووه، لەو بوارەدا کاری کردووه، ڕەنگە بە دەستەواژەی ئێستا بە کوردی پێی بگوترێت: ڕووەکۆلۆگ، گیالۆگ یا دار و درەختۆلۆگ. ئەم پیاوە زانایەکی گەلێ گەورە و ناسراو بووە لەسەر ئاستی جیهان. ساڵی 1778، لە شاری ئوپسالا (Uppsala) لە سوێد کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانایە، پێی وا بووە، ڕەگەزی سپیی ئەوروپایی لە ڕەگەزەکانی تری وەک ڕەش و بۆر و قاوەیی و ئەسمەر...هتد پێشکەوتووترن، بەهێزترن، باڵاترن و ڕەگەزەکانی تر نزم و خراپن و نابێت وەک مرۆڤ سەیر بکرێن و ئەسڵەن مرۆڤ نین. لینێ، نزیکەی سێسەد ساڵێک پێش ئەمڕۆ، ئەم بیرکردنەوەیەی هەبووە و گوتوویەتی. تێز و هزرەکانی لینێ، بوونەتە بنەمایەک بۆ توێژینەوەیەک، کە پێیان گوتووە نەژادگەرایی بیۆلۆگی یا ڕەگەزپەرستیی زانستی (Scientific racism، Biological racism)، واتە: تـوێژینەوەی ڕەگەزی و بیۆلۆگی بە شێوازێکی زانستی. ئەم تێزە سرووشبەخش بووە بە بزاڤ و بیری نازیزم و نازیستەکان و ئەوان سوودیان لەم لێکۆڵینەوانە بینیوە. بەگوێرەی ڕەنگی پێست و خوێن و شێوەی لووت و گوێ و ڕەنگی چاو و برۆ و چی و چی، بڕیاری باشی و ئاوەزداری و هۆشیاری و گەمژەیی و دەبەنگی و ڕەسەنیەتی و ناڕەسەنیەتیی مرۆڤیان داوە. هەموو ئەمانەیان لە تاقیگەدا بەکار هێناوە، ڕێک وەک مادده توێژینەوەیان تێدا کردووە، نازیستەکان سوودیان لە هزر و زانستەکانی لینێ وەرگرتووە.

کارێک، کە لینیݛ لەو بوارەدا کردوویەتی، هانـدەر بـووە بـۆ بـابەتی کـۆیلایەتی، کە سپیپێسـتانی کۆلۆنیالسـت و ڕەگەزپەرست و سەرمایەداری ئەوروپـایی و ئەمەریکـایی، لە ئەفریقاوە مرۆڤی ڕەشپێستیان وەک کۆیلە، بـۆ وڵاتـانی ئەوروپـا و ئەمەریکـا هێنـاوە و کاریـان پـێ کـردوون و بە هەمـــوو شـــێوازێک بەکاریـــان هێنـــاون و فـــرە لە ئـــاژەڵ کەمتـریش مامەڵەیـان لەگەڵـدا کـردوون. بیـری لینـێ، کە باوەڕی بەو کارە بووە و پێـی وا بـووە، ئەو مرۆڤـانە، ئەو ئەفریقاییە ڕەشپێسـتانە، بـێکەڵکن و خەڵکـانێکن لە مـرۆڤ کەمترن و پێویستە لە ڕۆژئاوا کاریان پێ بکرێت، هاندەر و بنەما بووە بـۆ ئەو کـارە قێـزەونەی بەرانـبەر ڕەشپێسـتان کراوە، لە ئەوروپـا و ئەمریکـا و لە تەواوی وڵاتـانی بەنـاو «پێشکەوتوو». ئەوەتا ئێسـتاش دەبینـین، ڕەشپێسـتان، لە ئەمریکـــا، فرانســـا و وڵاتـــانی تـــری ئەوروپـــا لە چ بـــار و ڕەوشـێکدان. دەوڵەتـانی سـەرمایەداری و کۆلۆنیالیسـتانی ڕەگەزی سپی، ڕۆژاوایی و ئەوروپاییان، هەمیشـە دەرێـی ئەوروپا، وەک دەسـتی دوو و نەویتـر لە خۆیـان دەبیـنن. ڕوویان لە هەر جێیەک کردبێت، خەڵکی ئەو جێیەیان وەک کـۆیلە و لە مـرۆڤ کەمتـر تەماشـا کـردووە و بەو چـاوە بەرخوردیـــان لەگەڵـــدا کـــردوون. ئەمە، داگیرکردنـــی ئەو وڵاتانەی لەکن ئاسانتر کردوون. هیندوستان و ئەمەریکـای لاتین(ئەمریکـــــای خـــــواروو) دوو نمـــــوونەی زەق و لەبەرچـــاون. وەهـــا کارێکیـــان، هـــیچ پێوەنـــدێکی بە

ڕۆژهەڵاتناسی و ئیسلامەوە نەبووە، تەنێ سەرمایەداری و داگیرکاری، پاڵنەریان بوون.

کریستۆفەر کۆلۆمبوس(Christopher Columbus)ی بازرگـــانی بە ڕەچەڵەک ئیتـــالی و دواتـــر ســـپانی، کە لە 1492دا گەیشتووەتە ئەمەریکا و بە بۆچوونی ڕۆژاواییـان «ئەمەریکـــای دۆزیـــوەتەوە»[10]، کە خـــۆی و هـــاوڕێ چەتەکانی و دواتر ئەوروپاییان، گەیشتوونەتە ئەوێ، ئیدی دەســـــتیان بە کـــوژتن و لەنێـــوبردن و قڕکردنـــــی ئەو دانیشتووانە ڕەسـەنانە کـردووە و هەمـوو شارسـتانەتی و فەرهەنگ و زمان و ئـایینی ئەوانیـان، سـڕیوەتەوە و وەک دڕندە و هۆڤ مامەڵەیان لەگەڵـدا کـردوون. شارسـتانەتیی هەزاران ساڵەی ئینکـا (Inka/Inca)، کە لە پەروو، بۆلیڤیـا، ئێکوادۆر، چیلی و ئەرجەنتینی ئێستا بووە و شارستانەتیی مایـا (Maya)، کە لە مەکسـیک، گواتیمـالا، سـلڤادۆر و هیندوراســـی ئێســـتا بـــوو و دەیـــان شارســـتانەتیی پێشکەوتووی دیکەی ئەو کیشوەرەیان ڕیشەکێش کردووە

---

[10] ئەمە درۆیەکی گەورەیە، چون ئەمەریکا، هەزاران ساڵ پێش چوونی کۆلۆمبوسی تورەهات، هەر هەبووە و چەنـدین جـۆر گەل و خەڵـک و نەتەوەی لێ بوون و ژیـاون. ئەوانەی ئێسـتا پێیـان دەڵـێن ئینـدیان یـا هیندییە سوورەکان، نە هیندیی سوورن و نە ئیندیان، بەڵکە وەک چۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، عەرەب، فارس، کـورد، ئـازەری، تـورک، ئەرمەن، ئاشووری و... هەن، ئەوانـی ئەمەریکـایش هەر بەو جـۆرە بـوون. هەر خەڵک و گەلێـک لەوانە، خـاوەنی زمـان و فەرهەنـگ و ئـایینی خۆیـان بوونە و هەموو تایبەتمەندییەکی خۆیان هەبووە.

و سڕیوەتەوە. زمانیان کردوون بە سپانی و پورتوگالی و ئایینیان کردوون بە مەسیحی. هەمان کاری دزێو، لە ئیندۆنیسیا و فیلیپین و تەواوی ئەفریقیا، لەسەرێ ڕا تا خوارەوە، کراوە. ئەگەر شۆڕشی جەزائیری نەبووایە، دیارە جەزائیرییەکان کۆمەڵێک شۆڕشیان کردووە، مەبەستم دوا شۆڕشیانە، کە بە شۆڕشی نۆڤەمبەر ناسراوە و تێیدا سەر کەوتن و ئازادییان وەدەست هێنا، بەرانبەر فرانسییەکان، کە 132 ساڵ جەزائیریان داگیر کردبوو و لە هەموو ئاوایییەک کەنیسەیەکیان کردبووەوە و خەڵکیان دەمەسیحییاند و زمانە عەرەبییەکەیان دەسڕینەوە و فەرهەنگی عەرەبی و ئیسلامییانیان دەشێواندن و لەبەین دەبردن و مێشکی خەڵکیان تێک دەدا و دەشۆردەوە، لەو باوەڕەدام، جەزائیر، وەک فەرهەنگ و ئایین و زمان، ئێستا نەمابوو، بە تەواوەتی توابووەوە و خەڵکەکەیشی بووبوونە فرانسی. ئێستاش، دوای ئەو هەموو ساڵە، کە وڵاتانی مەغریبی عەرەبی، جەزائیر و توونس و مەغریب، لە کۆڵۆنیالیزم ڕزگاریشیان بووە، هێشتا کاریگەرییان لەسەر ماوە. من گەشتی توونس و مەغریبم کردووە، لێ جەزائیر نەڕۆیشتووم، لەو دوو وڵاتە، کابرای تەماتەفرۆش، نانفرۆش، خورمافرۆش، هەرچی فرۆش، لەسەر عەرەبانەیەک یا لە فرۆشگەیەکی گچکەدا، نزیکەی هەموویان، ژمارەی دانە و گرام و کیلۆ و پارە، بە فرانسی دەڵێن، بە عەرەبی نایانزانن! ئەوە کاریگەریی مێشکشۆردنەوە و سڕینەوەی زمان و فەرهەنگە.

تۆ بیر لەو وڵاتانەی لای خۆمان، بە تایبەت کورد و وەڵاتی کورد بکەوە، بزانە چ کارەساتێکە! لە بندەستی کۆڵۆنیالیزمی تورکیدا، کوردی باکوور، زمان و فەرهەنگی لەبەین دەبرێت و زازای لە کوردبوون دوور دەخرێتەوە. کوردی فەیلی، کوردی کەرکووک و مووسڵ و شنگال و خورماتوو و خانەقی و مەندەلی و... لەنێو عیراقی عەرەبیدا زمان و فەرهەنگی دەسڕدرێتەوە، ئێزدی لە کوردستان و عیراقیێ وەک ناکورد دەژمێردرێن، لوڕ و کەڵهوڕ و هەورامی و لەک و... لە ئێران لە کورد دادەبڕدرێن.

**سەری مارەکە سەرمایەدارییە**

تەواوی ئەوەی بەسەر ئەفریقا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتیندا هاتووە و تەواوی کۆڵۆنیالیزم، لە سەرمایەدارییەوە سەری هەڵداوە. سەرمایەداری، ئەوەی مارکس باسی دەکات و شیکاریی تێدا کردووە، بە ڕاستی وایە، بە ڕاستی کارەسات و بەڵایەکە، هەموو مرۆڤایەتیی تەنیوەتەوە و جڵەوی هەموو دنیای گرتووەتە دەست و مێشکی مرۆڤایەتییشی قایل کردووە بەوەی، هیچ بریبەکی دیکە و جێگرەوەیەکی سەرمایەداری بە تایبەت لە شێوازە نیولیبراڵیزمەکەیدا نییە. جاران بلۆکێک، بەرەیەکی دیکە هەبوو پێیان دەگوت بلۆکی سۆسیالیست، هەرچەند سۆسیالیستیش نەبوو، بەڵام هەر باش بوو دژی ڕۆژاوای سەرمایەداری وەستابوو. نەما، ڕماندیان، توانییان لەناوی ببەن. جاران ماو، کاسترۆ، بین بیللە، ماندێلا، مۆگابی،

قەززافــی و... هەبــوون، دەنگێکیــان هەڵــدەبڕی، هیچیــان نەمان. تاکە شوێنێک، کە ئێستا نووزەیەکی لێوە دێت و بە شـــێوازێک دژایەتیـــی ئەم گڵۆبـــالیزم و ئیمپریـــالیزم و نیــولیبراڵیزمە و کۆمەڵێــک ئیزمــی تــر دەکــات، کۆریــای بــاکوورە، کە ئەو کــوڕە خــڕەکە، کــیم یونــگ ئــون( Kim Jong-un) سەرۆکیانە. ئەو باشــە، بــاش نیــیە، دیکتــاتۆرە، هەرچییەکە، گرینگ ئەوەیە دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژاوا قســە دەکـــــات. ئێـــرانیش قســــە دەکـــــات. دیـــــارە ڕۆژاوا و ئیمپریــالیزمیش، دژایەتیــی ئەو جــۆرە وەڵات و کەســانە دەکەن. ئێستاش ڕۆژاوا دژایەتیـی کووبـا و ئێـران دەکەن. ئەوەتا لە ئەفغانستان، لە عێراق، لە ســووریا، لە یەمەن، لە کۆنگۆ، چییان کردووە و چی دەکەن!

سەرمایەداری، ئیمپریــالیزم، کۆڵۆنیــالیزم، نیــولیبراڵیزم، گڵۆبـــــالیزم، هەمـــــوو ئەوانەی هێنـــــاوەتە بەرهەم، ســـــەرمایەداری ڕۆژهەڵاتناســـــیی دروســـــت کـــــردووە. ســــەرمایەداری، گەلانــی جیهــانی ســێیەمی بەو دەردانە بــردووە، کە ئێســتاش پێیــانەوە دەتلێــنەوە و ئێســتاش بە ئیمپریالیزمی جیهانییەوە گرێیان دەدات. ئێستا خەڵک دێـت باســی ســوێد دەکــات، کە وڵاتێکــی مرۆڤدۆســتە، ئــارامە، ئاساییش و ئاسوودەیی و خۆشــگوزەرانیی تێدایە، ڕاســتە وایە، بەڵام پاشــخان و دیــوێکی تریشــی هەیە. ئەلفرێــد نووبێـــل(Alfred Nobel)یـــان هەیە، ئەوەی ســـالانە خەڵاتەکەی دەبەشــنەوە، خەڵاتــی نووبێـل، لە کوردســتان پێی دەڵێن نۆبڵ یـا نۆبـل، لـێ بـۆ خـۆی «نووبێـل»ە. ئەم

نـووبێله، کیمیـاگەر بـووه، دینامیـت(Dynamite) و شـتی تەقینـەوەی دروسـت کـردووه، کە هـۆی کـوژتنی مـرۆڤه. ڕۆژاوا، لەگەڵ هەمـــوو پێشـــکەوتن و پێشخســـتنێکی مرۆڤـــایەتی و بانگەشـــەیەکیدا بـــۆ مـــافی مـــرۆڤ و مرۆڤدۆسـتی، بـۆمبی ئەتـۆم (Nuclear /Atom bomb bomb)ی بەرهەم هێنـاوە و بەسـەر مرۆڤـی ناڕۆژاواییـدا کێشاوە، کە هیرۆشیما و ناگاساکی، شاکارەکانیانن. ڕۆژاوا، هیـتلەر و مۆسـۆلینی و فرانکـۆ و جـۆرج بووشـی بەرهەم هێناوە، لـێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، دڕنـدەیی و نـامرۆڤی و نـــاجەوانمەردیی ڕۆژاوا، بە مەردی و مرۆڤدۆســـتی و کوڕەخاســـەیی بـۆ ئـێمە بژمێردرێـت و هەمـوو کەس و هەمـوو شـتەکانی وەڵاتـانی لەمەڕ خۆمـان بـێخەوش و فریشتەئاســـا بـــن، تەنـــێ لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتـــی و موسوڵمان و جیهانی سێیەمین!

به هەمـــوو پێوەرێـــک، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـــاوا، وەک دەسـتەواژەگەلێکی سیاسـی لە لایەن ڕۆژاواوە، دروسـت کراون. چون گۆی زەوی وەک جوگرافیـا دەتوانرێـت، بـاس لە بـاکوور، باشـوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا بکرێـت، بەڵام ناتوانرێـت مرۆڤەکـان دابەش بکـرێن. مـرۆڤ مـرۆڤە، لەم سـەرەوەی سـوێد بێـت یـا لە باشـووری ئەفریقـا، لە شارەزوور بێت یا لە تایلانـد و چـین، لە بەسـرە بێـت یـا لە هاڤانـــا، لە هەر شـــوێنێکی دنیـــا بێـــت هەر مـــرۆڤە و چ جیاوازییەکیـان نیـیە، ئەگەر دروسـت نەکـرێن. ڕەنـگ و ڕەگەز، جیـــاوازیگەلێکن خۆڕســـک و سروشـــتی، لـــێ

جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی و فەرهەنگی و زمانی و...
دروست دەبن و دەکرێن و بەرگۆڕانیشن.

**سنووربەزێنەکان**

کۆمەڵێک دیاردە و تێز و ڕووداو و هزر و مرۆڤ هەن، دەکرێت وەک سنووربەزێن بناسرێن، چون لە سنوورەکان دەپەڕنەوە و هەموو خەڵک دەگرنەوە و پێوەندیان بەو شوێنەوە نییە، کە تیایدا پەیدا دەبن. وەک نموونە ئەگەر لە ڕووی ئاپینییەوە سەیر بکەین، عیسای مەسیح، کە پەیامهێنێک بووە لە فلستین هاتۆتە دونیاوە، ئێستا زۆرینەی ئەو خەڵکانەی شوێنکەوتەی ئەون، لە ئەورووپا، ئەمریکا و شوێنەکانی ترن. نزیکەی دوومیلیارونیو مرۆڤ لە جیهاندا مەسیحین. واتە: عیسایەکی بە ڕەچەڵەک فلستینی و خەڵکی بێت لەحم(بیت لحم) و بە ئایین جوو، کە دیارە لە ڕێگەی دایکیەوە، چون بەگوێرەی قورئان، باوکی نییە و مەسیحییەکان خۆیشیان دەڵێن کوڕی خودایە، عیسا، لە ژینگەیەکدا پەیدا بووە، خەڵکی چاوشین و قژزەردی تێدا نەبووە و ئەو مرۆڤێکی ڕەشتاڵەی بۆری وەک ئێمەومانان بووە، لێ ئێستا لە ئەورووپا، عیسا، چاوشین و قژزەردە! ئەو عیسایەی فلستین نییە، ئەو جۆرێکی ترە، ڕەنگی ئەورووپایی وەرگرتووە و بووە بە ئەورووپایی. ئەورووپایی، کە باسی مەسیحییەت دەکەن، مەسیحییەت و مەسیح، بە هیی خۆیان دەزانن و ئەو مەسیحییەتەیشی ئەورووپایی بۆ ئەملاو و ئەولای دەبات و

بـــــڵاوی دەکـــــاتەوە، مەســــــیحییەتێکی ئەوروپــــــاییە، مەسیحییەتێکی ڕۆژئاواییە، مەسیحییەتێکە سەرمایەداری و کۆلۆنیالیزم و نیولیبراڵیزم و ڕۆژهەڵاتناسی، دەکاتە دیاری و دەبەشێتەوە. واتە: مەسیحییەتێکە، یەکسانە بە کۆلۆنیالیزم. مەسیحییەتێک نییە، کە تۆ ڕەنگە لە کەرکووک، لە عەنکاوە، بینیوتە و ناسیوتە یا دەیناسیت.

من بۆ خۆم گەلێک هاوڕێی مەسیحیم هەبوونە، پێکەوە کارمان کردووە، هاتووچۆ و تێکەڵاویم لەگەڵیاندا هەبووە و فرە لە یەکدییەوە نزیک بووینە، هەموو خەڵکی چاک و مرۆڤی ساکار و ڕەوشتبەرز و بەکەڵک بوون، هەرگیز هەستم بە جیاوازییەک نەکردووە لەگەڵیاندا، بەس ئەمەی ئەم دەڤەرە، جۆرێکی ترە، لێرە تێکەڵ بە سیاسەت بووە و کەوڵە ڕەگەزپەرستییەکەی سپیپێستانی لەبەر کردووە. بوودا، کریشنا، پەیامهێنی ئیسلام موحەممەد، هەموو سنووربەزێنن. ئێستا خەڵک هەیە سوێدییە و کریشناییە، خەڵک هەیە سوێدییە و بووداییە، سوێدییە و موسوڵمانە، سوێدییە و بەهائییە و... لەو جۆرە مرۆڤانە زۆریشن، دیارە نەک هەر لێرە لە سوێد، بەڵکە لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهان هەن. خەڵکی مەسیحییش لە ئەفریقا، پاکستان، چین و... هەن. ئەمانە لە ڕووی ئایینەوە.

لە ڕووی سیاسەتەوە، دەکرێت، گاندی لە هیندوستان، ماندێلا لە ئەفریقای باشوور، گیڤارا، لە ئەمەریکای لاتین،

وەک نمـوونەی سـنووربەزێن بناسـین. گیڤـارا، پیـاوێکی شۆڕشگێری جیهـانی بـوو، کە خـۆی کـردووەتە قوربـانی هەموو چەوساوەکانی جیهـان. کەسـێک بـووە، بە هەمـوو پێوەرێک شۆڕشگێڕ بووە، هەموو جیهان مەیـدانێک بـووە بـۆ تێکۆشـانی وی. لە فیلیپینـەوە تـا دەگـاتە تەنزانیـا و لە چیلی و بۆلیڤیاوە تا دەگاتە نێو کـورد و تـورک و عەرەب و فارس، هەمووان، هەموو جیهان دەیناسن، کێ هەیە گیڤـارا نەناسـێت؟ کـێ وێـنەی گیڤـارای نەبینیـوە یـا ڕەنـگە لە ماڵەکەیـدا نەبێـت؟ ئەمـانە هەمـوو سـنووربەزێنن. واتە: ئەمـانە ئەو دیـوار و پەرژینـانەی لە مێشـکدا جیـاوازی لەنێـوان مرۆڤەکانـدا دروسـت دەکەن، نـاهێڵن. ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵات نـــاهێڵن. ئەدیســـۆن، کە کارەبـــای داهێنـــاوە، ئەوانەی تیلیفـۆن، ئۆتۆمبیـل، دەرمـان، چـاویلکە، ڕادیـۆ، فڕۆکە و ئەو سەدان شتگەلە بەکەڵـک و سـوودمەندانەیان داهێناوە و دروست کـردووە، خەڵکـانێکن ئەو کارەیـان بـۆ هەموو مرۆڤایەتی کردووە و خزمەتی هەموو مرۆڤایەتییان کردووە.

ژان پـۆل سـارتر(Jean-Paul Sartre)ی فیلۆسـۆفی فرانسی، کارڵ مارکسی ئەڵمـانی، دۆستۆیێڤسـکیی ڕووس، خەییام و مەولانای ڕۆمی و حافزی شیرازی فـارس، ئیـبن عەرەبیی عەرەب و پابلۆ نیـرۆدای چیلـی، پـاولۆ کووێلـۆی برازیلـی، هەمـوو ئەو نووسـەر و شـاعیر و فیلۆسـۆف و بیرمەنـــدانە، ســـنووریان بەزانـــدووە و لەو چوارچێـــوە لۆکـاڵییەی تێیـدا بـوونە، دەرچـوون و بـوون بە مـوڵکی

مرۆڤـــایەتی. دۆستۆییڤســـکی، خـــوێنەرێکی ئەفریقـــایی، کوردێک، لاتـین ئەمەریکـاییەک و... چێـژ لە خوێنـدنەوەی دەبینێت و سوودی لێ دەبینێت، هەموو ئەوانی دیـکەش بە هەمـان شـێوە. لە بـواری هـونەردا بـۆ نمـوونە، عـومەر شــەریف، ئـال پـاچینۆ، ڕۆبەرت دینیـرۆ، مـارلۆن برانـدۆ، کووێنتین تـارانتینۆ، سـتانلی کوبریـک، پیکاسـۆ، سـلڤادۆر دالی و سەدانی دیکە، ئەمـانە جیهـانین. واتە: لە سـنووری خۆیان چوونەتە دەرێ و هیی هەموو خەڵکن، هیی هەموو مرۆڤـــایەتین. ئەمـــانە خەڵکـــانێکن، ئەو ســـنوورانەیان سـڕیوەتەوە، سـنووری ڕۆژهەڵاتیەتـی و ڕۆژئـاواییەتی و ڕۆژهەڵاتناسییان نەهێشتووە.

سروشـتی مـرۆڤ، خـۆی وایە، خـۆی لەو جـۆرەیە و خودا بەو جۆرە خوڵقانـدوویەتی و دروسـتی کـردووە، کە بەو جۆرە دیدێکی فراوانی هەبێت و هەموو جیهان بە هیـی خۆی بزانێـت، هەمـوو جیهـان یەک شـت بێـت بە لایەوە و جیهان بۆ هەموو مرۆڤ بێت. ئەو ناوانەی پێشوو، خەڵـکە باشەکان بوون، خەڵکانێک بـوون، خۆشەویسـتن و کـاری باشیان کردووە و بۆ مرۆڤایەتی سوودبەخش بوون. دیارە خەڵکـــانی خـــراپیش هەن، کە ئەوانـــیش ســـنوورەکانیان بەزاندووە، بۆ نموونە، هیتلەر، ستالین، فرانکۆ، پـۆڵ پـۆت، مۆسـۆلینی، سـەددام حوسـەین و... هەمـوو ئەمـانە لای خەڵک، لای زۆرینەی مرۆڤەکان، خەڵکانێکی دزێو و خـراپ و پیـاوی تورِوهـات و مرۆڤکـوژ و لەم جـۆرانە بـوون. بـۆ نمـوونە، ئێسـتا لە ئەڵمانیـا شـەرمە مـرۆڤ باسـی هیـتلەر

بکـات. فرانکـۆ و مۆسـۆلینی، لە سـپانیا و ئیتالیـا شـەرمە باسکردنیان. لە هەموو ئەوروپا ئەو جۆرە مرۆڤانە، خراپ و دزێـون. خەڵـک ئەگەر باسیشـیان بـکەن، نەفرەتیـان لـێ دەکەن.

**لەیف(Leif)، سنوور دەبەزێنێت**

دوو سێ هەفتەیەک پێش ئێسـتا، فیلمـێکم بینـی، فیلمێکـی دۆکیۆمێنتاری بوو، کە تەلیڤزیۆنی سوێدی(SVT) لە ساڵی 2020دا کردبوویان، باسی قەشەیەک دەکات، کە بۆ خـۆی نۆروێژییە و منداڵی باژێڕی ئۆوسـلوو(Oslo)ە، لـێ بـاری کـــردووەتە ســـوێد و لە گونـــدێکی ســـوێد بە نـــاوی هـــۆنگەر(Hånger) لە دەڤەری ســـمۆلاند (Småland)ی خــوارێی ســوێد، دەژی. نــاوی لەیــف(Leif)ە، بەرپرســی کەنیسەی ئەو گوندەیە. خەڵک بـۆ خوداپەرسـتی دێـن بـۆ کەنیسەکەی و دادەنیشن و گوێ لەم قەشـەیە دەگـرن، کە وەعزیان بۆ دەدات. پیاوێکی ئێسکسووکە، تەمەنی حەفتا و پێـنج و 40 سـاڵی ژیـانی وەک قەشـە بەسـەر بـردووە. وا پێدەچێت ڕەبەن و سەڵت بێت. دیـارە سـەڵتبوون لە سـوێد گەلێک ئاساییە و زۆرینەی خەڵکەکە، ڕەنگە پتر لە 60%ی مرۆڤەکان، چ ژن، چ پیـاوی سـوێدی، بە تەنـێ بـژین. ئەم پیاوە بە ڕێککەوت، لەو گوندە یا ئاوەدانییە بچکۆلەی، تێیدا دەژی، کـــوڕێکی مەغریبـــی دەناســـێت، کە لە ژوورێکـــدا پـــێکەوە دەژیـــن. پـــێم وا بێـــت لەیـــف داڵـــدەی کـــوڕە مەغریبییەکەی داوە. لەیف، لە بواری کۆمەک بە پەنـابەر و

بیانییشدا، ئەوانەی کە تـازە دێـن بـۆ سـوید، کـار دەکـات. کوڕە مەغریبییەکە موسوڵمانە و نوێژ دەکات و قورئـانیش دەخوێنێـت، دیـارە لەیفـیش مەسـیحییەکی پرۆتسـتانتە و قەشــەیە و بەرپرســی کەنیســەیە و ڕێــبەری ئــایینیی گونــدەکەیە. ئەم دووە، هەریەکەیــان دەزانــن و دەبیــنن، ئەوی دیکەیان چۆن سرووتە ئایینییەکانی خـۆی جێبەجـێ دەکات. پێکەوە دادەنیشـن و قسـە دەکەن و گەنگەشـەیش دەکەن و پرسیار لە یەکدی دەکەن. ڕۆژ و مانگ و سـاڵ و دووساڵ تێدەپەڕن. لەیف، پـاش ئەو مـاوەیە و پشـکنین و پرسیار و قسە لەگەڵ هاوڕێ مەغریبییەکەیدا، تـا ڕادەیەک شــتێکی لا دروســت دەبێــت. کــوڕە مەغــریبییەکەیش، پرسـیاری لا دروسـت دەبێـت و باسـی عیسـای پەیـامهێن لەگەڵ لەیفدا دەکات و دەڵێت ئێوە، واتە: عیسـاییان، دەڵـێن عیسا کوڕی خـودایە، ئەگەر کـوڕی خـودایە بـۆچی مـرد؟ خودا کـوڕی خـۆی چـۆن و بـۆچی دەکوژێـت؟ ئیـدی لەو باسـانەوە بـۆ باسـی تـر. هەمـوو ئەمـانە دەبـنە پـرس و بیرکــردنەوە و ڕامــان لە کەللەســەری لەیفــدا و لەگەڵ هـاوژوورە مەغریبییەکەیـدا بەردەوام بیـروڕا دەگـۆڕنەوە. لەیف، مێشکی بەو هزرانەوە سەرگەرم دەبێت و ناشتوانێت ئەم باسانە لەکـن هاوولاتییـانی، هاوڕێکـانی، هاوئایینـانی، ئەو چل پەنجا پیرەژن و پیرەمێـردەی، کە هەمـوو ڕۆژێـک لە کەنیســە خــڕ دەبــنەوە و یەکــدی دەبیــنن و ئەمــیش قسەیان بۆ دەکات و ئەوانیش گوێی لـێ دەکـرن، بکـات. لە سوێد، زیاتر هەر پیران دەچنە کەنیسە، لاوان یا هەر ناچن

یا بە دەگمەن دەچن. لەیف، هەرچی دەکات، ناوێرێت باسی ئەم پرس و لێکدانەوانەی نێو مێشکی بکات. لە مێشکی خۆیدا، بەراورد دەکات، دەخوێنێتەوە، وردە وردە دەست دەبات بۆ قورئان و بە وەرگێڕانی سویدی و ئینگلیزی دەیخوێنێتەوە. پاش ماوەیەک، لەیف باوەڕ بە ئیسلام دەهێنێت و بڕیاری خۆی دەدات، کە ئایین بگۆڕێت و ببێتە موسوڵمان. هاوڕێ مەغریبییەکەی، فێری دەکات شایەتمان بهێنێت و لەیفیش شایەتمان دەهێنێت و دەبێتە موسوڵمان، بەڵام ئیدی شتەکانی تر دەمێنێت، کە چۆن نوێژ بکات، ئەگەر بیکات! دواتر بە خشکەیی دەست بە نوێژیش دەکات. پاشتر، خولیای ئەوە دەکەوێتە سەری، کە سوێد جێ بهێڵێت و بڕواتە وڵاتێکی ئیسلامی. ئیدی بە کاریگەریی کوڕە مەغریبییەکە، بیر لە مەغریب دەکاتەوە. ڕۆژێکیان بڕیاری خۆی دەدات و دەچێتە کەنیسە و دوا وەعزی خۆی دەدات و بە خەڵکەکە دەڵێت: من ئیدی نایەم بۆ کەنیسە و کەنیسەکە ڕادەستی فڵانە قەشە دەکەم. ئەو قەشەیە وەک پلە لەم نزمترە. لێی دەپرسن: ئەدی ئەتو چ دەکەیت؟ دەڵێت: من ئیتر دەڕۆم، ئەم وڵاتە جێ دەهێڵم. دەڵێن: بۆ کوێ دەڕۆیت؟ دەڵێت: دەچمە مەغریب. دەڵێن: بۆچی دەڕۆیت؟ دەڵێت: حەز دەکەم لە ژیانی ئەوێ. ئەوانە هەموو دەڵێت، لێ هەرگیز ناوێرێت ڕاستییەکە باس بکات، کە دەبێتە موسوڵمان و هیچ بە لای ئەو باسانەدا ناچێت. بۆ شەوێ، ئەو قەشەیەی، کە لەیف بە جێگری خۆی دەستنیشانی دەکات و دوو ژنی تر، کە هەر پێوەندیان بەو

بابەتانە و بە کڵێسەوە هەیە، دێن بۆ لای، بۆ ژوورەکەی و قاوەیەک دەخۆنەوە و بابەتی ڕۆیشتنی بۆ مەغریبی لەگەڵدا دەکەنەوە و دەپرسن، کە بۆچی دەڕوات بۆ مەغریب؟ لەیف دەڵێت: پێم خۆشە لەوێ بژیم و حەز بە ئێرە، بەم وەڵاتە ناکەم، ئێرە ساردە و حەز دەکەم وڵاتەکە بگۆڕم و ژیان لە شوێنێکی تر ببەمە سەر، لێ بە هیچ جۆرێک خۆ لە قەرەی ئاینگۆڕین و بوون بە موسوڵمان نادات. میوانەکانی هیچیان پێ ناکرێت و دەڵێن: تۆ ئازادیت و بۆ خۆت دەزانیت. لەیف، ئۆتۆمبیلێکی قۆڵقۆ و بڕێک کتێب و جلی خۆی و ئاو بێنە دەستان بشۆ، ئیدی هیچی نییە. خانوو و سامانێکی هەیەتی، هەمووی جێ دەهێڵێت و شتەکانی دەداتە خەڵک و بڕێکی فڕێ دەدات و سواری ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەبێت و پێویستییە تایبەتییەکانی خۆی هەڵدەگرێت، داژوا تا مەغریب. لە مەغریب دەچێتە شاری تەتوان(تطوان)، کە لەسەرەوەی مەغریبە، لەسەر زەریای ناوەڕاست. لەوێ دەگیرسێتەوە، تێکەڵ بە ژیانی ئەوێ دەبێت و لەگەڵ خەڵکدا دەکەوێتە قسە و دووکاندارەکانی تەنیشتی دەبنە ناسیاوی. هاتوچۆی مزگەوت دەکات و نوێژەکانی لەوێ دەکات و کڵاو دەکاتە سەری و جەللابە(جلابة)[11]، لەبەر دەکات، ناوی خۆی

---

[11] جەللابە(جلابة)، پۆشاکێکی تایبەتی پیاوانەی مەغریبییە، لە پارچەیەکی بڕێک سفت و ئەستوورە، کە لە خوری یا لە مووی وشتر(حوشتر) دەڕێسرێت و دەدوورێت و دروست دەکرێت. چەندین

دەگۆڕێت بۆ ئەحمەد. خەڵکی کۆڵان و گەڕەک و ئەوانەی دەیبینن، خۆشیان دەوێت و حەز بە دیداری دەکەن، چون پیاوێکی ئەوروپاییە و ئێسکی سووکە و زۆر سادە و بێوەی و لەسەرخۆ و ئارامە و موسوڵمانیشە، ئەوە زۆر گرینگە بە لای ئەوانەوە. ئەمە هاتووە وەک ئەوان نوێژ دەکات و زمانی عەرەبی نازانێت، بەڵام وردە وردە وشەی عەرەبی فێر دەبێت و بەکار دەهێنێت. لە ئەوروپا خەڵکی واش هەن. ئەمەش سنووربەزێنە و لە ڕۆژهەڵاتناسی و لەو هزرە ڕۆژئاواییە تەسکەوە، دیارە تەسک مەبەست لەو دید و هەڵوێستانەیانە، بەرانبەر ئیسلام، بەرانبەر ڕۆژهەڵات، لەیف، لەوەوە بازی داوە و لە سوێدەوە ڕۆیشتووە بۆ مەغریب، مەغریبێکی زۆر دوور، لە هەموو ڕوویەکەوە، دووری جوگرافیا، فەرهەنگ، زمان، ئایین و کۆمەڵایەتی و گەلێک لایەنی دیکەش، لەیف، تێکەڵ بەو ژینگە نوێیەی دەبێت.

---

ڕەنگی هەیە. لە سەرووی هەموو جلەکانی دیکەوە، وەک پاڵتۆ یا عەبا لەبەر دەکرێت. لە شێوەی کراسی پیاوانەی شۆڕ(دشداشە، بە عەرەبی: دشداشة)دایە، داخراوە، تەنێ لای سەر و ملەوە نەبێت، تا خوارەوەیە و کڵاویشی هەیە. جۆرێکی دیکەیان هەیە، لە پێشەوە کراوەیە، ئەوەیان پێی دەگوترێت سیلهاب(سلهاب). لە جەزائیریش جۆرێک لەو پۆشاکە هەیە بە ناوەکانی قەششابییە «القشابية» و بورنووس«البرنوس».

**ژیان بە جیاوازییەکانیەوە جوانە**

تەواوی جیـــاوازییە ڕەگەزی و ڕەنگییەکـــانی مـــرۆڤ، جیـاوازیگەلێکی سروشـتین و لە لایەن خـوداوە بە مـرۆڤ دراون. واتە: هەن و مـرۆڤ بەوانەوە دێـتە دنیـاوە، وەلــێ زمـــان و ئـــایین و نەتەوە و فەرهەنـــگ و وڵات و زۆری دیکەش، شتگەلێکن، جوگرافیـا و ژینگەیەکـی مـرۆڤ تێیـدا پەیـدا دەبێـت و دەژی، قـل لە دوای قـل دەیـدەنێ، مـرۆڤ وەریانــدەگرێت و دەیــانبێتێ. مــرۆڤ دەکرێــت بە جــوو، موســـوڵمان، بەهــائی، عەرەب، بەلــووچ، فینلانــدی و هەر شتێکی دیکە. ئەوانەی مرۆڤ دەیانبێتێ، ژیان ڕەنگینتـر و دەوڵەمەندتر و ڕازاوەتر و گەشتر دەکەن، چـون مـرۆڤ و بوون و ژیـان و جیهـان، بە جیاوازییەکانیـانەوە جـوانن و خۆشــن؛ مخــابن، ئەوانەن، بە هــۆی خــراپ بەکارهێنــان و خراپ لێکحاڵیبوون و تێنەگەیشتنی یەکـدی، پتـر مـرۆڤ لە یەکدی دوور دەخەنەوە.

مرۆڤ، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی بەرینترەوە بنۆڕێتە ژیان و لە چوارچێوەی تەنگی خۆپەرسـتی و لـووتبەرزی، بێـتە دەرێ، دەتوانێــت هەر بیروباوەڕێــک، ئایینێــک، زمانێــک، ڕەگەزێــک، نەتەوەیەک، ڕەنگێــک، فەرهەنگێکــی هەبێــت، لەتەک یەکدیدا بە هارمۆنی بژی و هیچ یەکێـک لەو شـتانە کاری تێ نەکەن. ڕەنگە ئەوە لە ئاستی مرۆڤە ئاسـاییەکاندا بشـێت و بکرێـت، لـێ هۆکـاری بنەڕەتیـی جـوێکردنەوە و دابڕینـی مـرۆڤ لە یەکـدی، هەوساربەدەسـتانی جیهـانن. ئەوانەن، سیســـتمی جیهانییـــان بە دەســـتە و نەخشـــەی

دەستبەسەرداگرتنی، تەنانەت دەستگرتن بەسەر هەناسەدانی مرۆڤیشدا، دادەڕێژن. سەرمایەداری و ئەو هەموو ئیزمانەی تر، کە دروست کراون و کارەساتن بۆ مرۆڤایەتی، ئەوانەن دەبنە بەلا بۆ مرۆڤ.

**ڕۆژهەلاتییانیش کاری ڕۆژهەلاتناسە ڕۆژاوایییەکان دەکەن**

ڕەنگە وا بزانرێت، ڕۆژهەلاتناسی، هزر و کار و پرۆژەیەک بێت، تەنیێ ڕۆژئاوایییەکان خجلّی بن و بیکەن، نەخێر هەرگیز بەو جۆرە نییە! ڕۆژهەلاتناسی، ئەو کار و چالاکی و پرۆژەیەی ڕۆژهەلاتناسیێکی ڕۆژاوایی دەیکات، لە ڕۆژهەلاتیشدا و لە لایەن ڕۆژهەلاتییانەوەیش جێبەجێ دەکرێت. لە کوردستاندا یەک دنیا زانستگە و خوێندنگەی بالا و تەنانەت خوێندنگەی زارۆکان هەن، سەر بە ولاتی بیانی و کەرتی تایبەت و سەدان لایەنی دیکەن، کە هەر یەکەو گرێدراوی ولاتێکە، گرێدراوی زمان و فەرهەنگێکە، تەنیا گرێدراوی کوردستان و فەرهەنگی کورد و ولاتی کوردستان نییە. هیی بیلژیک، فرانسا، ئەمەریکا، تورکیا، ئەلّمانیا، ئینگلیز، لبنان و دەیان شوێنی تر هەن و بە ناوی جیاوازەوە کار دەکەن. ئەمانە بێجگە لەوەی بۆ بەچکە دەولّەمەند و بەرپرس و چەتە و دزە گەورەکان کراونەوە و جیاوازیی چینایەتی نێوان خەلّک قوولّتر دەکەن، بەشێکی زۆریان، لە پەنای بارهێنان و فێرکردندا، بلاوکردنەوەی مەسیحییەت و فەرهەنگی خۆیان، یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانیان. دیارە ئەوانەی سەر بە تورکیاشن،

ئەوانیش فەرهەنـگ و زمـانی تـورکی و جـۆرێکی تـایبەتی ئیسـلامی تـورکی بـڵاو دەکەنەوە. هەمـوو ئەو دەسـگە و خوێندنگانە، بەو کارەیان، گومان لەنێو خەڵکی کوردستاندا دەچێـنن و کـار بـۆ سـووککردن و سـڕینەوەی زمـان و فەرهەنگی وڵاتی خۆمان دەکەن. گرینگیدان بە زمانی بیانی و تەماشاکردنی وەک بەرزتـر لە زمـانی کـوردی، پەرە پـێ دەدەن. بیـری شێوەزارپەرسـتی، لەنێـو کـورددا، بە نـاوی ئازادی و یەکسانی و دیمـوکراتییەوە، پەرەی پـێ دەدرێـت. هەوڵ دەدرێــت ئینگلیــزی، وەک زمــان، جــێگەی زمــانی ستانداردی کوردی بگرێتەوە و هەر کورد خـۆی پەرە بەوە دەدات، بە هەرچـی شـێوەزارە لە کوردسـتان، بە سـۆرانی، کرمانجی، زازاکی، هەورامی، کەڵهـوڕی و لـوڕی، تەنـانەت بشکرێت و بلوێت بنزاری خۆشـناوەتی، زەنـگەنە، مـاچۆ و بنزاری هەر بڕکەماڵێکی دۆڵ و گوند و لاپاڵێک بنووسرێت و بخوێنرێـت و تەلیڤزیـۆن و ڕۆژنـامە هەبێـت. کـورد بـۆ خۆی، بە هاندانی بیانییان، دەردە حەرفی لاتینی لێـی داوە. زۆرێــک هەن هانــدەرن بــۆ ئەوە و بەو ئاراســتەیە کــار دەکەن. پێیـان وایە بە فەرامۆشـکردنی حەرفـی عەرەبـی و دوورکەوتنەوە لێی و بەو حەرفی لاتینییە، تۆ لە ئەورووپاوە نزیـک دەبیـیەوە یـا دەبیتــێ. هەمـوو ئەوانە بەشـێکن لە پەیـامی ڕۆژهەڵاتناســی، کە کـوردی دەسـەڵات و بڕێـک هۆشـکول و مێشکشـۆراوەی فەریـکە و فەرخە سـەردەم، لەبری ڕۆژهەڵاتناسان جێبەجێی دەکەن.

ئەوە لە توركیا و لەسەر دەستی کەمال ئەتاتوركدا، كرا، گـۆڕینی حەرفـی عەرەبـی بـۆ لاتینـی، لە جڤـاك و وڵاتـی دیكەش دەیانەویست چاوی لـێ بكرێت. سـەللامە مووسـا (سلامة موسى) لە میسر، باسی گۆڕینی حەرفی عەرەبیـی كردووە بۆ لاتینی، سەعید عەقل(سعید عقـل) لە لبنـان ئەو ڕایەی هەبوو و تەنـانەت باسـی نەتەوەی لبنـانی و زمـانی لبنانیی، كە مەبەستی شێوەزاری لبنانی بوو، دەكرد. لەنێـو كوردیشدا، جەلادەت بەدرخان، بە چاولێكەریی ئەتاتورك و كـاریگەریی مـیجەر نۆئێـل و لە پشتیشــەوە باڵوێزخـانەی فرانسـا لە شـام و بە كـاریگەریی برێـك ڕایەڵەی دیـكەی دەرەكی، بوو بە بەشێك لەو پرۆژەیەی لاتینیاندنی ئەلفبێـی كوردی. خەڵكی دیكەش لەنێو كورددا هەبـوون و هەن بەو ئاراسـتەیە كاریـان كـردووە و دەكەن: تەوفیـق وەهبـی و جەمال نەبەز، لەوانە بوون. ئێسـتاش زۆرن ئەوانەی وەهـا بیركردنەوەیەكیـان هەیە. هەمـوو ئەو تێـزانە لەمەڕ تیپـی لاتینیـیەوە بـۆ زمـانی كـوردی، بەشـێكن لە پەیـامی ڕۆژهەڵاتناسـی، كە ڕۆژاوا لە بـنەوە دنەی دەدات. كـوردگەلێكی، وەهـا باسـێك دەكەن و ئەوە بە بـاش و پێشـكەوتن دادەنـێن، خزمەتـی ڕۆژهەڵاتناسـی و ئامانجەكانی دەكەن. تۆ، جڤـاك، گەل، زمـان و فەرهەنگـی خۆت، بە چاوێكی ڕۆژئاوایـانە بخـوێنیتەوە، ئیـدی تـۆیش كـاری ڕۆژهەڵاتناسـی ئەنجـام دەدەیـت و تـۆیش ڕۆژهەڵاتناسیت! تۆ و ئەو ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژاواییـانە هـیچ جیاوازییەكتان نییە و هەر یەك شتن.

ئەوان وەک کۆلۆنیـــالیزم و داگیـــرکەر، کە دەڕۆنە هەر وڵاتێکــی ئیســلامی، لەتــوپەتی دەکەن و دابەشــی دەکەن، بەســـەر نەتەوەدا، یەکەم شـــت لە نەتەوەوە دەســـت پـــێ دەکەن، کە بـۆ خـۆی، وەک تیـژ و هـزر، لە بنەمـادا هیـی خۆیــانە. نەتەوەگەرایـــی، ناســـیۆنالیزم، وەک فەلســـەفە و تیۆری، لە ڕۆژئاواوە سەری هەڵـداوە. لە نەتەوەوە دەچـنە ســەر ئـایین و ئـایینزا و تـایفە، موسـوڵمان و مەسـیحی و جوو و ئێزدی و یارســان و زەردەشـتی... ئەوجـا شـیعە و سوننە و عەلەوی، لەوێوە دەچنە سەر حەنەفی و شافیعی و حەنبەلی و مالیکی و ئیسماعیلی و زەیـدی و وەهـابی و ســـەلەفی و ســـۆفی و نەقشـــبەندی و قـــادری و... هەوڵ دەدەن پەرستگە بۆ هەموو ئەمـانە، پەرسـتگەی جیـاواز و تایبەت بە خۆیان دروست بکرێن. ئایینی زەردەشـتی، کە لە کوردستاندا، یەک تـاکە زەردەشـتی، کە وەک بۆمـاوەیی لە دایک و باوکیەوە ئەو ئایینەی بۆ بەجێ مابێت نییە، کەچـی دروســـت دەکرێــت، پەرەی پـــێ دەدرێــت، بــاس دەکرێــت، پەرســـتگە و کـۆمەڵە و ڕێکخـراوی بـۆ دادەمەزرێنرێـت و خەڵکی لە دەور خڕ دەکرێتەوە.

بـــوارێکی دیـکە، کە بەپیـتە بـۆ وەبەرهێنــانی پەیــامی ڕۆژهەڵاتناسی تێیـدا، بـواری شـێوەزار و لەهـجەیە. ئیـدی لێرەشدا باسی ئەوە دێنـنە گـۆڕێ، کە هەورامـی، زازاکـی، لوڕی، شێوەزاری زمانی کـوردی نـین، بەڵـکە هەر یەکێـک لەوانە، بـــۆ خـــۆی زمـــانێکی ســـەربەخۆیە. ئەمە ڕۆژهەڵاتناســان دەیڵـێن، لـێ کـورد بـۆ خـۆی بـرەوی پـێ

دەدات و کــاری بــۆ دەکــات. جــوو، هەم ئــایین و هەم نەتەوەیە، ڕۆژاواییان هانی کوردی ئێـزدی دەدەن، کە خـۆ بە نەتەوەیەک بژمێرن و کورد نەبـن، لـێ ئێـزدی ئـایینە و زمانی ئایینەکەشیان تەنێ کوردییە و بۆ خۆیشیان، بـێجگە لە کورد هیچی دی نین. کوردی مشەی ئێزدی بـۆ خۆیـان، کار لەسەر خۆدابڕین لە کورد وەک نەتەوە دەکەن.

هزری دابڕان و جوێبوونەوە و وردکـردنەوەی کـورد و دابەشــکردنی بــۆ دەیــان شــێوەزار و ئــایین و ئــایینزا و بەهێزکردنی گیانی ئایینزایی، ئـایینی، شـێوەزاری، هـۆزی، خێڵەکــی، شــاری، بنەمــاڵەیی و دەیــان بەزمــی دیــکە، ئامــانجێکە، ڕۆژاوا، وەک ئیمپریــالیزم لە تەواوی جیهــانی ناڕۆژاواییدا کاری لەسەر دەکات. کـاریگەریی وەهـا کـار و نەخشــەیەک، لەســەر گەل و وڵات و جڤـاکگەلێکی خـودان فەرهەنگی باڵا و زمانی تـۆکمە و مرۆڤـی زانـا و زیـرەک و نەتەوەگەلی خودان شارسـتانەتی، گەلێـک کەم دەبێـت، یـا هەر نابێت، لێ بۆ کورد، کارەساتە، چون کـورد بـۆ خـۆی، تەنێ لە لاوازی و ناڕێکوپێکی و بیانیپەرستی و خۆخـۆری و بێفەرهەنگیدا بەهێزە و کەچی بۆ خۆیشی مفـت، کـار بـۆ تواندنەوەی خۆی دەکات.

ڕۆژهەڵاتناسان، لە ڕێگەی تـوێژینەوە و خوێنـدنەوە و وردبینی و سیخوڕییەوە، تەواوی کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن. بە وردی کار لەســەر ئەو بابەتـانە دەکەن. دەچـنە گونــدێک، باژێڕێــک، جڤاکێــک، دەیخــوێننەوە، وردی

دەکەنەوە، وەدووی گچکەترین جیاوازییەکانیاندا دەگەڕێـن و زەقی دەکەنەوە. تۆ تەماشای تەلیڤزیۆنەکانی کوردستان بکە، بە دەیان شێوەزار هەمان هەواڵ دەخوێنـدرێتەوە، تـۆ کە بەو جۆرە کار بکەیـت، هەرگیـز نـابیتە خـاوەنی زمـانی سـتانداردی خـۆت، بەڵـکە هەرچـی شـێوەزارت هەن، هەریەکەو دەبێتە زمانێکی ستاندارد. ئەوەی لەمەڕ خۆمـان دەکرێـت و ڕوو دەدات، کـارێکە لە چوارچێـوەی ئـاوەز و هزری ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناساندا جێبەجێ دەکرێت. خەڵکـی کـورد بـۆ خـۆی دەیکـات و پەرەی پـێ دەدات و دەسەڵاتێکیش لەوێ لە کوردسـتان، هانـدەریەتی و پێشـی دەخات، چون بۆ خۆی بەشـێکە لە نەخشـە ڕۆژئـاواییەکە، بەشـێکە لەو ئاڕاسـتەیەی ڕۆژئـاوا بـۆ وێنـدەرێی دانـاوە، بەشـێکە لە نەخشـەی دوورخسـتنەوەی کـورد لە ژیـنگە ئیسـلامییە ڕۆژهەڵاتیـیەکەی و نەتەوەگەلـی موسـوڵمانی دەوروبەری و دوورخستنەوەی کورد لە ئیسلام. تـۆ، وەک کورد، وەک کوردسـتانییەک، جوگرافیایەکـت هەیە لەنێـوان سـێ نەتەوەی موسـوڵماندا دەژییـت: عەرەب، فـارس و تورک، جوگرافیایەکت هەیە تۆ ناتوانیت هەڵیکەنیـت و لەوێ لای بەیت و هەڵیگریت و بیهێنیت لە ناوەڕاسـتی ئەوروپـادا دایبنێیت! تۆ لەوێیت، قەدەرت ئەوێیە، چارەنووست ئەوێـیە. لایەکت تورکە، لایەکت عەرەب، ئەو لاکەیشت فارس، تەواو. تـۆ بەشـێکی لەو جڤـاکە، لەو خەڵـکە، لەو خـاکە. ئیـدی خۆدابڕین و خۆ بە ئەوروپـایی زانـین و خۆهەڵواسـین بە زمانی ئینگلیزی و لاتیناندنی زمانی کوردی و خۆدابڕین لە

ئیسـلام و فەرهەنگـی ئیسـلامی، ئەگەر بیرێکـی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەوروپایی و ڕۆژاوایـی و سـەرمایەداری و ئیمپریالیستی نەبێت، چییە؟ ئەو خەڵکە بۆ لە یەکدی دوور دەخرێنەوە؟ ئەمە جیاکردنەوەیەکە، مێشکگەلێک و دەسەڵاتگەلێکی نێو کۆمەڵی خۆمان، بە ناوی ڕووناکبیری و تازەگەری و شتگەلی دیکەوە، قسەی لەسەر دەکەن، کە ئەوانـیش ڕێـک کـاری ڕۆژهەڵاتناسـان دەکەن و ڕێـک خزمەت بەو بابەتە دەکەن.

گـۆڕینی نـاو، بـۆ نمـوونە نـاوی گەڕەک، شـار، دێ، خوێندنگە، نەخۆشخانە، شەقام، یاریگە، بـاخچە، کـۆڵان و سەدان شتی دیکە، لە ناوی مێژوویـی کـۆنی خـۆیەوە، کە هەیبووە، بـۆ نـاوی نـوێ، کە هـیچ واتـایەکی نیـیە و هـیچ پێوەندێکی بە مێـژوو و بە فەرهەنـگ و بە جڤـاکی وڵاتەوە نیـیە. بـاژێڕی کەلار بە نمـوونە وەرگـرە، شـوێن هەبـووە پێیـان گوتـووە: عەلەومەحە، حەمەی کەریـم، سەیسـۆنە، سەیلماڵ، ئایشـخنکاو، کوناکونـا، تەختەنەخـتە، خڕکونـار، خڕحاجی(کە نـاوەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ حـاجی ئەڵماسـی گێژ، کە کاتی خـۆی کەلاریـان ئـاوەدان کـردووەتەوە)، تـۆ ئێسـتا ئەو نـاوانە، لە نەوەیەکـی ئێسـتای کەلاری بپرسـە، هەرگیز ئەو ناوانە نازانێـت، لە کاتێکـدا تەواوی ئەو نـاوانە، پێوەنـدیان بە مێـژوو و ڕابـوردووی ئەو شـار و خـاک و خەڵکەوە هەیە. ئێستا لە کەلار، دریم لانـد(Dream Land) و دریم بـازاڕ(Dream Bazar) و لەنـدەن ئـای ( London Eye) و گەڕەکـی شـەهیدان، فەرمـانبەران، ڕزگـاری،

ســــەرکەوتن، نەورۆز، ڕاپەڕیـــن، ڕوونـــاکی و... هەن، لە هەولێر لەبری، تەیراوە، خانەقا، گڵکەند، سێتاقان، سەیداوە، باداوە، مەنتکاوە، قەتەوی، سکای تـاوەرز(Sky Towers)، گەنجـان لایـف (Ganjan Life)، سـیتی تـاوەرز( City Towers)، ئیمپـایەر سـیتی(Empire City) و... هەن، لە سلێمانی لەبری، قەرەجاوا، ئەسحابەسـپی، کـانی ئاسـکان، کەنەکەوە، گوندی ئەڵمانی، چاقی لاند، بەختیاری، ئاسـۆی گەش، ڕامـادا هوتێـل، دانیـا سـیتی (Dania City)، گـاردن سیتی(Garden City) و... هەن. بەشێک لەو نـاوە نوێیـانە لە هەمـــوو شـــارێکدا هەن، واتە: هـــیچ تایبەتمەنـــدییەکی شارەکەی تێدا نیـیە. گەڕەکـی ڕۆشـنبیران هەیە، کە ڕەنـگە یەک ڕۆشنبیری تێدا نەبێت، خـۆ ڕۆشـنبیر هەر ئەوە نیـیە ســـەوادی هەبێــت و دوو فشـــە بکـــات. نـــاوی بەرلـــین، ستۆکهۆڵم، پاریس، میلانـۆ و دەیـانی دیـکە لە کوردسـتان دەبینیـــیەوە. زۆریـــنەی ئەو نـــاوانە هەر بە ئینگلیـــزی نووسراون، تۆ وا دەزانیت لە وڵاتێکی ئینگلیزیزمانیـت، نەک کوردستانێکی جیهانی چوارەم و حەفـتەم. ڕانـیە، کـراوەتە ڕاپەڕیـــن. لە گەرمیـــان نـــاحیەی ڕزگـــاری هەیە، کە لە سەردەمی بەعسدا ناوی سموود(صمود) بوو، دیارە نـاوی ڕزگـــاری لە هەمـــوو شـــارێکی دیـــکەش هەیە. ئەم کۆنەسـموود و تازەڕزگـارییە، لە بنەمـادا و پـێش سـەدان سـاڵ، بەشـێکی «شـاکەل» بـوو و بەشـێکی دیکەیشـی، «کۆزەکوڵ» یا «کلکەی کۆزەکوڵ» بوو، ئێسـتا ڕەنـگە دوو کەس نەدۆزیتەوە ئەو ناوە مێژووییەی لە یاد بێـت. جـاران

«کەڵەکی یاسین ئاغا» هەبوو، ئێستا بووە بە ناحیەی خەبات. پریادی و موسەللا و حەسیرەکە و ئیمام قاسم و عاشوور و زێویێ و تەپەی مەلا عەبدوڵڵا و تۆڵەفرۆش و پاشاکۆپری و کەورکەوو، شەربێنی و کەنەزەرد و... هەبوون. تەواوی ئەو ناوە کۆنانە دیرۆکێکیان هەیە، بە کەسێکەوە، بە ڕووداوێکەوە گرێ دراون، لەگەڵ نەمانیاندا و فەرامۆشکردنیاندا، مێژوو و کەس و ڕووداوەکەش دەسڕێنەوە و ئیدی نامێنن.

لەو وڵاتەی لەمەڕ خۆمان، پرۆسێسی سڕینەوەی مێژوو، زمان و فەرهەنگ لە گۆڕێدایە، پرۆسێسی خۆسڕینەوە پێڕۆ دەکرێت. بۆ لەبری لەندەن ئای و سکای تاوەرز و دریم لاند و گوندی ئینگلیزی و ئەڵمانی و گەڕەکی ڕۆشنبیران و فەرمانبەران، ناوە کۆنەکان، کەسایەتییەکانی ئەو دەڤەرە، ڕووداوەکان، مێژووەکان، زیندوو ناکرێنەوە، بۆ ئەوەی تۆ خۆت بدۆزیتەوە، خۆت گوم نەکەیت، خۆت بناسیتەوە، لەسەر پێی خۆت ڕاوەستیت. ڕەنگە خەڵکی ئەمڕۆیی بێزی لەو ناوە کۆنانە بێتەوە، بەڵام توخوا سەیلماڵ و سەیسۆنە جوانن یا دریم لاند و ڕاپەڕین؟ لە کەلاردا وەک نموونە بۆ داوود بەگی جاف و حاجی ئەڵماس و مەلا موحیەددین و حەمەسەعید بەگی جاف و مەلا سێڕیش، نەکرێن بە ناوی خوێندنگە و باخچە و نەخۆشخانە؟ بۆ ڕۆما و مەدرید و نیویۆرک ببن بە ناوی ئەو شوێنانە؟ تەواوی ئەو بیرکردنەوەیە، ئەو ناوە نوێیانە، ئەو ناوگۆڕینانە، کە لەوێ ڕوو دەدەن، هەموو بە

کاریگەریی سەرمایەداری و بازاڕ و ڕیکلام و خوێندنەوە ڕوو دەدەن و دەبنە هۆی سڕینەوە و شۆردنەوەی مێشک، کە ڕێک جێبەجێکردنی پەیامی ڕۆژهەڵاتناسییە. وەها کاریێک، بیرکردنەوەیەکی ڕۆژئاواییە بۆ ڕۆژهەڵات و خوێندنەوەیەکە بۆ عەقڵی ڕۆژهەڵات بە چاوێکی ڕۆژئاواییانە.

ئێستا زمانی کوردی، مەترسییەکی گەورەی لەسەرە. دەیان خوێندنگە و زانستگە کراوەنەوە، بە زمانی ئینگلیزین. منداڵ دەنێردرێنە خوێندنگە، کە بە زمانی ئینگلیزی تێیدا دەخوێنرێت. دایک و باوک، بەوەی زارۆکەکەیان، بە ئینگلیزی دەدوێت و کوردی نازانێت، شانازی دەکەن. پێیان وایە، منداڵەکەیان، کە بە ئینگلیزی، فرانسی یا ئەڵمانی قسەی کرد، ئیدی دەبێتە ئینگلیز یا ئەوروپایی، هەرگیز نابێت! عەرەب دەڵێن: «رابع المستحیلات»، واتە: موستەحیلی چوارەم، دەڵێن: «فأیقنت أن المستحیل ثلاثة، الغول والعنقاء والخل الوفي»، واتە: باوەڕم بەوە هێنا، کە موستەحیل سێیانە، دێو و قەقنەس و دۆستی ئەمەکدار. واتە: ئەوەی ئەو زارۆکە لەو ژینگە و جوگرافیا و فەرهەنگەی خۆیدا ببێتە ئینگلیز، ئەوە موستەحیلی چوارەمە! هەرگیز نابێت. منداڵی بیانی، لە ئەوروپا دێتە دنیاوە، هەر سەرڕەشی پێ دەگوترێت، ناوەکەی، پاشناوەکەی، ڕەنگی پێستی، شێوەی ڕوخساری بۆی دەبێت بە کێشە، هێشتا وەک جیاواز تەماشا دەکرێت.

بە زمـانی بیـانی، نـاوی بیـانی، تـۆ سـڕینەوەی خـۆت و فەرهەنگی خۆت و مێژووی خۆت ئەنجام دەدەیت.

تــۆ دەتوانیــت، لە هەمــوو باشــی و پێشــکەوتنەکانی ڕۆژاوا، لە هــونەر و زانســت و تەکنۆلــۆگی و هەرچـــی بوارەکانی دیکەیە، ئەوەی بەکەڵکە وەریگرێت، لـیَ مەبە بە ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی داگیرکاریی ڕۆژئاوا. خۆ داگیرکــاریی ئێســتا تــا ڕادەیەک لایەنە ســەربازییەکەی نەمــاوە. داگیرکــاریی ئێســتا داگیرکردنــی مێشــک، ئــاوەز، فەرهەنـــگە و کەســـایەتیی تـــۆ دەســـڕدرێتەوە. تـــۆ دەتوێنرێیتەوە لەنێـو ئەودا. ئەو هەرچـی تایبەتمەنـدییەکی خۆتە، کە کەڵەکەبووی هەزاران ساڵی بۆماوەییە بۆ تـۆ، لە بەرچـــاوت دەخـــات. وڵاتەکەت، خـــاکەکەت، ئـــایینەکەت، فەرهەنـــگەکەت، زمـــانەکەت، مێـــژووەکەت، جڤـــاکەکەت، هەمووت لە بەرچاو سووک دەکات و دەخـات. هانـت دەدات زمانی ئینگلیزی بکەیت بە زمانی خۆت، چون ئەو دەزانێـت، زمان واتە: مێژوو و فەرهەنگ و خەیاڵ و ئـاوەز و هەمـوو شتێکی دیکە. تـۆ کە زمـانەکەی خـۆت لاواز بـوو و نەمـا، ئیدی تۆ لە خۆت، کە بەرهەمی هەزاران سـاڵەی فەرهەنـگ و جڤاک و مێژوویەکی، نـامۆ دەبێـت و خـۆت ناناسـیتەوە. زمانی کوردی و عەرەبیت، لەکن دزێـو دەکـات. بە هەزاران گەنجی لای خۆمان هەن، ئێستا عەرەبی نـازانن، کە باسـی زمانی عەرەبیی لەگەڵدا دەکەیـت، دەڵێـت لایـبە کەی زمـانە ئەوە چییە؟ بۆ کەسێکی ڕوونـاکبیر و خوێنـدەواری لەمەڕ خۆمان، ئەگەر عەرەبی نەزانێت، پێم وایە کێماسییەکی زۆر

گەورەیە. بە مـن بـووایە، لە کوردسـتان، زمـانی عەرەبـی، تـورکی و فارسـی، هەر سـێ زمـانەکەم لە خوێنـدنگەدا دەخسـتنە بەرنـامەی خوێنـدنەوە. هەر بە منـداڵی لە دوای پۆلی سـێیەمی سـەرەتایی، دەبـووایە بیخـوێنن، تـا گەورە دەبوون، دواتر لە ناوەندیدا ئینگلیزییان دەست پێ بکـردایە و ئەوجا فرانسی و سپانی و ئەڵمانی و ڕووسی و چینی و هەر زمانێکی دیکەیان بویستایە، بەسەریاندا بکردایە.

ئەوەی ئێستا هەر لە منـداڵییەوە یەکسـەر بە ئینگلیـزی دەست پێ دەکات، هەڵەیەکی گەورەیە. مێشکی ئەو زارۆکە فۆرمات دەکرێت و دەبێتە ئەوە. ئیـدی گـۆرانیی ئینگلیـزی، مۆسیقای ئینگلیزی، وێنەی ئینگلیزی، ئەکـتەری ئینگلیـزی، فیلمـی ئینگلیـزی، شـیعری ئینگلیـزی، چیرۆکـی ئینگلیـزی، مێـژووی ئینگلیـز، فەرهەنگـی ئینگلیـزی، تەنـانەت وازی و وەرزش و خـۆراک و جـل و گـاڵتە و نـوکتەی ئینگلیـزی و هەموو شـتێکی ئینگلیـزی بـۆ ئەو دەبـنە بنـاخە و هەمـوو شتێکی خۆی لێ بزر دەبێت. وەها باسێک دەمانبـاتەوە بـۆ پرسی ناسنامە.

**فرەیەتیی ناسنامە**

ئەمـــین مەعلـــووف(أمين معلـــوف)، نووســـەر و ڕۆماننووســـێکی ناســـراوی عەرەبە، لە فرانســـا دەژی و کۆمەڵێک کتێـب و تیـزی هەن، پێـی وایە مـرۆڤ دەتوانێـت خاوەنی کۆمەڵێک ناسنامە بێت. وەک نمـوونە، ئـێمە ئەگەر باس لە کەسێکی کورد بکەین، وەهـا کەسـێک دەتوانێـت لە

یەک کاتـــدا هەمـــوو ئەمـــانە بێـــت: ئاســـیایی، عیراقـــی، کوردستانی، کورد، ئەگەر موسوڵمان بێت(شیعە یا سوننە)، ئەگەر ناموســـوڵمان بێت(پارســـان، ئێـــزدی، مەســـیحی)، کەرکـــووکی، گەڕەکـــی ئیمـــام قاســـم، زمـــانزانین(کوردی، تورکمـــانی، عەرەبـــی)، ڕەنـــگ بێـــت زمـــانی تر(ئینگلیـــزی، فرانســـی و...)، لە هەنـــدەران دانیشـــتووی ســـوێد، ژیـــان لە ستۆکهۆڵم، کارگەر لە کۆمپانیای ڤۆڵڤـۆ، ئەنـدامی حیزبـی ژیـنگە، بەشـدار لە گرۆیەکـی یۆگـا، هەواداری فەلســەفەی بوونگەرایی، ئارەزووی ژەندنی کەمان، سەرسام بە زلاتـان ئیبراهیمـــۆڤیچ و دەیـــان شـــتی دیـــکە. هەمـــوو ئەمـــانە و فرەتریش، دەبنە ناسـنامە بـۆ ئەو کـوردە. ئەو تەنهـا ئەوە نییە، کە کـارتێکی ناسـنامە(ID)ی لە گیرفانـدایە و کـارتەکە پێـــی دەڵێـــت عێراقـــی، یـــا هەر وڵاتێکـــی تـــر. نەخێـــر، ئەو کۆمەڵێــــــک ناســـــــــنامەی هەیە و لە هەر یەک دانە لەو ناسـنامانەدا، لەگەڵ چەنـدین مرۆڤـی دیـکەدا هاوبەشـە و یەک دەگـرێتەوە. دەکرێـت ئەو ناسـنامانە هەمـوو تـێکەڵ بکرێن و سوودیان لێ وەربگیرێـت. بە بـوونە خـاوەنی ئەو هەمـــوو ناســـنامانە، بـــازنەی مرۆڤبـــوونی مـــرڤ، بـــازنە جڤـــــاکییەکەی فراوانتـــــر و بەرینتـــــر دەبێــــــت. ئەو بەرینبوونەوەیە، سـوودوەرگرتن لە هەمـوو ناسـنامەیەکی نـــوێ، کە ڕەنـــگە ئەو مـــرۆڤە لە ژیـــنگەکەی خـــۆیەوە وەدەستی نەهێنابێت و ڕەنگە لە ڕۆژاواوە پێی گەیشـتبێت، باشـــییەکە و هێزێکـــی زیـــاترە. وەهـــا بەهرەمەنـــدییەک، کەســـیەتی و ناســـنامە و تایبەتمەنـــدییەکانی ئەو مـــرۆڤە

ڕۆژهەڵاتییە کوردستانییە کەرکووکییە، دەکاتە نەک هەر لەدەستنەدان و لەنێونەچوونی تایبەتمەندیی خۆی، ئیدی لە زمان و مێژوو و فەرهەنگەوە بیگرە تا شتەکانی دیکە، بەڵکە پەرەپێدان و گەشەپێدانی هزر و دید و جیهانبینییەکانی بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر و ڕوونتر.

چەند توێژینەوە و باس و نووسین و گەنگەشە، لەمەر ناسنامەوە بکرێت و بکەین، هەموویان دەچنە چوارچێوەی داکۆکیکردن و داکۆکیکردنمانەوە لە ناسنامە و خۆیەتی. ئەگەر لەو باوەڕەدا بین، کەلەپوورەکان چەسپاو و نەگۆڕن و ناسنامەکان هەر وەک خۆیان دەمێننەوە، ئەودەمی مێژوو نامێنێت و مرۆڤ ناتوانێت مێژوو بنووسێت، مێژوو دەبێتە نووسینەوە و کەڵەکەکردنی شتگەلێکی واقیعی، کە ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن.

## سەرمایەداری و ئامانجەکانی

ئەوەی زۆرینەی مرۆڤایەتیی، ڕووبەڕووی ترس و هەژاری و جەنگ و نائارامی و چاوەڕوانکردنی داهاتوویەکی دژوار کردووەتەوە، سەرمایەداریی جیهانییە، کە بووەتە سیستمێکی کۆمەڵایەتی و هەموو جمگەکانی ژیان و مرۆڤایەتیی گرتووەتەوە. ئەمڕۆ جیهان بە دەستی چەند دانە سەرمایەدارەوەیە و ئەوانن، وردەکاریی ژیانی تەنانەت تاکەکانیش دیاری دەکەن. ئەوانن مرۆڤایەتی ئاراستە دەکەن، بەرەو ئەو لایەی بۆ خۆیان گەرەکیانبێت.

مــرۆڤ دەتوانێــت وەک نمــوونە ئامــاژە بە پێــنج نــاو لە دەوڵەمەنترین سەرمایەدارانی جیهان بکات:

بێرنارد ئارنۆڵـت(Bernard Arnault)ی فرانســی، جیـف بیـزۆس(Jeff Bezos)ی ئەمەریکـایی، بیـڵ گەیـتس( Bill Gates)ی ئەمەریکـــــــایی، وۆرن بەفەرت( Warren Buffett)ی ئەمەریکــایی، مــارک زۆککەربێــرگ( Mark Zuckerberg)ی ئەمەریکــــایی، کە بە هەر پێنجیــــانەوە خــاوەنی پتــر لە 515 میلیــارد دۆلارن. ئەمە بــێجگە لە خێزانــــــی ڕۆتچیڵــــــد (Rothschild) و خێزانــــــی ڕۆکیفــیلەر(Rockefeller) و خێزانـــی جــۆرج ســۆرۆس (George Soros)، کە لە بانک و پیشەسازی و سیاسەتدا ڕۆڵـی کـاریگەر و بڕیـاردەر و چارەنووسســازیان بەســەر مرۆڤایەتییەوە هەیە.

لەکن سەرمایەداری، ماددە و پـارە و سـامان و قـازانج، گرینگترینن لە ژیاندا و ئەوانە ئامانجن نەک ئامراز. مرۆڤـی سەرمایەدار و دەوڵەمەند، ئینتیمای ئایینی، نەتەوەیی، وڵات و خـــاک و زۆری دیکەیشـــی نامێنێــت. تــۆ ســـەیری ئەو سەرمایەدارە زل و زەبەلاحـانەی جیهـان بـکە، کە هەمـوو دنیایـان داگیـر کـردووە و هەمـوو دنیـا بە مـوڵکی خۆیـان دەزانــن، هەر بـۆیەش بـۆ پتـر ڕامکردنـی خەڵکـی دەرێـی سیســتمی ســـەرمایەداریی جیهــانی و هــزری ڕۆژاوایــی، هەمیشە وەدووی خەفەکردنی دەنگی جیاواز و فەرهەنگـی جیــاواز و ئەوانەوەن. دەیانەوێــت خۆیــان بــن و هەمــوو

جیهان بە یەک ڕەنگ، ڕەنگ بکەن. هەر ئەوانیش هانـدەری پرۆژەی ڕۆژهەڵاتناسی و سڕینەوەی فەرهەنگە لاوازەکـان و توانــدنەوەیانن لەنێــو یەک دانە فەرهەنگــی زەبەلاحــی ڕۆژاواییــدا یــا ڕاســتتر ئەمەریکاییــدا و ئەمەریکاییانــدنی مرۆڤـــــایەتی و لەنێوێشــــیاندا جیهــــانی ئیســــلامی، بە کوردیشەوە.

ئەوەی ڕۆژهەڵاتناســی و ڕۆژهەڵاتناســان کردوویــانە، زۆر زانایــانە و ورد و بە کــاوەخۆ ئەنجامیــان داوە، ئەوان چـوونەتە بنجوبنـاوانی هەمـوو شـتێکی وڵاتـانی ئـێمەوە. ئەوروپاییەکی ڕۆژهەڵاتناس، کەسێکە بە جۆرێک شارەزای ڕۆژهەڵاتە، باوەڕت هەبێت لە تـۆ و مـن باشـتر، تـۆ و مـن دەناسـێت، هەر دەڵێت لەنـاو مێشـکماندایە. هەر دەڵێیـت ئەناتۆمییانە ئێمەی خوێندۆتەوە و مێشکی ئێمەی لەتوپەت کردووە و چووەتە نێـو هەمـوو قـوژبن و شـانەیەکیەوە و لێی گەیشتووە و وردی کـردۆتەوە. کە دەکەوێـتە نێـو ئەو جڤاکـانەی لەمەڕ خۆمـان، ئەوە هـیچ لە ئایینەوە(ئیسـلام، مەسیحی، جوو، یارسانی، ئێزدی، زەردەشتی، بەهـائی و..) دەسـت پـێ دەکـات، ئەوجـا دەچێـتە سـەر نەتەوە(کـورد، عەرەب، فارس، تورک، ئەرمەن و...)، دواتر دێتە سەر ئایینزا و مەزهەب(سـوونە، شـیعە، مـالیکی، شـافیعی، حەنەفـی، قــادری، نەقشــبەندی و...)، ئەوجــا هــۆز و خێڵ(جــاف، زەنگەنە، خۆشـناو، هەمەوەنـد و...)، پاشـان باسـی ئەوەت لەگەڵـدا دەکـات تـۆ کە نـوێژ دەکەیـت دەسـت دەگریـت یـا دەسـتت شـۆڕ دەکەیەوە، ئەوجـا باسـی شـێوەزار دێنێـتە

گۆڕێ، تـۆ دەڵێیـت «لـۆ» و ئەو دەڵێـت «بـۆ» و ئەوی دی دەڵێت «چما»، ئیدی هەمـوو ئەمـانە لێـک دەدەنەوە. ئەمە وەک پێوەرێک بۆ جۆری کارەکەیان، نەک تەنیـا بـۆ کـورد، بەڵـکە بـۆ تەواوی وڵاتـانی ئیسـلامی بە تـایبەت عەرەب. ئەمـان تـا ڕادەیەک کێشـەیان لەگەڵ میللەتـانی ناعەرەبـدا کەمترە، هەیانە تورکیایـان پـێ باشـە، ئێرانیـان پـێ خـراپە، لەبەر ئەوەی بێجگە لە سیاسـەت، ئێـران، ناوەکەیشـیان بە دڵ نیـیە، کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران! ئامـانجی ڕۆژاوا و سـەرمایەداریی جیهـانی و ڕۆژهەڵاتناسـان و تەنـانەت ڕۆژاوازەدەکـانی لەمەڕ خۆیشـمان، وردکـردنەوەی تـۆیە، وردکـردنەوەی هەمـوو بـوون و مێـژوو و بـاوەڕ و فەرهەنگتە. دەیانەوێت هیچـت پـێ نەهـێڵن، ئەوەی هەتە لە پێش چاوت بیسڕنەوە، بێبایەخ و بێبەهای بـکەن، سـووکی بـکەن. ئەوە پـوختەی پەیـامێکە، ڕۆژهەڵاتناسـی بە گـوێی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا دەیدات.

## شێوازی کاری هەندێک گرۆ و دەستەگەلێکی ئیسلامی لە ڕۆژاوادا

لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا، دەسـتەواژەی ئیسـلامی سیاسـی، ئیسلامگەرایی و ئیسلامیزم، لە ئاخاوتەی ڕۆژاواییانـدا زۆر جـار دەبیسـترێن. تەواوی ئەوانە دەسـتەواژەگەلێکن پێوەنـددار بە ئیـدیۆلۆگیگەلێکی سیاسـییەوە، کە گـرۆ و دەسـتە تونـداژۆکانی نێـو جیهـانی ئیسـلامی و پەلوپـۆ و باڵەکانیان لە دەرێی جیهانی ئیسلامی و لەنێو دڵی ئەورووپا

و ڕۆژاوا، لە چەمکەکـانی شــەریعەت و جیهـاد و... لەنێـو دەقە ئیســلامییەکاندا وەریانــدەگرن و دەریانــدەهێنن و بە جــۆرێکی دیــکە دەیــانخوێننەوە و لێکیــان دەدەنەوە و شــەرعییەتیان پــێ دەدەن، بــۆ وەدیهێنــانی ئامــانجە سیاسـییەکانی خۆیـان. وەهـا کـار و دیـدێک، ڕۆژاواییـان دەخاتە سەر ئەو ڕایەی، کە پێیان وا بێت، ئیسـلام، ئەمـڕۆ لە تەواوی جیهانـدا، بە هـۆی جیـاوازیی زۆرەوە لەنێـوان ڕەوت و بــاڵە بونیــادگەرایی و توندئاژۆکانیــدا، لە قەیرانــدا دەژی. هزرمەندانی جیهانی ئیسـلامی و ئەوانەی بە تەنـگ ئیسلامەوە دێن، دەبوو بۆ خۆیان، پێش ڕۆژاواییان درکیان بەوە کردبا، کە ئیسلامی ڕادیکاڵ یا ڕادیکـاڵیزمی ئیسـلامی، کاتێک دەبێتە دیاردەیەکی جیهـانگەری و بە بچـووکترین و بێبەهاترین تەحەددا هەڵدەچێت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە ئیسلام لە کێشە و قەیرانێکدا دەژی. ململانێـی مەزهەبـی و تائیفی، جەنگـی نێوخـۆیی، دژایەتیـی ئەوی دی، نەبـوونی یەکـدەنگی، نەخوێنـدنەوەی دروســت بــۆ پێشــهاتەکان و تاسەی گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو و دەستپێک، هەموو ئەوانە، لە وەڵاتگەل و جڤاکگەلێکی شکسـتخواردوودا، کە بـاس لە ئیسلام دەکەن و باس لە شەریعەت و دەسەڵاتی ئیسـلامی دەکەن و کە هزری ئیسلامی نەیتوانیوە کێشەکانی جیهانی ئیسلامی چارەسەر بکات یـا خـۆی نـوێ بکـاتەوە و وزە و دیـدیکی نـوێ بە ژیـانی موسـوڵمانان ببەخشـێت، هەمـوو ئەوانە، هێز بەو قەیرانە دەدەن و گیـانی بە بەردا دەکەن و

پتــر خــۆ لاواز و ڕۆژاوا و ڕۆژاوایەتــی و ئیمپریــالیزم و سەرمایەداری بەسەر جیهانی ئیسلامیدا زاڵ دەکەن.

**دوا وشە**

زۆرێـک لە تـوێژەرانی کـارا و پسـپۆڕ و شـارەزای لەمەڕ ئیسـلام لە ئەوروپـا و ئەمەریکـا، هەمـوو ژیـانی خۆیـان توێژینەوە لە ئیسلامدا دەکەن، بەڵام هەمیشە وەک ئایین و فەرهەنگێک تەماشای دەکەن، کە ناتوانن و پێیـان سـەختە خۆشــیان بوێــت یــا تەنــانەت پێــی سەرســام بــن. ئەو بیرکــردنەوەیە، ڕوون و خویــا لە جیهــانبینی و هــزری ڕۆژهەڵاتناساندا دەبینرێت. ئیـدوارد سـەعید هـیچ گومـانی لەوەدا نیــــیە، کە: «ڕۆژهەڵاتناســــی، دەربڕینــــی ڕق و کینەیەکـی سروشـتی و خۆڕسـکییە لە ئیسـلام»، کەچـی خەڵکی ڕۆژهەڵات و جیهـانی ئیسـلامی، هێشـتا لە پـێگەی سەرسامبوون و خۆبەکەمزانی و شاگردیەتییەوە دەنـۆڕنە ڕۆژاوا، کە ئەوە بــۆ خــۆی، ڕۆژاوازەدەیــیە! لە هــزری ئیسلامیدا بنەمـایەک هەیە، دەڵێت: «خیـر النـاس مـن نفـع النــاس»، واتە: باشــترین مــرۆڤ، بەکەڵکەکانیــانن. ئیـدی ئەوەی بەکەڵـکە و بـۆ مرۆڤـایەتی باشــە، لەســەر ســەر، ئەوەیشی بێکەڵکە و خێری مرۆڤایەتیی نەگەرەکە، نەفرەتی لێ بێت و خـودا لەنێـوی ببـات و تەفروتوونـای بکـات. لەم ســەردەمەدا، سیســتمی ســەرمایەداری، بنەمــا و هۆکــاری بەدبەختیی مرۆڤـایەتییە و هەر ئەویشــە جیهـانی لەنێـوان ڕۆژاوایەکــی تیروتەســەل و دەوڵەمەنـد و ڕۆژهەڵاتێکــی

برسـی و لات و پاشـکۆ و گرێـدراوی ڕۆژاوادا، دابەش کـردووە، کە ئەوەش بـووەتە بنەمـای ڕۆژهەڵاتناسـی و هەموو نەهامەتییەکانی دیکە. سەرمایەداری، لەو بێکەڵک و خراپـانەیە، چەنـد خێراتـر برمێـت و سیسـتمێکی دیـکەی مرۆڤـانە و ژینگەدۆسـت و دادپەروەر، جـێگەی بگـرێتەوە، مرۆڤ زووتر دەگاتە کەناری ئارامی.

❊ ❊ ❊

بـۆ ئامـادەکردنی ئەم بـابەتە، سـوودم لەم سـەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:


1. سعيد، إدوارد، الإستشراق، نقله إلـى العربيـة كمـال أبـو ديب، مؤسسة الأبحاث العربية، الطبعة الرابعـة، بيـروت- لبنان، 1995.
2. سعيد، إدوارد، تعقيبات على الإستشراق، ترجمة وتحريـر صبحي حديدي، المؤسسة العربيـة للدراسـات والنشـر، الطبعة الأولى، بيروت- لبنان، 1996.
3. شـاکەلی، فەرهـاد، دەرزیئـاژن، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر-کوردستان، 2009.

## کتێبە چاپکراوەکانی پرۆژەی بیری میانڕەو

1. *ئەرکی ئەمڕۆی گەنجی موسوڵمان* ن: یووسف قەرەزاوی و: شڤان ئیبراهیم

2. *ئایین لە سەردەمی زانستدا* ن: یووسف قەرەزاوی و: محەمەدی مەلا حەسەن

3. *ئەو ئیسلامەی بانگەوازی بۆ دەکەین* ن: یووسف قەرەزاوی و: شڤان ئیبراهیم

4. *ئافرەتانێکی باوەڕدار* ن: یووسف قەرەزاوی و: ڕووبار عومەر ئیبراهیم

5. *بوونی خوا* ن: یووسف قەرەزاوی و: حەسەن پێنجوێنی

6. *یەکتاپەرستی* ن: یووسف قەرەزاوی و: سالار عەبدوڕڕەحمان

7. *موسوڵمانان و جیهانگیری* ن: یووسف قەرەزاوی و: سەرکەوت جەلیل

8. *قسەگەلێک لەمەڕ میانڕەویی ئیسلامی* ن: یووسف قەرەزاوی و: هیوا مەحموود جاف

9. *ڕۆڵی قەرەزاوی لە چەسپاندنی میانڕەویی ئیسلامیدا* ن: ئەکرەم کەساب و: هیوا مەحموود جاف

10. *چارەسەری ئیسلام بۆ گرفتی هەژاری* ن: یووسف قەرەزاوی و: حەمەکەریم عەبدوڵڵا

11. *زانایەک و ستەمکارێک* ن: یووسف قەرەزاوی و: ئیحسان بورهانەدین

12. *ڕۆشنبیریی بانگخواز* ن: یووسف قەرەزاوی و: هێمن خورشید

13. *نەوەی سەرکەوتن* ن: یووسف قەرەزاوی و: یووسف مەلا خەلیل

14. *سیستەمی ستەمکاری، سەرهەڵدان و ڕووخانی* ن: قانع خورشید

15. *مرۆڤ و پەیامداری* ن: قانع خورشید

16. *مێژووی شێوێنراومان* ن: یووسف قەرەزاوی و: ئیکرام کەریم

17. *هۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕەوتی ئیسلامیی میانڕەو* ن: عومەر عەبدولعەزیز

18. *ئاو و ئاور* ن: هێمن خورشید

19. *ئایین و هەرا* ن: عومەر عەلی غەفوور

20. *حەسەن بەننا.. ڕابەری بێداری* ن: هیوا مەحموود

21. *قومێک ئاوی سارد بۆ گەروویەکی تینوو* ن: قانع خورشید

22. *سەلەفییەت، واتا و مێژوو* ن: قانع خورشید

23. *وەهابییەت، وتارێکی ڕەخنەیی* ن: حامد ئەلگار و: سەیوان عەلی

24. *پەیکەر و وێنە لەنێوان دەق و واقیعدا* ن: ڕێناس ئەحمەد

25. *ئەڤین، تەنیا بیانووی ژین* ن: قانع خورشید

26. *فووکردن لە خۆڵەمێش* ن: هێمن خورشید

27. *بۆچی ئیسلام؟* ن: یووسف قەرەزاوی و: ڕووبار عومەر ئیبراهیم

28. *عیشق لەنێوان عەقڵ و ئاییندا* ن: قانع خورشید

29. *ئایا موسولّمانان دەبنە حەفتاوسێ بەشەوە؟* ن: حاکم موتەیری، سەیید حەسەن سەققاف و: یووسف مەلا خەلیل

30. *بەخشینی نرخ (قیمەت) لە زەکات و سەرفیترەدا* ن: یووسف قەرەزاوی و: قانع خورشید

31. *مەلای گەورە، کوێخای دیوەخانی هزر و میوانی دیوانی شیعر* ن: قانع خورشید

32. *مرۆڤ و باوەڕ* ن: مورتەزا موتەههەری و: ئارام سەڵاح

33. *بەردبارانکردنی زیناکەر لە قورئاندا نییە* ن: موستەفا زەڵمی و: شڤان ئیبراهیم

34. *ئەڤین، تنێ حێجەتا ژینێ* ن: قانع خورشید و: ئەیاز عەبدوڵڵا مزرووری

35. *بۆ ئەو گەنجانەی دەچنە زانکۆ* ن: قانع خورشید

36. *دیاردەی هەڵگەڕانەوە لە دین* ن: قانع خورشید، ڕێناس ئەحمەد

37. *بۆ ئەوانەی وەکو خۆمن* ن: قانع خورشید

38. *سوننەت و بیدعەت* ن: یووسف قەرەزاوی و: محەمەدی مەلا حەسەن

39. *تێڕامانێک لە چەمکی بیدعەت* ن: محەمەد مەلا مەحموود تاوگۆزی، یووسف مەلا خەلیل

40. *گرفتەکە لە کوێدایە؟* ن: یووسف قەرەزاوی و: ئەحمەد حسێن

41. *ئایین و ناتوندوتیژی* ن: عومەر عەلی غەفوور

42. *بۆ ئەوانەی وەکو خۆمن ٢* ن: قانع خورشید

43. *دیوەکەی تری جەلالەدین* ن: قانع خورشید

44. *ئەبووحامدی غەززالی و تێڕوانینی بۆ زانستی کەلام* ن: قانع خورشید و: عەلی حسێن

45. *سەدەیەک گەڕانەوە بۆ قووڵایی مێژوو* ن: ئەمجەد شاکەلی

46. *گۆڕهەڵکەنەکان، ئەو ژیارەی گۆڕ بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەکەنێت* ن: ڕۆژێ گاروودی و: ئەحمەد حسێن

47. *لە شامەوە بۆ شیراز* ن: قانع خورشید

48. *تیرۆری فیکری* ن: یووسف قەرەزاوی و: میران مەجید

49. *ئاریشەکانی ئەوین* ن: مستەفا مەحموود و: سەرمەد ئەمیر

50. *بۆ ئەوانەی وەکو خۆمن ٣* ن: قانع خورشید

51. *فیقهی ڕۆژوو* ن: یووسف قەرەزاوی و: یووسف مەلا خەلیل

52. *خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی* ن: ئەمجەد شاکەلی

53. *کتێبێک بانتر لە خەیاڵ* ن: محەمەد سەعید ڕەمەزان بووتی و: میران مەجید، محەمەد شافیعی

54. *باسوخواسی بەندایەتی و ئەوینداری* ن: عەبدولکەریم سرووش و: عەلی حسێن

55. *گەڕان بە دوای مانادا* ن: ترینا پۆڵەس و: قانع خورشید، هاروون ماهووتی

56. *هونەری سادەنووسی و جواننووسی* ن: ڕەزا بابایی و: عەلی حسێن

57. *زێدەڕۆیی لە ئایندا* ن: عومەر عەبدولعەزیز و: هاوکار قادر خانەقایی

58. *نووری بوونت لە ئاوێنەی گشت هەبوویەکدا دەبینم* ن: قانع خورشید

59. *لەبارەی تەنیاییەوە* ن: قانع خورشید

60. *زمـــانی کـــوردی، پێویســـتیی پاراســـتنی، مەترســـیی هەڵوەشانەوەی* ن: عەلی حسێن

61. *ئـاوڕدانەوەیەک لە ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵاتناســی* ن: ئەمـجەد شاکەلی